دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە



## پەیامی پیرۆزبایی «مستەفا هیجری» بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان

لە ڕۆژی جیهانیی منداڵاندا، وێڕای پیرۆزبایی ئەم ڕۆژە لە منداڵانی کوردستان و ئێران،
هیوا دەخوازین کە دونیایەکی ئازاد و ژیانێکی شاد بۆ منداڵان وەدی بێت.
کۆمەڵگا، بە پەروەردەیەکی دێموکراتیک و دڵنیایی لە داهاتوویەکی گەش بۆ منداڵان،
ژیانێکی ئاسوودەتری دەبێت.
ڕۆژتان پیرۆز منداڵانی نیشتمان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری
١ی ژوئەنی ٢٠٢٠ی زایینی

ژمارە ٧٧٥، پێنجشەممە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی، ٤ی ژوئەنی ٢٠٢٠

www.kurdistanmedia.com


دیمانەی تیشک
٤


«ناتوانم هەناسە بکێشم!
٦


بۆچی ڕێژیمی ئاخوندی پێشوازی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکات؟
٨


لە زاری پارێزەرانی ولاتەوە
١٠

# گەڕانەوەیەکی سەرفرازانە




«عوسمان مستەفاپوور» پاش ٢٨ ساڵ بەندکران و خۆڕاگری لە چاڵڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدا، گەڕایەوە باوەشی بنەماڵەکەی و لەلایەن هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکراتەوە پێشوازیی لێکرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٨ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی، «عوسمان مستەفاپوور» زیندانیی دێرینی کورد کە ماوەی زیاتر لە ٢٨ ساڵ لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا بوو، سەربەرزانە گەڕایەوە نێو هاوڕێ و هاوسەنگەرانی و لەلایەن هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزب بە سەرپەرەستیی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشوازیی لێکرا. لەو دانیشتنەدا «مستەفا هیجری» ڕێزی لە خۆڕاگری و خەباتی «عوسمان مستەفاپوور» گرت کە لە ماوەی زیندانیبوونیدا هەمیشە بە سەربەرزی مایەوە.

ناوبراو لە ماوەی زیاتر لە ٢٨ ساڵ زیندانیدا بۆ یەک ڕۆژیش مەرەخەسیی پێنەدرا و تەنانەت ئیزنی پێنەدرا لە سەرەخۆشیی دایک و باوکیشیدا بەشداری بکات.

«عوسمان مستەفاپوور» وێڕای خۆشحاڵیی خۆی بۆ گەڕانەوەی بۆ ناو حیزبی دێموکرات باسی لەوە کرد: « من وەک پێشمەرگەیەک لە سەنگەری خەبات دا بوومە و لێرە هاتوومەتەوە ناو حیزبی دێموکرات هەتا بەوپەڕی شانازییەوە درێژە بە خەبات بدەم».

«عوسمان مستەفا پوور»، مانگی پووشپەڕی ساڵی ٧٠ی هەتاوی، لە ناوچەی «تەرگەوەڕ»ی ورمێ دەسبەسەر و دواتر بە تۆمەتی «ئەندامەتی لە حیزبی دێموکرات و شەڕ بە دژی ڕێژیم» بە ئێعدام مەحکووم کرا کە ئەو حوکمە لە دیوانی باڵای وڵات، بە دوو حوکمی ٢٥ ساڵ و ١٠ ساڵ زیندانی گۆڕدرا و دواجار لە تەمەنی ٥٣ ساڵیدا و پاش زیاتر لە ٢٨ ساڵ زیندانیبوون، ئازاد کرا.

ئازادبوون و گەڕانەوەی بەڕێز مستەفاپوور بۆ نێو بنەماڵەکەی خوشحاڵیی بیوێنەی ئەندامان و تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی کوردستانی لێکەوتەوە؛ کۆمەڵێک لە زیندانییانی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەبۆنەی گەڕانەوەی زیندانیی سیاسیی کورد «عوسمان مستەفاپوور» بۆ نێو ڕیزەکانی شۆڕش، پەیامێکی پیرۆزباییان بڵاو کردەوە کە تێیدا وێڕای پیرۆزبایی وتن بە بەڕێزیان ڕایانگەیاندووە: «ئێمەش لەو ڕۆژە خۆشەدا، لەگەڵ ڕێبازە پیرۆزەکەمان لە حیزبی پێشڕەو و شۆڕشگێڕ و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەرانی شەهید و هەزاران شەهیدی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا دوادڵۆپی خوێنمان بۆ ساتێکیش دەست لە خەبات و تێکۆشان لە پێناو مافی ڕەوای کورد هەڵنەگرین. بە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش بەڵێن دەدەین، چ لە شار بین یان لە شاخ یان لە سەنگەری بەندیخانە تاریکەکانی ڕێژیمی ئیسلامی، لە تێکۆشان و خەبات بەردەوام دەبین.»

لەلایەکی دیکەشەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری سەقز لە دووتوێی پەیامێکدا وێڕای پیرۆزبایی لە عوسمان مستەفاپوور ڕایانگەیاند: «حیزبی دێموکرات لە چوارچێوەی خەبات و بەرەنگاریی ڕەوادا ڕێبەرایەتیی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کردووە. هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرانبەر دوژمنی تەیار بە چەکوچۆڵی پێشکەوتوو و دەزگای زەبەلاح و پڕ لە درۆ و پڕوپاگاندای چەواشەکارانەی ڕێژیمدا قارەمانانە خاوەنداریەتیی لە شۆڕش و مانەوەی کوردستان و کورد کردووە و لە شەڕی زبر و نەرمدا بەردەوام شکستی بە ڕێژیمی ئاخوندی هێناوە. ئەو سەنگەرە بە کەسانی وەک کاک «عوسمان مستەفاپوور» ئاوەدانتر و قایمتر بووەتەوە.»

هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بۆکان، بە نووسینی پەیامێک پیرۆزبایی گەڕانەوەی «عوسمان مستەفاپوور» بۆ نێو حیزب و هاوسەنگەرانیان کرد و ڕایانگەیاند: « هەموومان بۆ بەرزیی خاکی نیشتمان، سەر و ماڵمان بۆ ئازادی دەکەین بە قوربان، جەلادانی کۆماری سێدارە بە بیری تەسک و چەقبەستوویان وایانزانی دوای ٢٨ ساڵ بەندکردن و ئەشکەنجەدان چۆکیان بە قوتابییانی «قازی، قاسملوو و شەرفکەندی» داداوە و لە بیر و باوەڕی کوردایەتی پاشگەز بوونەتەوە. پێیان وایە گرتن و لێدان، زیندان و ئەشکەنجە هەنگاومان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی بێهێز دەکات، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، چەوسانەوەم بەهێزترم دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجی بەرزی ڕزگاریی خاک و خەڵکەکەم. دوای ٢٨ ساڵ ناحەقی و دڵڕەقی کە بەرانبەرم کرا، زۆر لە جاران بەگوڕتر گەڕامەوە نێو بنەماڵەکەم کە پێتان بڵێم، تاک بە تاکی خەڵکی کوردستان لە بنەماڵەی منە و بنەماڵەی من حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. هاتووم هەتا خەباتی شاخ و شار گەرم و گوڕتر بکەم، شان بە شانی هاوڕێ و هاوسەنگەرانم ڕاسان بەرەو لووتکە ببەین بۆ وەدیهێنانی ئامانجی پیرۆزی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی و خەڵکی بەئەمەگ و خۆشەویستی کوردستان.»

# داهاتوو هەڵمەقرچێنن!

ڕۆژانی ڕابردوو هەر وەک پێشبینی بۆ دەکرا، ڕۆژانێکی سەخت و دژوار بوو بۆ زاگرۆس و دانیشتووان و گیانلەبەرەکانی.

سەدان هێکتار لە دارستانەکانی زاگرۆس ئەمساڵیش هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو و زیاتر لە جاران کەوتنە بۆسەی ئاگر و بێبەزەییانە سووتێندران و جیا لە سەدان بن دار کە بوونە خەڵووز، هەزاران ئاژەڵ و گیانلەبەریش یان لەنێوچوون یان هێلانەکانیان خاپوور کرا!

ئاگرگرتنەکانی ئەمساڵ کە لە کۆتاییەکانی بانەمەڕەوە دەستیان پێکرد زۆربەی هەرەزۆری دارستانەکانی لە ئیلام و کرماشان و خوزستانەوە بگرە تا دەگاتە پارێزگای سنەی گرتەوە و خەسارێکی قورس و قەرەبوونەکراوی بە ژینگەی زاگرۆس گەیاند.

درەخت و دارستان هێمای جوانی و ژین و ژیانە و ئێمە بۆ درێژەدان بە بوون و مانی خۆمان قەرزداری دار و دارستانەکانین. گرنگی دارستان بۆ هەماراوکردنی ئاو،دابینکردن ئۆکسیژێن و نەهێشتنی گازە خەسارهێنەرەکانی وەک دی‌ئۆکسیدی کەربۆن، مێوە، خواردنەکان، کاروباری پزیشکی و کۆمەڵێک بەرهەمی بەنرخی تر و هەروەها ڕێگری کردن لە لافاو و پاراستنی خاک ئەمڕۆکە شتێکی زانستی و ڕوون و ئاشکرایە.

بەڵام لای ئێمە بەلەبەرچاونەگرتنی هەموو پێوەرێکی زانستی و عەقڵانی،زۆربەی دارستانەکانی زاگرۆس کە دەکرێ وەک بەشێک لە ناسنامە و شوناسی خۆمان سەیری بکەین کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی سووتاندن و لەناوچوون،وە شاڵاوی پاکتاو لەکۆڵیان نابێتەوە و کەسیش جگە لە چەند گرووپێکی خەڵکیی دڵسۆز بە هانایانەوە ناچێ.

ئەوەیکە لە ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژەدا بینراوە لەڕاستیدا «بەئەنقەست»بوونی ئاگرکەوتنەوەکانە کە دۆخەکەی لە هەندێ ناوچەدا لە قۆناغی نیگەرانییەوە گواستووەتەوە بۆ حاڵەتی قەیران.

بەوتەی شایەتحاڵانیش ئەوەیکە زیاتر پەرەی داوە بە ئەم دۆخە نەخوازراوە بریتی بووە لە کەمیی هێزی ئینسانی و تەنانەت نەبوونی هێزی ئینسانی شارەزا، کەمیی کەلوپەلی ستاندارد بۆ کۆنترۆڵ یان کوژانەوەی ئاگرەکە و گوێنەدانی لایەنە پیوەندیدارەکان.

لەم پێوەندییەدا پێویستە ئاماژە بە زەعفێکی سیستماتیکی ڕێژیم بکرێ کە زۆر گرینگە ئەویش ئەو کەتوارەیە کە بەپێی بڕیاراتی خودی ڕێژیم سپای پاسداران و وەزارەتی بەرگری بەهۆی ئەوەیکە خاوەن چەندین جۆر هێلیکۆپتێرن دەبێ لە کاتی ئاگرگرتنی لێڕەوار و دارستانەکاندا یارمەتیدەری هێزە خەڵکییەکان و ئۆرگانەکانی پاراستنی ژینگە بن بەڵام ئەوەیکە لە کردەوەدا بینراوە نەتەنیا هاوکاری کردن نەبووە بەڵکوو کارشکێنی و ئەنجامنەدانی مەئمورییەتەکان بووە؛ بۆ نموونە بەپێی هەواڵی هەواڵدەرییەکانی خودی ڕێژیم ڕێکەوتی ١٠ی جۆزەردان سەرۆکی دەزگای بەرنامە و بودجە بڕی ١٥ میلیارد تمەنی بۆ دابینکردنی کەلوپەلی کوژاندنەوەی ئاگرەکان تەرخان کرد و ڕادەستی سپای پاسدارانی کردووە بەڵام سپا لەجیاتی دابینکردنی ٣٠ هێلی کۆپتێر بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکان تەنیا ٢ هێلی کۆپتێری تەرخان کردووە.

ئەمە تەنیا نموونەیەکی زۆر بچووکە ولەو دەیان و سەدان حاڵەتەی تر کە ئۆرگانەکانی وەک سپا دارستانەکانیان کردووەتە قوربانی لەپیناو قازانجەکانی خۆیان کە ڕەنگە بۆ خودی سپاش نەبووبێ و تەنیا لە گیرفانی هەندێ بەرپرسی پایەبەرزی سپادا بتوانی ئەو پارە کەلانە بدۆزیتەوە!

بەپێی ئەو وەزعیەتەی کە شرۆڤەی بۆ کرا ڕوون دەبێتەوە کە دانیشتووانی زاگرۆس و خەمخۆرانی ئەم نیشتمانە نابێ بە هیچ شێوەیەک چاوەڕوانی ئەوە بن کە ڕێژیم هەوڵ بۆ پارێزگاری کردنی دارستان و ژینگەی زاگرۆس بدات بەڵکوو بەپێچەوانەوە خەڵک تەنیا خۆیانن کە دەبێ لەم هەلومەرجە هەستیارەدا ڕێگایەکی تر و ئاڵتێرناتیڤێکی دیکە بدۆزنەوە بۆ پەیوەندی ڕەوا و لۆژیکی لەگەڵ دارستانەکان و چالاکی خۆڕسک ڕێک خەن بۆ چاندنی نەمام و خاوێنکردنەوەی سروشت و ژیانەوەی ژینگە؛

هەروەها هەوڵ بدەن بۆ بەخێوکردن و پاراستنی ئەم نەمامانە کە لە داهاتوودا دەبنە دار و دارستان کە ئێمە و نەسڵەکانی دوای ئێمە لەبەر سێبەرەکانیان پشوو دەدەین و دەحەسێینەوە و لە بەرهەمەکانیان قازانج وەردەگرین.

### پەیڤ

## ئاساییکردنەوەی مەرگ

**کەریم پەرویزی**

کاتێک شتێک ئاسایی دەبێتەوە، هەستیاریی بینەر بەرامبەر بەو ئۆبژەیە، کەم و کەمتر دەبێتەوە، تا ئەو جێگەیەی کە گەر ڕۆژێک ئەو دیاردەیە نەبینێ لای سەیر دەبێ و مێشکی پێی هەستیار دەبێ کە ئەوە بۆچی نەماوە و دیاری نییە!

هەڵهاتنی خۆر و بەخشینەوەی تیشکی ئافرێنەر، شتێکی ئاساییە و کزبوونی تیشکەکانی لە ڕۆژێکی هەتاویی هاوینیدا وەکوو ڕووداوێکی دەگمەن جێی پرسیار دەبێ.

ئەمە لای دەسەڵاتداری سەرڕۆ کراوە بە بنەما و ئەسڵێک بۆ ئەوەی خەڵک، نارەزایی بەرامبەر بە شتێک دەرنەبڕن، ئەوەندە دووپاتی دەکەنەوە تاکوو خەڵک بە ئاسایی وەریبگرن و پێی ڕابێن.

لە وڵاتی ئامریکادا کە لە ئاستی جیهاندا بە نوێنەری دێموکراسی و ئازادیی خۆی دەناسێنێ، ڕۆژانە سەدان کەس بە نەخۆشیی کۆرۆنا دەمرن و هەرچەند خەڵکی نیگەران کردووە و ترسی نەخۆشی و مەرگ، خەڵکی لە ژیانی ئاسایی دوور خستۆتەوە، مەرگی زیاتر لە سەد هەزار کەس نەبۆتە هۆی تووڕەیی کۆمەڵگا، بەڵام کە کەسێک بە بێتاوان بەبەرچاوی کۆمەڵگاوە لە ژێر پێی پۆلیسێکدا دەکوژرێ، تووڕەیی سەرتاپای کۆمەڵگا دەگرێ و دەست بۆ ئاگرتێبەردانی سەمبۆلەکانی ئەو کەسە مرۆڤکوژە دەبەن. چوونکە کۆمەڵگا کوشتنی کەسانی بێتاوانی لەلا ئاسایی نییە و بەوە ڕاهاتووە کە پۆلیس دەبێ گیانی کۆمەڵگا بپارێزێ نەک گیانیان لێ بستێنێ.

ئەمە لەکاتێکدایە کە گیانی مرۆڤەکان لای کۆمەڵگای دیکە و سیستمی دیکە بە جۆری دیکەیە! سیستمی کۆلۆنیالیستیی حاکم لە سەر ئێرانیش لەو سیستمانەیە کە بەردەوام تاوان دەخولقێنێ تاکوو بوونی تاوانەکانی بە ئاسایی وەربگیرێ و نەبوونی تاوان ببێ بە ڕووداوێکی جێی سەرسووڕمان!

زیاتر لە چوار دەیەیە، کە ئیدئۆلۆژیی چەقبەستووی ویلایەتی فەقیهی، پڕوپاگاندەی ئەوە دەکا کە مرۆڤ لە بەرامبەر نیزامی حاکمدا هیچ نییە و گیانی مرۆڤ دەبێ ببێ بە قوربانی تاکوو سیستم بەردەوام بێ.

ئەم ڕوانین و ڕوانگەیە بۆ مرۆڤ، بە برسیکردن و نەبوونی ئیمکاناتی پزیشکی و ڕێگاوبانی خراپ و نەبوونی بیمەی دەرمانی و بیمەی کرێکاران و

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی پیرۆزبایی «مستەفا هیجری» بەبۆنەی جێژنی پیرۆزی ڕەمەزانەوە



«مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی جێژنی پیرۆزی ڕەمەزانەوە، پەیامێکی پیرۆزبایی بڵاو کردەوە.
دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:
جێژنی ڕەمەزان لە هەموو موسڵمانان، بەتایبەت لە هاونیشتمانییانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بنەماڵەی شەهیدان و زیندانییانی سیاسی پیرۆز بێت.
بە هیوای جێژنی ئازادی و ڕزگاری لە چنگی ڕێژیمی دژی ئازادیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.
هەموو ڕۆژێکتان جێژن بێت.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٣ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لەبارەی هەندێک پرسی سیاسی و حیزبی کۆبوویەوە




ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی چەندین پرسی سیاسی و تەشکیلاتی کۆبوویەوە و ڕاگەیەندراوێکی لەمبارەوە بڵاو کردەوە.
دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:
ڕاگەیەندراو بەنیسبەت کۆبوونەوەی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
هاونیشتمانیانی بەڕێز
کادر و پێشمەرگەکان،
ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات
بە ئاگاداریتان دەگەیەنین کە کاتژمێر ٩ی بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ١١ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٣١ی مەی ٢٠٢٠ی زایینی، کۆبوونەوەی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ باس لەسەر هەندێک پرسی سیاسی و حیزبی پێک هات.
لەو کۆبوونەوەیەدا سەرەتا چەند بابەت و پرسی سیاسی و تەشکیلاتی لەلایەن لێپرسراوی گشتیی حیزبەوە خرانە بەر باس و دواتر بەشدارانی کۆبوونەوەکە بە تێروتەسەلی لە سەر هەر یەک لە باس و بابەتەکان ڕاو بۆچوونی خۆیان دەربڕی.
هەندێک لە باسەکانی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە:
یەکەم: گرفتێکی تەشکیلاتی کە لە ماوەی ڕابردوودا هاتبووە ئاراوە و ڕاوبۆچوونی جیاوازی لە نێو حیزبدا لەسەر هەبوو، بە وردی خرایە بەر باس و تاوتوێ کرا و کۆبوونەکە لەو پێوەندیەدا بڕیاری دا کە ئەو بابەتانەی لە دەسەڵاتی کۆنگرە دایە بۆ کۆنگرەی بەجێ دێڵێ و ئەو بەشەی کە لە سەلاحیەت و دەسەڵاتی ڕێبەریدایە، بەپێی یاسا حیزبییەکان و ڕێنوێنیەکانی کۆبوونەوەکە بە دەزگا پێوەندیدارەکان بۆ چارەسەرکردن ئەسپێردران.
دووهەم: لە ماوەی ڕابردوودا کە ئەو باسانە لە نێو حیزبدا هەبوون، بەداخەوە ڕەنگدانەوەی خراپی لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە شێوەی ناشیرین و هەروەها بە ناوی خوازراو و جەعلییەوە، هەبوو.
ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای پێداگری لە سەر دەربڕینی بیروڕای ئازاد لە نێو حیزبدا، ئەو جۆرە سووکایەتی و دەربڕینە ناشیرینانە مەحکووم دەکا و بە زیانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد دەزانێ و داواکارە کە هەموو ئەندامانی حیزب لەو شێوە دەربڕین و باسانە خۆ ببوێرن.
سێهەم: لە کۆبوونەوەی ڕێبەرایەتیی حیزبدا پرسی یەکگرتنەوە لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو خرایە بەرباس و پێ لەسەر بڕیاری کۆنگرەی شانزدەهەمی حیزبی دێموکرات و بەجیددی هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوە داگیرایەوە.
لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بە بڕیاری جەمعیی ڕێبەرایەتیی حیزب، پێداگری لەسەر دۆزینەوەی ڕێگاچارەکان بە گیانی هاوڕێیانە و لە ڕێگای دیالۆگی بۆنیاتنەرەوە جەخت کرایەوە.

**ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١١ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی**
**٣١ی مەی ٢٠٢٠ی زایینی**

# پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان




بەڕێز، مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان
وێڕای سڵاوێکی خەباتگێڕانە
بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەبۆنەی ٤٥ـەمین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە ڕۆژی ١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥ی زایینی لەلایەن سەرۆک مام جەلال تاڵەبانی و پۆلێک لە هاوبیرانی لە ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزرا، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز و سەرکردایەتیی یەکیەتی و هەموو ئەندامان و جەماوەری تێکۆشەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەین و سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەو ڕێبازە و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان.
بەڕێزان!
دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە بارودۆخێکی هەستیار و مێژوویی گەلەکەماندا بوو. هاتنەوە گۆڕەپانی خەبات لەلایەن ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، ئیرادەی خەباتگێڕانی گەلی کوردی لە بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان و ڕێژیمە فاشیستەکانی ناوچەی دەرخست کە بە درێژایی مێژوو نکۆڵییان لە بوونی نەتەوەی کورد و مافە ڕەواکانی کردووە.
لەم ڕێبازەشدا بە دەیان هەزار کادر و پێشمەرگە و ئەندام و خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان گیانیان لە پێناو ئامانجەکانی گەلدا بەخت کردووە و مێژوویەکی پڕ لە سەروەرییان بۆ گەلی کورد تۆمار کردووە. لەم خەباتە شۆڕشگێڕانە و پڕ لە سەروەرییەدا یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ڕۆڵێکی خەباتگێڕانەی گێڕاوە و لە دەستەبەربوونی بەشێک لە مافەکانی گەلی کورد و بنیاتنانی پارلمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستاندا دەورێکی کاریگەری بووە و هەیە.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەری مەزنمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، بە درێژایی مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرکردایەتیی ڕێزدار مام جەلال تاڵەبانی و ڕێبوارانی ڕێبازەکەی، بنیاتنەری پێوەندییەکی سیاسی، نەتەوەیی و نیشتمانی بووە و لە زۆر قۆناغی خەباتدا لە یەک مەتەرێزدا دژی داگیرکەرانی کوردستان خەباتیان کردووە و لاپەڕەکانی مێژوویان بە خوێنی پێشمەرگە قارەمانەکانی هەر دوو لا ڕازاندووەتەوە. هەر بۆیە بە ئەرکی سیاسی و نەتەوەییمان دەزانین کە لەم بۆنە مێژووییەدا پیرۆزباییتان لێ بکەین و لە بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجە سیاسییەکانتاندا ئاواتی سەرکەوتنی زیاترتان بۆ بخوازین.

**بەرز و پیرۆز بێت ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای پێوەندییە گشتییەکان**
**محەممەدنەزیف قادری**

# پەیامی ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی ساڵڕۆژی ئێعدامی ٥٩ لاوی مهابادی لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە




نلە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاویدا، ٥٩ لاوی شاری مهاباد لەلایەن ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ئێعدام کران. ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە دوای ئەوەی وڵامی پەیامی ئاشتیخوازانەی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانیان بە دەرکردنی فەرمانی جیهاد و هێرشی سەرتاسەری بۆ سەر خاک و خەڵکی کوردستان دایەوە، ڕووبەڕووی بەرەنگاریی خەڵک و هێزە سیاسییەکان و هەروەها ئیرادەی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوونەوە. ئەوان کە بە خەیاڵ هیوا و هۆمێدیان لەسەر بەچۆکداهێنانی بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان هەڵچنیبوو، لە بەرانبەر داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و بەرەنگاری و ئازایەتیی هێزی پێشمەرگەدا دۆشداماو و سەرکز مانەوە. بۆیە بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستەکانی خۆیان قین لەدڵانە پەلاماری خەڵکی بێدیفاعی کوردستانیان دا و تەنیا لە یەک ڕۆژدا ٥٩ لاوی شاری مهابادیان بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێن و هیچ تاوانێکیان لەسەر ساغ بووبێتەوە، ئێعدام کرد.
ڕەوتی گرتن، ئەشکەنجە، دادگاییکردن و لە کۆتاییدا سەپاندنی سزای قورس بەسەر تێکۆشەرانی کوردستان و لەسێدارەدانیان لە چوار دەیەی دەسەڵاتداریتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لاپەڕەیەکی ڕەش و پڕ لە تاوان و جینایەتی ئەم ڕێژیمەیە. ڕەشەکوژیی زیندانییانی سیاسی تەنیا بە تاوانی کورد بوون، لە چەند بڕگەیەکی ئەم مێژووە ڕەشەدا دووبارە و چەند بارە بووەتەوە. سەپاندنی حوکمی قورس بەسەر زیندانییانی کورد و لەسێدارەدانیان، بەشێکە لەو شەڕە ناڕەوا و دژیگەلییەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان و مافە ڕەواکانی زیاتر لە چل ساڵە بەڕێوەی دەبات و تا ئێستاش درێژەی هەیە. بەشی زۆری زیندانییانی سیاسیی ئێران کە لە بەندیخانەکانی ئەم ڕێژیمەدا سزای قورس و ناڕەوای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێندراوە کوردن کە جیا لە مافخوازی هیچ تاوانێکی دیکەیان نییە.
ئامانج و مەبەستی ڕێژیم لە ئێعدامی ٥٩ لاوی مهابادی لە ١٢ی جۆزردانی ساڵی ١٣٦٢ و درێژەدان بەم ڕەفتار و سیاسەتە جینایەتکارانەی، چاوترسێنکردنی خەڵکی کوردستان و تێکشکاندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران بووە. بەڵام وەک تا ئێستا خەڵکی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی سەلماندوویانە، لەم پێوەندییەدا ئەوەی بۆ ڕێژیم ماوەتەوە کارنامەیەکی پڕ لە غەدر و جینایەتە و هیچی دیکە.
چونکی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان نەتەنیا بە لەسێدارەدانی لاوان و تێکۆشەرانی پەکی نەکەوتووە، بەڵکوو ڕۆژلەگەڵ ڕۆژ لە پەرەئەستاندندایە و ئێعدام و سێدارە بەلای خەڵکی کوردستانەوە وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ماهییەتی وجوودیی ئەم ڕێژیمە پێناسە دەکرێت. «کۆماری سێدارە»، ئەو تەعبیر و تاریفە بەجێ و چەسپاوە بوو کە هەر زوو خەڵکی کوردستان بۆ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان بەکار هێنا.
لە یاد و بیرەوەریی ٣٧ ساڵەی ئێعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ کەس لە لاوانی شۆڕشگێڕی شاری مهاباددا، سڵاو دەنێرین بۆ یاد و ئامانجە بەرزەکانیان.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٢ی جۆزەردانی ١٣٩٩**

## بانگەوازی ناوەندی هاوکاری سەبارەت بە سووتانی دارستانەکانی کوردستان

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

خەڵکی بەهەڵوێستی کوردستان، ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان، تێکۆشەرانی ژینگەپارێز!

هەر وەک هەموو لایەک ئاگادارن، ماوەی چەند ڕۆژێکە دیسان جەنگەڵ و دارستانەکانی زاگرۆس لەلایەن دوژمنانی ژینگەی کوردستانەوە ئاگریان تێبەردراوە و هەتا ئێستا سەدان هێکتار لەو لێڕەوارانە لە ناوچەکانی مەریوان، باینگان، مەرەخێڵ، هەجیج، داریان، دالاهۆ و پاوە و زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان لە ئاگردا سووتاون. ئەوە یەکەمجار نییە کە ژینگەی کوردستان و بەتایبەت لێڕەوار و دارستانەکانی لەلایەن دوژمنانی وڵاتەکەمانەوە بە مەبەستی لەنێوبردن ئاگریان تێ بەردەدرێت و بەشێکی زۆریان دەسووتێن و لەنێو دەچن. ساڵانی ڕابردووش لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار و هاوین لە سەرانسەری کوردستان هەر لە ماکۆوە بگرە هەتا ئیلام و لوڕستان ئەو ڕووداوانە دووپاتە و چەند پاتە بوونەتەوە و لەم ساڵانەدا بەداخەوە بە هەزاران هێکتار لەو سەرمایە نەتەوەییانەی وڵاتەکەمان لەنێو چوون و تێک دراون.

دیارە ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لە وەرزی گەرمادا ڕەنگە لە زۆر وڵاتی دیکە لە جیهاندا ڕووبدات، بەڵام ئەوەی ئەم ڕووداوانەی کوردستان لە هەموو شوێنێک جودا دەکاتەوە ئەوەیە کە لە وڵاتانی دیکە لە ئەگەری هەر ڕووداوێکی لەو چەشنە دەوڵەت و لایەنە بەرپرسیارەکانی ئەو وڵاتە دەستبەجێ دەکەونە هەوڵی بێوچان بۆ کۆنترۆڵکردن و کوژاندنەوەی ئاگرەکە، بەڵام لە کوردستان دەوڵەت و شوێنە فریاگوزارییەکان نەتەنیا هیچ هەنگاوێک بۆ کوژاندنەوە و ڕزگارکردنی ژینگە و دارستانەکانی کوردستان هەڵناگرن بەڵکوو زۆر بە ئاشکرا ڕێگری دەکەن لە هەوڵی خۆبەخشانەی خەڵک و چالاکان و خەمخۆرانی ژینگەپارێزی کوردستان کە بە دەستی بەتاڵ و بەبێ هیچ کەرەستەیەکی ئاگرکوژاندنەوە ڕووبەڕووی دۆخەکە دەبنەوە و دەیانهەوێت ژینگەی وڵاتەکەیان لە سووتان و لەنێوچوون بپارێزن.

چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزانی کوردستان لە زۆربەی شارەکاندا ساڵانێکە ڕێکخراوی جۆربەجۆریان بە مەبەستی وشیارکردنەوەی گشتیی خەڵک و هەوڵی بێوچان بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرانەی کە لە دارستانەکانی کوردستان ڕوو دەدەن، پێک هێناوە، بەڵام دەوڵەت و بەتایبەتی لایەنە ئەمنییەتییەکانی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعات و سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامی نەتەنیا هیچ هاوکارییەکی ئەو ڕێکخراوانەیان نەکردووە بەڵکوو بەردەوام تەنگوچەڵەمەیان لە بەردەمیاندا دروست کردووە و جاریش وایە بە تۆمەتی جۆربەجۆر لەلایەن ئیتلاعات و سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کراون و حوکمی قورسیان بەسەردا سەپاندوون. تەنانەت لە ڕووداوێکی گوماناویی ئاگرتێبەردان بە دەستی سپای پاسداران و هەوڵی ژینگەپارێزانی خەمخۆری وڵاتەکەمان بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە، دوو ساڵ لەوەپێش لە ناوچەی مەریوان چوار کەس لەو تێکۆشەرانە کە دیارترینیان چالاکی بەناوبانگی ئەو بوارە «شەریف باجوەر» بوو لە ئاگردا سووتان و شەهید بوون.

ئێستاش هەر وەکوو ساڵانی پێشوو ئەو ئاگر تێبەردانانە لەلایەن دوژمنانی وڵاتەکەمانەوە بەردەوامە و لەم چەند ڕۆژەدا کە دارستانی ناوچەکانی دالاهۆ و پاوە و مەریوان لە ئاگردا دەسووتێن، لایەنە بەرپرس و پێوەندیدارەکانی حکوومەت هیچ هەوڵێکیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو دارستانانە نەداوە و سەرەڕای هەوڵی بێوچانی خەڵک و بەتایبەت ژینگەپارێزانی ئەو ناوچانە، بەداخەوە ئاگرەکە لە تەشەنەکردندایە و تا دێ زەرەر و زیانی زیاتر لەو سامانە نەتەوەییەی وڵاتەکەمان دەدرێت.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای سپاس و ماندوو نەبوونی لە هەوڵ و هیممەتی چالاکان و ژینگەپارێزانی دەروەستی وڵاتەکەمان بۆ کوژاندنەوە و کۆنترۆڵکردنیی ئەو ئاگرانە داوا لە هەموو لایەنە بەرپرسەکانی بواری پاراستنی ژینگە لە ئێران و ناوچەکە و لە جیهان دەکات کە فریای ژینگەی کوردستان بکەون و نەهێڵن دارستان و لێڕەوارەکان و بەگشتی ژینگەی کوردستان لە ئاگری ڕقی ڕێژیمی ئیسلامیدا بسووتێن و لەنێو بچن. داوا لە ناوەندە جۆربەجۆرەکانی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات دەکەین کە ئەوەی لە دەستیان دێت بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕێکخراوە جیهانییەکان و بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ڕاکێشانی سەرنجیان لەسەر سووتمانەکانی ژینگە و دارستانەکانی کوردستان دریغی نەکەن و هەموو لایەک لەو کارەساتە ژینگەییە ئاگادار بکەنەوە کە بەرپرسایەتییەکەی لە ئەستۆی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە.

لە کۆتاییدا داوا لە خەڵکی بەهەڵوێستی کوردستان دەکەین کە لە ئەگەری هەرچەشنە ڕووداوێکی هاوشێوەدا بە هانای خەمخۆران و ژینگەپارێزانی وڵاتەکەمانەوە بچن و ڕێگا نەدەن ژینگەی کوردستان و سەروەت و سامانی نەتەوەییمان وا بە ئاسانی لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامی و ناوەندە ئەمنییەتییەکانیەوە بسووتێن و لەنێو بچن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٩**

## دەزگای ڕێکخستنی گشتی ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە



دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە، سەرجەم ئەو گرووپ و لایەنانەی کە بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە چالاکی دەکەن سەر بە حیزبی دێموکرات نین و لە هاوکاریکردنیان خۆ بپارێزن.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

دۆستان و ئۆگرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان!

سەرەڕای ڕاگەیەندراوی پێشووتری دەزگای ڕێکخستنی گشتی و ڕوونکردنەوەکانمان لەمەڕ ڕێکخستنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی کاناڵ و ماڵپەڕ و دەزگا فەرمییەکانی حیزبەکەمان، هەتا ئێستاش جاروبار دەبینرێت کە هێندێک کەس و لایەن بە کەڵکاژۆ وەرگرتن لە ناوی پیرۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕاسانی ڕۆژهەڵات، بە ناوی جۆراوجۆر و لێدوانی چەواشەکارانە هەوڵی بەلاڕێدابردنی هەست و هێزی لاوانی خەباتکاری گەلەکەمان دەدەن و بە پەلاماردانی مەبەستدارانە، هەوڵی خەوشدارکردنی تێکۆشەرانی دەروەستی حیزبەکەمان دەدەن.

بەم هۆیەوە جارێکی دیکە ڕادەگەیەنین کە وێڕای پێداگری لەسەر ڕاگەیەندراوەکانی پێشووی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزب و دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبەکەمان لەو پێوەندییەدا، هیچ گرووپێک بە ناوی ڕێکخستنی نیزامی وەک «هەڵۆ سەربەخۆکانی دێموکرات» یان بە هەر ناوێکی دیکەوە هیچ پێوەندییەکیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە نییە، هەر بۆیە داواکارین هەر کەس و لایەنێک بەو ناوانەوە پێوەندییان پێوە گرتن و داوای هاوکارییان لێکردن ڕاستەوخۆ بە دەزگای ڕێکخستنی گشتییان بناسێنن و لە وڵامدانەوەیان خۆ ببوێرن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ڕێکخستنی گشتی**
**١٣ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی**

## هێرشە سایبێرییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر «تیشک» بێ ئاکام مایەوە




ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە هێرشە سایبێرییەکانی بۆ سەر ڕاگەیاندنە کوردییەکانی دژبەری سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە بەردەوامە و هەوڵ دەدات کاناڵەکانی ئەو ڕاگەیاندنانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەک بکات.

ڕێژیمی ئێران لە نوێترین هەوڵیدا هێرشێکی سایبێریی کردووەتە سەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینستاگرامی تیشک تی وی (TISHKTV) و هەوڵی داوە لاپەڕەیەی تایبەت بەو دەزگای ڕاگەیاندنە هەک و ناچالاک بکات. ڕێژیمی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە ڕۆبات و ئێکانتی ساختە ویستوویەتی ئینستاگرامی «تیشک» هەک بکات.

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو، بۆ چەندەمین جارە کە ڕێژیمی ئێران هێرشی سایبێریی کردووەتە سەر ڕاگەیاندنە کوردییەکان، بەتایبەت دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات.

بەپێی ڕاپۆرتەکان، ئەو هێرشە سایبێرییە لە ڕێگای «فیشینگ» (هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ناوڕۆکی تۆڕێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای ڕۆبات و نەرمەئامێری ساختە) ئەنجام دراوە.

جیا لە هێرش بۆ سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەژمارەکانی پێرسۆنێلی «تیشک تی وی»ش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هێرشی سایبێرییان کراوەتە سەر.

## دریژەی پەیف

گیرۆدەبوون بە مادده سڕکەرەکان و دەیان دیاردەی دیکە، ڕۆژانە هەزاران کەس لە کۆمەڵگا دەکوژێ و کەس بەلایەوە گرنگ نییە و هەموویان پێ ئاساییە.

هەرکات ڕێژیم لە کەسێک و لە کەسانێک بەگومان بوو دەیانگرێ یان ئەشکەنجەیان دەکا و زۆرجاریش بە بەرچاوی هەموو دونیاوە تەقە لە کورد و بەلووچ و عەرەب و خۆپیشاندەر و لاوێکی مۆتۆڕسوار یان دەیان نموونەی دیکە دەکا و هەمووی بە لای کۆمەڵگاوە ئاسایی بۆتەوە.

ئێستە گەر چەند کەسێک نارەزایی دەربڕن و ڕێژیمی کۆلۆنیالیستیی حاکم دەسبەسەریان نەکا یان تەقەیان لێ نەکا، کۆمەڵگا تووشی سەرسووڕمان دەبێ و دەچێتە نێو فیکرەوە کە بۆچی نایانکوژێ. بەتایبەت کۆمەڵگای فارس و ناوەندنشین، کوژران و کوشتاری نەتەوە بندەستەکانیان لە لا ئاساییە و ڕەنگە هەندێکیان لە دڵیشەوە پێی خۆشحاڵ بن. نەتەوەی باڵادەست لە ئێران ناتوانێ مەرگی نەتەوە بندەستەکانی پێ ئاسایی بێ و کۆمەڵگایەکی ئاسوودەی بەئاوات بخوازێ. مەرگ لە ئێرانی ژێردەستی ویلایەتی فەقیهدا ئاسایی کراوەتەوە و بۆ ڕاماڵینی سیستمی حاکم دەبێ کۆمەڵگا مەرگی پێ نائاسایی بێ نەک نەمردن!

## چالاکییە تەبلیغییەکان لە کوردستان بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بەردەوامن

**جوانڕۆ:**

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە قەڵای جوانڕۆوە پشتیوانیی خۆیان لە حیزبەکەیان ڕاگەیاند.

قارەمانانی دێموکرات لە قەڵای جوانڕۆ بە بڵاوکردنەوەی نووسراوە و دروشمی حیزبی، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. لەو چالاکییەدا، بە نووسینی دروشم و نووسراوەی وەک: «بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بژی پێشمەرگە و وتە بەنرخەکانی دوکتور قاسملووی ڕێبەر» شاری جوانڕۆیان ڕازاندەوە.

لە قەڵای لەگیراننەهاتووی جوانڕۆوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب ئامادەیی خۆیان بۆ هەر ئەرکێکی حیزبی دەربڕی.

**کەلارئاباد:**

لە شاری «کەلارئاباد»ی پارێزگای گیلان، قارەمانانی دێموکرات بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گۆڕەپانی سەرەکیی شاری «کەلارئاباد»ی پارێزگای گیلان، ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان هەڵ کرد و هەست و سۆزی خۆیان بەرامبەر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەربڕی.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لەو چالاکییەدا، ڕێز و وەفای خۆیان بەنیسبەت بنەماڵەی سربەرزی شەهیدانی حیزبی دێموکرات نیشان دا.

**بۆکان:**

قارەمانانی دێموکرات لە بۆکان بە چالاکیی تەبلیغی، پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دووپات کردەووە.

ئەو شوێنانەی کە لە بۆکان چالاکییان تێدا کراوە بریتین لە: «چۆمی مەجیدخان، کێوی قۆژاغڵوو لە نێوان گوندەکانی سەرچنار، قەرەگۆل و حاجی لەک».

پێشمەرگەکانی شار لە بۆکان بە هەڵ کردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و نیشاندانی چەکی پڕ لە شانازی و بەرگری لە نەتەوە و نیشتمان، وەفاداریی خۆیان بە ڕێبازی پڕسەروەریی شەهیدانی سوورخەڵاتی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، نیشان دا.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات ئامادەیی خۆیان بۆ بەجێگەیاندنی هەر ئەرکێکی حیزبی دەربڕی و خۆیان بە درێژەدەری ڕێگای شەهیدان زانیوە.

هەر لە بۆکان تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی «برایم ئاوا»ی ناوچەی چۆمی مەجیدخانی بۆکان بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئۆگرانی ڕێبازی دێموکرات لە بەڵندگۆی مزگەوتی ئەو گوندەوە سروودی شۆڕشگێڕانەیان بڵاو کردووەتەوە. هەروەها ڕایانگەیاندووە: «هەتا گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانمان لە تێکۆشان بەردەوام دەبین و دەست لە خەبات دژی داگیرکەران هەڵناگرین».

ئەو کارەی قارەمانانی دێموکرات بووەتە هۆی دڵخۆشیی خەڵکی «برایم ئاوا» و ناوچەکە.

**تاران و کەرەج:**

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە «ڕەزی ئاباد» و مەیدان «ئازادی»ی تاران و شاری کەرەج بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێر پشتیوانی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە.

قارەمانانی دێموکرات لەو چالاکیانەدا بەبۆنەی گەڕانەوەی «عوسمان مستەفاپوور» زیندانیی سیاسیی کورد بۆ باوەشی حیزب پیرۆزباییان لە ناوبراو و حیزبی دێموکرات کرد و پۆستێری تایبەت بە گەڕانەوەی ناوبراویان بڵاو کردووەتەوە. لە درێژەی ئەو چالاکیانەدا تراکتی تایبەتی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات لەهەمبەر بە تێرۆریست ناساندنی سپای تێرۆریستی پاسدارانیان لە نێو هەندێک لە کوچە و شەقامە سەرەکییەکانی ئەو دوو شوێنەدا بڵاو کردووەتەوە.

هەروەها ڕێز و ئەمەگداری خۆیان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەربڕیوە و خۆیان بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگە زانی.

**مەهاباد:**

لە یادی ئێعدامکردنی ٥٩ لاوی شاری مەهاباد کە لە ڕێکەوتی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی لەلایەن ڕێژیمی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بەبێ تاوان لەسێدارە دران، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری گوێکتەپە چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری گوێکتەپە، بەم بۆنەوە کوچە و کۆڵانەکانی ئەو شارەیان بە نووسینی دروشمی حیزبی ڕازاندەوە و ئەو پەیامەیان بە ڕێژیمی ئێران گەیاند کە خوێنی بە ناحەق ڕژاوی خەڵکی مافخوازی کوردستان هیچ کات لەبیر ناکرێت.

دروشمەکانی ئەم چالاکییە بریتی بوون لە: «بەرز بێت یادی ٥٩ لاوی مەهاباد، بژی حیزبی دێموکرات، ڕاسان دژی داگیرکەر بەردەوامە و قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە».

**سەقز:**

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سەقز بەمەبەستی پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات لە شاخەکانی سیادەرە و سەرتوون و قەڵەڕەشە بە نووسینی درووشم پشتیوانیان لە ڕاسانی ڕۆژهەڵات کرد و بە ئامادەبوون لەسەر گڵکۆی شەهید عەلی شەهابی ناسراو بە عەلی چاوڕەش کە لە شەڕی سەختی شێخ چۆپان تێکەڵ بە کاروانی نەمران بوو، وەفاداری خۆیان بە ڕێبازی شەهیدانی حیزب و گەل دووپات کردەوە.

# پاش ٢٨ ساڵ درێژترین زیندانی سیاسی کورد، بەڕێز عوسمان مستەفاپوور لە زیندان ئازاد کرا و جارێکی تر گەڕایەوە بۆ باوەشی بنەماڵەکەی و دەسلەملانی پێشمەرگەکانی کوردستان بوویەوە.

## تێلێڤیزیۆنی تیشک پاش گەڕانەوەی بەڕێزیان بۆ سەنگەرەکانی شاخ دیمانەیەکی لەگەڵیان پێکهێنا

## کە لێرەدا دەقی پرسیار و وڵامەکانی ئەم دیمانەیەتان دەخەینە بەر چاو:




**کاک عوسمانی مستەفا پوور لە کەیەوە پێشمەرگەیە؟**

ساڵی ١٣٦٤ بوومەتە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**چەند ساڵ تەمەنت بوو کاک عوسمان کە بوویە پێشمەرگە؟**

١٧ ساڵ، دواتر لە ١٣٦٤ بوومەتە پێشمەرگە و دەورەی سەرەتاییم لە فێرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دیوە و لە لکی یەکی هێزی قەندیلی ئەوکات سازمان درام کە ئەوکات سەرلک شەهید حەسۆ بوو.

**جەنابت تا چەندەت دەرس خوێند کاک عوسمان؟**

سێهەمی ناوەندی.

**لە کوێت خوێندووە؟**

لە ماڵی خۆمان لە کاسەکەرانی پیرانشار خوێندومە بەڵام لە زیندانیش دیسان لە یەکەمی سەرەتاییەوە تا سێهەمی ناوەندیم خوێندووە. هەڵبەت لە گوند تا دووهەمی سەرەتاییم خوێندووە لە نێو حیزبیش خوێندن و نووسینی کوردیم خوێندووەتەوە و فێر بوومە.

**کاک عوسمان بۆ وازت لە خوێندن هێنا؟**

هەلومەرجی ناوچەی ئێمە ئەو کاتە وابوو؛ سێ مانگی زستان لە قوتابخانە بووین و باقیەکەی دەبا بچواینە بەر مەڕوماڵات و وەرزێڕی، هەلومەرجی ژیانی ئێمە وابوو کە نەماندەتوانی بچینە شار، ڕێگای شار زۆر زۆر سەخت بوو. باب و دایکم بارودۆخی ئەوەیان نەبوو کە کوڕەکانیان هەموو بنێرنە بەر خوێندن.

**کاک عوسمان چۆن بوو بڕیارت دا ببیتە پێشمەرگە؟**

پێشمەرگە لە ناوچەدا بوون و مەقەڕ لە گوندی ئێمەدا بوو، چوونکە مەقەڕ لە نیزیک گوندی ئێمە بوو زۆربەی بەرپرسانی حیزبی دەهاتنە گوندی ئێمە و دەهاتنە دووکانی ئێمە؛ ئەوە بوو بە هۆکاری ئەوەیکە بە دوای حیزب بکەوین و حیزبمان خۆش بوێت و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانمان خۆش بوێت.

**لە دوای فێرگە هەتا پێش لە گیرانت چەنێ پێشمەرگە بووی؟**

لە ٦٤وە هەتا ٧٠، واتە شەش ساڵ پێشمەرگە بووم.

**ئەدی چۆن دەسبەسەر کرای؟**

ئێمە ئەو وەختە لە هێزی ئاگری بووین لە مەنتەقەی ورمێ، کاک تەیموور و کاک سەید ڕەسووڵ کە مەسئولی ئێمە بوون بە بۆنەی ساڵرۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو بڕیاریان دا عەمەلیات بکەن و سێ تیمیان ناردەوە بۆ مەنتەقە. تیمێکیان نارد بۆ تەرگەوەڕ، تیمێکیان نارد بۆ مەرگەوەڕ و تیمێکیان نارد بۆ نێو شار؛ ئێمەش کە لە تیمی شاربووین چووین عەمەلیاتەکەمان کرد و گەڕاینەوە، لە کاتی گەڕانەوەدا لە مەنتەقەی تەرگەوەڕ یان دەرەی ئاسینگەران لەوێ لەگەڵ هێزی دەوڵەت دەرگیر بووین. کاتژمێر ١٢ دەرگیر بووین تا کاتژمێر ٥ و نیوی ئێوارە، لەوێدا دوو نەفەر لە هاوڕێکانم شەهید بوون.

**ناوەکانیان؟**

شەهید حسەین ستوەت و محەممەدساڵح شاهینی، چوار نەفەریش گیراین لەو دەرگیرییەدا تا ئاخری وەخت شەڕم کرد و ئاخری وەخت فیشەکم پێ نەما و تەنیا نارنجۆکم پێ مابوو. بیرم کردەوە یان دەبێ خۆم بکوژم یان دەبێ خۆم تەسلیم کەم، چونکە کادر نەبووم و گیانی ئەندامانی حیزبیم نەدەخستە مەترسییەوە وتم لانیکەم ئۆمیدێک هەیە کە دوای ئەوەیکە زیندان کرام و حوکم درام یان دێمە مەرەخەسی یان شایەد دەوڵەت تێک بچێت یان موشکلاتێک بێتە پێش بۆ دەوڵەت، ئێمە بتوانین ڕزگارمان بێت و هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەیکە نائۆمێد نەبم و خۆم نەکوژم.

**ڕێکەوتی دەقیقی دەسبەسەرکران؟**

٢٤ی پووشپەڕ

**ئێوە گواسترانەوە بۆ کوێ دوای ئەوەیکە دەسبەسەر کران؟**

گواسترانەوە بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای ورمێ

**چەندە لە ئیتلاعاتی سپای ورمێدا بوون؟**

سێ مانگ لە سپا بووین، سێ مانگیش لە ئیتلاعاتی سپا بووین.

**لە تاکەکەسیدا بوون جەنابت؟**

بەڵێ

**شێوەی بەرخوردی ئەوان لەگەڵ کەسێکی دیل کە لە شەڕدا دەسبەسەر کراوە چۆن بوو؟**

ئەوە مەعلوومە خۆ ئەوان هیچ قانوونێک ناناسن، تا بڵێی بێ ئێحترامی دەکەن؛ تا بڵێی لە دەورانی بازجوویی لێیان دەدایین، بە ئیستلاح ئەشکەنجەیان دەکردین، ئەوانە هەمووی بە جێگای خۆی ئەوان دەیانهەویست لە سەرت شتی زیاتر کۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن چاکتر بتبەنە ژێر پرسیار و شتی سەختترت بە سەردا بسەپێنن. لەو کاتەیدا من گیرام کەسانێک هەبوون ئێعترافیان کردبوو لە سەر من ئەگەرنا من بۆ خۆم هیچ شتێکم ئێعتراف نەکرد بەڵام ئەو کەسانە کە لەگەڵم پێشمەرگە بوون و هاتوونەوە خۆیان تەحویل دابوو ئەوانە ئێعترافی زۆریان لە سەر ئێمە کردبوو، هەر بۆیە بوو بە هۆی ئەوەیکە پەروەندەی من زۆر زۆر قورس بێت. بەڵام ئەمن هیچ شتێکم قبووڵ نەکرد بەڵام ئەوان دەیانگوت کە دوای عەمەلیاتەکە، چوویتە گلوولەی خەلاسیت لە سەری کێهایان داوە، دەبێ بڵێی، من دەمگوت ئەسڵەن نەچوومەتە عەمەلیاتێ، ئەیانگوت ئەوە نییە هاتوویتەوە بۆ ورمێ، چۆن نەچوویتە عەمەلیاتێ من دەمگوت زۆرتر لە گەڵ کاک سەید ڕەسووڵ ماومەتەوە و نیگابان بوومە یان ئیسکۆرتی ئەو بوومە، لە کن ئەو ماومەتەوە و نەهاتوومەتەوە بۆ عەمەلیات و ئەمە ئەوەڵین عەمەلیاتمە.

**زیاتر لە کام شێوازی ئەشکەنجە کەڵکیان وەردەگرت کە ئەو کات ئێوە لە ئیتلاعاتی سپادا بوون؟**

ئێمە ئەسڵەن نەدەبوو کە ئەشکەنجە بکرێین چوون ئێمە شتێکی مەعلووم بوو پێشمەرگە بووین و گیرابووین و لە شەڕدا گیرابووین و هەموو شتێکی ئێمە مەعلووم بوو؛ بەڵام لێیان دەدایین بە شەلاق و شتێکی وەک خەرەزەن، لێیان دەدایین بە دارێکی میتریک، نیم میترێک دەبوو بەوە لێیان دەدایین، لەو چۆکانەیان دەدایین، لەو ئێسکە ڕەقانەیان دەدایین دەیانگوت ئیعتراف کەن، بەڵام بڵێم هەڵاوەسراوم و سێ چوار ڕۆژ هەڵاوەسراوم نا من ئەوەندە هەڵنەوەسراوم بەڵام لێدان و زۆر بێ ئێحترامییان پێ کردوین.

**هیچ جیاوازییێک هەبوو لە نێوان ئیتلاعاتی سپا و ئیلاعاتدا؟**

هیچ فەرقێکیان نییە

**هیچ شێوەی ئازار و ئەشکەنجەکانیشیان فەرقی نەبوو؟**

هیچ

**لێپرسینەوەیشیان؟**

لێپرسینەوەکەیان هەر ئەوەیکە لە ئیتلاعات لێیان پرسیبووم، پەروەندەکەی کە لە سپا تەکمیل بوو تەحویلی ئیتلاعاتیان دا دیسان مروریان دەکردەوە و دیسان ئەو شتانەیان لێم دەپرسییەوە، ئەشکەنجە و بێ ئێحترامی هەر هەبوو، لە سپاش هەر هەبوو، لە ئیتلاعاتیش هەر هەبوو؛ هیچ فەرقێکیان نەبوو.

**پەروەندەکەت دوای چەند مانگ ئامادە بوو هەتا گەیشتە دادگا؟**

پەروەندەی من تەقریبەن ٦ی ڕێبەندان ئێمە چووینە دادگا، تەحویل دادگایان داین؛ من و مەلا جاسم.

**کام دادگا؟**

دادگای ئینقلابی ورمێ. ئەو وەختەی پێیان دەگوت حاکم شەرع، مەلایەکی زەلام بوو لەوێ بوو ئەو ئێمەی دادگایی کرد؛ ڕەوتی دادگاییەکە دەستی پێکرد. ئێمە وەکیلی شەخسیمان بوو، ماڵەوەمان هاتن وەکیلی شەخسییان بۆ گرتین بە ناوی فەریدوون قەنبەری بەڵام ئیدارەی ئیتلاعات و سپا نەیاندەهێشت بێت بۆ دادگا، بە جێگای ئەوەیکە وەکیلەکان بێن، ئەو کەسانەی کە بازجووی ئێمە بوون و بازجووییان لە ئێمە کردبوو ئەوان لەوێ بوون، هەم نوێنەری ئیتلاعات لەوێ بوو هەم نوێنەری سپا.

ئەوکەسانەی کە بازجووییان لە ئێمە کردبوو لە کن حاکم شەرع بوون، ئیدارەی ئیتلاعات لە دەستی ڕاست ئەویدیکە لە دەستی چەپ؛ یانی دوو نوێنەری ئیتلاعات لە دەستی ڕاست و چەپی قازی بوون و هەر شتێک ئێمە دەمانگوت ئەوان دەیانگوت ئەوانە درۆ دەکەن.

**کەواتە بڕیاردەر قازییەکەی دادگا نەبووە؟**

نەوەڵڵا

**دوای چەند ماوە بۆ هاتووچوونتان لە دادگا و ئیتلاعات و ئەوانە ئێوە حوکم دران؟**

٢٤ی پووشپەڕ گیراین، ٥ی ڕێبەندانیش دادگایی کراین، ٨ی ڕێبەندانیش حوکمی ئیعدامەکەیان ئیبلاغ کرد و مەلاجاسمیان برد بۆ سەڵماس، مەلا جاسمی هاوتاوانی من کە پێکەوە دادگاهی کرابووین بردیان بۆ سەڵماس بۆ ئەوەیک فشار بۆ مەلا جاسم بێرن و ئەو ئێعتراف کات، دوای دوو مانگ مەلا جاسم کە لە سەڵماس بوو هێنایانەوە بۆ کن ئێمە. کە لەوێ هیچ هاوکارییەکی نەکردبوو هێنایانەوە کن ئێمە، بردیانە دادگا و حوکمی ئێعدامەکەیان پێ ئیبلاغ کرد و هێنایانەوە بەندی ئێمە، حەفتەیەک لە کن ئێمە بوو بردیانەوە زیندان، بە ئیستڵاح لە قەرەنتینەدا بوو؛ لە زیندانیش لە قەرەنتینەدا بووین واتە تەک سلوولی. جارێکی دیکە مەلا جاسمیان بردە بەند و دوایی مەلا جاسمیان ئێعدام کرد.

**شەهیدکرانی مەلاجاسم چەندە کاریگەری لەسەر تۆ دانا؟ لەسەر باوەر و ئیرادەت؟**

زۆرم پێ ناخۆش بوو؛ شتەکە زۆر بۆ من ناخۆش بوو بەڵام من چاوم لەوە نەبوو بڵێم وەڵا من دەبێ بچم لە بەر کۆماری ئیسلامی بپاڕێمەوە، ئیلتماس بکەم یان خۆم تەسلیمی کۆماری ئیسلامی بکەم، بەڵکوو سوورتر بووم بۆ ئامانجەکەم، بڕیارم دا خۆڕاگرتر بم و وەفادارتر بمبە ڕێگاکە و بە بیرو باوەڕەکەم.

بۆ ئەوەی مەلا جاسم بترسێنن لە پێشدا حوکمەکەیان بە من ئیبلاغ کرد، بە مەلاجاسمیان ئیبلاغ نەکردبوو، مەلاجاسمیان بردە سەڵماس دوو مانگ لەوێ بمێنێتەوە و داوای هاوکارییان لێ کردبوو، ئەویش هاوکاری نەکردبوون، هێنایانەوە و حوکمی ئێعدامەکەیان پێ ئیبلاغ کرد و بردیانە بەند.

**بە گشتی ڕەوتی دادگایی ئێوە چەندی کێشا کە حۆکمی ئێعدامتان پێدرا؟**

شایەد شەش خولەک یان حەوت خولەک.

**قازی چی لە ئێوە دەپرسی؟**

دەیگوت ئێوە دژەشۆڕشن؛ بازجووەکانیش دەیانگوت ئەوانە بە پشتیوانی تورک عەمەلیاتییان لە سەر سنوور کردووە، بە پشتیوانی تورک ٧٥ نەفەریان لە هێزی دەوڵەت کوشتووە، لە چەند عەمەلیاتێک کە کرابوون ئەوانە دیفاعیان لە دەوڵەت دەکرد، دەیانگوت ئەوان درۆ دەکەن، ئەوانە دژەشۆڕشن و لەوێ ئەوەندەیان کوشتووە و دیفاعیان لە دەوڵەت دەکرد.

**جەنابت یەک ساڵ بوو کە گیرابووی کاک دوکتور سەعید شەهید کرا؛ چۆن ئەو هەواڵەت بیست لە نێو زینداندا؟**

ئێمە ڕۆژنامەمان هەبوو، ڕۆژنامەی «جمهوری ئیسلامی» بۆمان دەهات، خوێندمەوە لەوێ نووسرابوو کاک دوکتور سەعید لە ئاڵمان تێرۆر کراوە لە گەڵ چەند نەفەری دیکە، ڕۆژێکی زۆر زۆر ناخۆش بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەیکە بۆ ئێمە ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو، بیر دوکتور قاسملوو کەوتینەوە کە پێشمەرگە بووین و لە شاخ بووین، شەهید بوونی کاک دوکتور قاسملوو بۆ ئێمە کە لە مەنتەقەدا بووین بۆمان ناخۆش بوو، دیسان ڕۆژی شەهیدبونی دوکتور قاسملووی بۆمان زیندوو کردەوە و خەبەرێکی زۆر زۆر ناخۆش بوو بۆمان.

**کاک عوسمان ئەگەر لە بیرت مابێت ئەو کات کە هەواڵی شەهید بوونی کاک دوکتور سەعیدتان بۆ هات، ئێوە چەند زیندانی سیاسی بوون لە زیندانی ورمێ؟**

ئەمن چوونکە لە بەند نەبووم و لە سلوول بووم، تەنیا ئەمن و ئەیووب و میرزا محەممەد مابووینەوە، مەلاجاسم نەمابوو بردوویان بۆ بەند، لە کن ئێمە نەمابوو. تەنیا ئەم سێ کەسە بووین، لە بەندی

درێژە لە لاپەڕەی ٥

**درێژەی لاپەڕەی ٤**



گشتیش خەڵکی زۆری لێ بوو لەوانەیە ئەو کاتە ٨٠ کەسێکی لێ بوایە زیندانی سیاسی، بەڵام ئەوان لە بەند بوون ئێمە لە سلوولی تاکەکەسیدا بووین.

**چەندە لە سلوولی تاکەکەسیدا بووی دوایی چوویتەوە بەندی عومومی؟**

ئەمن تەقریبەن لە ٢٤ی پووشپەڕ لە سلوولدا بووم هەتا ئاخرەکانی بەهاری ٧٢. پێم وایە نزیک بە دوو ساڵ دەکات.

**هەڵسووکەوتی سەربازەکان، کادرەکان و بەرپرسانی زیندان لە گەڵ ئەو کەسانەی کە سیاسی بوون و لە ژووره تاکەکەسییەکاندا بوون چۆن بوو؟ ئایا وەک زیندانییە عوومومییەکانی دیکە سەیریان دەکردن، ڕەفتار و هەڵسووکەوتیان لەگەڵ ئەکردن؟**

نەوەڵڵا، لە نێو ئەوانیشدا کەسانێک هەبوون کە زۆر ئێحترامی ئێمەیان دەگرت بەڵام لەو کادرانە کەسانێکیش هەبوون کە بێ ئێحترامییان دەکرد؛ مەسەلەن نوێنەری حیفازەتی سپا یان حیفازەتی سازمانی زیندانەکان، ئەوانە دەهاتن بێ ئێحترامییان دەکرد، جنێویان دەدا ئەیانگوت بۆ واز ناهێنن، خودمۆختاری چی؟ حەقی کورد چییە؟ ئەو قسانەیان دەکرد.

**دوای دوو ساڵ لە ژووری تاکەکەسی درایە بەندی عوومومی، چویە زیندان، درایە کام بەند؟**

بەندی ١٥ی زیندانی ورمێ کە تایبەت بە زیندانییە سیاسییەکان بوو.

**چەند کەسی زیندانی سیاسی تێدا بوو؟**

ئەوکاتەی ئێمە چووین ٧٥ نەفەر بووین.

**دێرینترین زیندانی سیاسی ئەوکات کێ بوو کە جەنابت چوویتە بەندی عوومومی و بەندی سیاسییەکان؟**

دێرینترین زیندانی سیاسی کاک حۆسەین مەولوودی بوو، خەڵکی دێهاتێکی مەهابادە .

**لەو کاتەوە کە جەنابت چوویتە بەندی سیاسییەکان لە زیندانی ورمێ تا کاتی ئازاد بوونت ئایا ڕێژەیەکت لە بەردەستدایە لەو هاوڕێ و هاوسەنگەرانەی کە سیاسی بوونە و لەوێ شەهید بوون؟ ئایا ڕێژەکەت لە بەردەستدایە چەند کەس بوون؟**

تەقریبەن ٥٢ نەفەر ئێعدام کراون.

**ئەوانە زیاتر سەر بە کام لایەن بوونە؟**

زۆربەی هەرە زۆریان سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون. ٣٥ کەسیان سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، باقیەکان سەر بە لایەنەکانی تر بوون مەسەلەن کۆمەڵە، پژاک، مۆجاهێدین، بەڵام زۆرینەیان سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون. هەڵبەت ئاگرەسوورەیشیان تێدا بوون و مۆوەحێدینیشیان تێدا بوو.
لە گشتییەتدا هەڵسووکەوتی زیندانییە

**سیاسییەکان پێکەوە چۆن بوو، لە بەندا بوون، پێکەوە بوون و بەشی هەرە زۆریشتان لە سەر یەک بیر و باوەڕ گیرابوون، ورەیان چۆن بوو؟**

زیندانییە سیاسییەکان ورەیان باش بوو، پێکەوە باش بوون، بێ ئێحترامیان بە یەکتر نەدەکرد، جگە لە حیزبی دێموکرات حیزبەکانی دیکەشمان لەگەڵ بوون قەت بێ ئێحترامیمان پێ نەدەکردن. ڕەنگە ئەوان بێ ئێحترامییان بە ئێمە کردبێت بەڵام ئێمە قەت بێ ئێحترامیمان بەوان نەکردووە.

**لەو زیندانییە سیاسییانەی کە ئەو کات لە زیندانی ورمێ لە گەڵت بوون چ کەسانێک ئێستا هەر لە ڕیزی پێشمەرگەکانی شاخدان؟ لێرە؟**

کاک سۆران مەحموودی، کاک ناسر ساڵحیئەسڵ، زۆری دیکەش هەن بەڵام من ئێستا دەقێق ناوەکانم لە بیر نین.

**وێنەت لە گەڵ کاک والی درووودیش هەیە. ئایا پێکەوە بوون؟**

بەڵێ، کاک والی درووودی. هەڵبەتە من لەگەڵ کاک والی درووودی لە زیندانێک نەبووین، کاک والی لە زیندانێکی دیکە بوو، لە زیندانی یەزد بووە من لە زیندانی ورمێ، زۆر کەسانی دیکە ئێستا لێرە هەن دەقێقەن ناوەکەم لە بیر نییە.

**چ هەستێکت بوو کاتێک ئەو دۆستانەی زیندانت لێرە بینییەوە؟ ئەوەیکە ئەوکات لە زینداندا هاوسەنگەر بوون و ئێستاش لە سەنگەرەکانی شاخدا هاوسەنگەرن؟**

زۆر خۆشحاڵم

**لە ماوەی ئەو دوو سێ ڕۆژەدا کە لەگەڵیان بووی باسی چیتیان کردووە پێکەوە؟**

هەر باسی زیندان بوو، مەسەلەن کێ پیاوی چاک بووە، کێ پیاوی خراپ بووە، فەقەت باسی ئەوەی بووە، کێ براوە ئێعدام کراوە و ئەوانەی کە ئینسانی باش بوونە و ئێستا شەهید بوونە، بەڕاستی ئینسان بە ڕێز و ئێحترامەوە هەمیشە سەیری ئەو کەسانە دەکات کە باش بوون و چوون شەهید بوون لەو ڕێگایەدا بۆ ئێمە جێگای ئیفتخارن ئەو ئینسانانە.

**لە قسەکانتدا زیاتر وشەی ئێعدام دێتە بەر گوێ، ئەوە شتێکی ئاساییە ئێوە زیندانی سیاسی بوون، ئێوە پێشمەرگە بوون و گیرابوون و زەمزەمەی ئێعدام دایمە لە مێشکتاندا هاتووچووی کردووە، ئەو زیندانییە سیاسییانەی بەر لە ئێعدام دەبردران بۆ ئێعدام ورەیان چۆن بووە؟ ئەیا ئەو جۆرێکە باسی دەکەن و ئێمە گوێمان لێ بووە هەر قارەمانانە دەڕۆیشتن بۆ ئێعدام یان نەخەیر ئەوانیش ورەیان دادەبەزی پێش ئێعدام؟**

نەوەڵڵا، زۆر زۆربە قارەمانانە دەچوون، بۆ نموونە مەسەلەن ڕەشید بابەکری، خەڵکی «کانی ڕەش»ی شنۆیە، جەماعەت لێی خڕ ببوونەوە، وتی ئەوە من دەبەن ئێعدامم دەکەن بەڵام ئێوە ئەوەیکە لە سەری گیراون ئەو ڕێبازە کە هەڵتانبژاردووە وەفادار بن پێی، ڕەشید بابەکری، ئەحمەد خزری، خالید شەوقی، ئەنوەر جەوانمەرد، خەڵکی سەقز، ئەوانە ئەوەندە ورەیان بوو توانیان قسە بکەن و بڵێن ئێمە دەڕۆین بەڵام ئێوە بەو ڕێگایە وەفادار بن.

**لە ماوەی ئەو ٢٨ ساڵ زیندانییەدا ئایا هیچ دادگاییەکی دیکە کرایتەوە؟**

نەخەیر

**حوکمەکەت کەی لە ئێعدامەوە گۆڕدرا بۆ زیندانی؟**

ئاخری بەهاری ٧٢. لە ئێعدامەوە دەبوا دادگاییم بکەنەوە؛ چوونکە ئەو حاکم شەرعە کە لە پارێزگای ورمێ بوو یەک نەفەر بوو. چوون منیش ئێعترازم لەو حوکمە دابوو، ئەو منی دادگایی نەدەکرد، ئەبێ بچوایەتم بۆ پارێزگایەکی تر، بەو هۆیەوە منیان برد بۆ تەورێز، دوو ساڵ لە زیندانی ناوەندیی تەورێز مامەوە.

**هەڵسووکەوتی ئەو زیندانبان و کادرانەی ئەوێ بۆ کەسێکی سیاسی و کوردیش نیسبەت بەوانەی کە لە ورمێ بوون و بە ئیستلاح زیندانبان و کادر و سەربازی زیندان بوون چۆن بوو؟ هیچ جیاوازییەکی هەبوو؟**

هیچ جیاوازییەکیان نەبوو، کە بردیانیان بۆ زیندانی تەورێز لەوێ قەرار بوو دادگاییم کەن، چوون لە ورمێ ئێعترازم لە حوکمی قازی لێدابوو. دەبوایە بچوینایەتە پارێزگایەکی دیکە، ئەو ڕۆژەی کە دەبوو دادگایی بکرێین لێکۆڵەرەکانم لە ورمێوە هاتن بۆ زیندانی تەورێز، خۆم بینیم چوونکە لە گەڵ قازییەکە قسەیان کرد و دواتر یەکێکیان هاتە دەرەوە و بە سەربازەکەی وت لەوێ بیبەن؛ ئەوەبوو کە نەیانهێشت من لەوێدا دادگایی بکرێم و دواتر لە پاییزی ٧٣دا دەبوا بمهێننەوە بۆ ورمێ و لە دادگای عوومومی حوکمی ئێعدامەکەم شکا. ئەو جار لەلایەن سکاڵاکەری تایبەت بە جورمی قەتڵ حوکمی قەساسیان پێ دام، نەیانهێنامەوە. لە بەهاری ٧٤دا دیسان هاتن بە دوامدا و هێنامیانەوە بۆ زیندانی ورمێ. دوای چوار ساڵ زیندانی کێشان ئەمجارە بە جورمی قەتڵ، ئیدارەی ئیتلاعات لە سەرم سکاڵای تۆمار کردبوو بەجورمی قەتڵ. یانی لەو شەڕەیدا کە نازانم چەند کەس کوژراون، بۆ خۆیان فەقەت ئاماری دووکەسیان دا، کە گوایە ئەو دوو کەسە ئەمن کوشتوومە و لەسەر ئەوانە بوون بە شاکی کە بنەماڵەی یەکێکیان هەر نەهاتن بەڵام عەلیڕەزا مەلەکی کە خەڵکی «قەرەباغ»ی دێهاتێکی ورمێیە، ئەوان هاتبوون لەسەر من شاکی بوون کە بە قەساس من ئێعدام بکەن.

**چۆن بوو بۆیان نەسەلمێندرا؟**

٩ ساڵی پێ چوو. ئەو پەروەندە لە ٧٤ وە دەستی پێکرد تا ٧٩، لەو کاتەدا هیچ بەڵگە و دێکۆمێنتێکیان لە سەر من نەبوو، تەنیا ئەیانزانی من لەو شەڕەدا بوومە، بەڵام ئێمە هەشت نەفەر بووین و من تەنیا نەبووم، ئەوان دەیانهەویست بە جورمی قەتڵ من دادگایی بکەن بەڵام هیچ مەدرەکێکیان پێ نەبوو، دە ساڵ حوکمیان پێدام بە تاوانی «معاونت در قتل». ئیتر حوکمی ئێعدامەکەم لە تاران هەڵوەشایەوە ، ئەو جار ئیتلاعات لە سەرم شاکی بوو کە من ئەبێ حەتمەن لە بەین بچم، ئەوجا ئەو شاکیانەیان هێنا، لەو شاکییانەیش بە ئاکامی دڵخوازیان نەگەیشتن، بۆیە بردمیانە دادگای ئینقلاب، لە لقی ٣ی دادگای ئینقلاب، قازییەکە، «غەفارزادە» بوو، ئەویش بە تاوانی هاوکاری لە گەڵ حیزبی دێموکرات ٢٥ ساڵ زیندانی بەسەرمدا سەپاند

**لە ساڵی ٧٩ دا ٢٥ ساڵ حوکم درای؟**

بەڵێ، ١٠ساڵ لە دادگای عوومومی بە تاوانی قەتڵ و لە دادگای ئینقلابیش بە تاوانی هاوکاری لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ٢٥ ساڵ حوکم درام، تەبعید لە زیندانی ناوەندیی ورمێ.

**لە ماوەی ئەو ٢٥ساڵەیە دا جیا لەو دوو ساڵەی کە لە زیندانی تەورێز بووی بۆ هیچ زیندانێکی دیکە ڕانەگواسترای؟**

نەخێر. هەمووی لەزیندانی ورمێ مامەوە.

**جگە لەو دادگاییانە کە لە سەر تاوانی «قتل» و «معاونت در قتل» بەڕێوەچوو و حوکمت بەسەردا سەپا ئایا دادگایی دیکە کرایتەوە؟**

نەخەیر

**کاک عوسمان با بینە بەرەبەرەی ئازادی، زیندان پڕە لە چەرمەسەری و لە بەرنامەیەکی تێلێویزیۆنیدا ناکرێ باسی هەمووی ئەوانە بکەین. ئەو حوکمە کە پێیان دابووی هەمووت کێشا و ئازاد کرای؟**

نەخەیر، من تەقریبەن ٢٨ ساڵ و هەشت مانگم کێشا بە ساڵ و ڕۆژ بەڵام بە کامپیوتێر دەوڵەت کە ئەوان ساڵێک ٣٦٥ ڕۆژە، ئەو پێنج ڕۆژە بە قازانجی خۆیان کەم دەکەنەوە بوو بە ٢٨ ساڵ و هەشت مانگ.

**ڕێکەوتی دەقێقی ئازادیت کەی بوو؟**

٨ی سەرماوەزی ٩٨.

**دوای ٢٨ ساڵ و ٨ مانگ زیندانیبوون چی وای کرد کە بتوانی ئەو ٢٨ ساڵ و هەشت مانگە بە هەموو چەرمەسەری و ئازار و ئەشکەنجە و تاکەکەسییەکان تەحەمول کەیت؟**

بیر و باوەڕ بەو ڕێگایە کە لە سەری گیرابووم تەنیا ئەوە بوو بە هۆکار کە بتوانم تەحەمولی ئەو هەموو سەختییانە بکەم و شەهیدەکانمان لە بیر نەچێتەوە و بزانین ئێمە کێین و بە دوای کێدا ڕۆیشتووین، ئەوە بوو بە هۆکار کە بتوانین ڕێگای شەهیدان درێژە بدەین و سەر دانەنەوێنین.

**لە زینداندا بووی کە ڕاسانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیەندرا، ئاگادار بوویت؟**

بەڵێ

**خوێندنەوەتان بۆ ئەوە چی بوو، پێتان چۆن بوو، چ هەستێک دەستی پێتان دا کە دوای ساڵانێکی زۆر دووبارە حیزبی دێموکرات بڕیارێکی لەو چەشنەی داوەتەوە؟**

من وەک شەخسێک بۆ خۆم زۆر زۆرم پێ خۆش بوو؛ وا بیرم کردووە کە ئیتر بەسە و لە بێدەنگیدا نەبین، بەڕاستی وەختی ئەوە نییە کە لە بێدەنگیدا دانیشین، ئەو ماوەیەش کە بەڕاستی بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو خەڵکی حیزبەکانی دیکە قومارییان بە ئێمە دەکرد، بەڵام ڕاسان کە ڕاگەیەندرا ئیدی قسەکانی ئەوانیش هەمووی بوونە بڵقی سەر ئەو، حیزبی دێموکرات وەک ساڵەکانی پێش هاتەوە مەنتەقە و هەم خەڵک خۆشحاڵ بوون هەم بنەماڵەی شەهیدان و هەم زیندانییە سیاسییەکان.

**ئەگەر هەر تا کاتی ئازاد بوونەکەت و لە ماوەی زیندانی بوونەکەتدا بمێنینەوە و پرسیار بکەین کە لە ماوەی زیندانی بوونتدا چ هەواڵێک خوشحاڵی کرد و چ هەواڵێک زۆر زۆر ناڕاحەتی کردووی لە ماوەی ئەو ٢٨ ساڵەدا، چیمان پێ دەڵێیت؟**

خۆشترین هەواڵ لای من ئەوە بوو کە ڕاسان ڕاگەیەندرا؛ هەڵبەت ساڵەکانی پێشی خۆشترین خەبەر ئەوە بوو کە مەسەلەن حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەگەڵ ئەوانەی کە جودا بوونەوە لە حیزب، ساڵی ٧٥ یەکتریان گرتەوە، ئێمە زۆر زۆر خۆشحاڵ بووین لەولاش کە ڕاسان ڕاگەیەندرا دیسان بەڕاستی خۆشحاڵ بووین.

**بەڵام هەر لە زینداندا بوون کە ئینشعابی دیکەش حیزبی گرتەوە؟**

بەڵێ ئەوە بۆ ئێمە زۆر زۆر ناخۆش بوو؛ زۆر بیرەوەرییەکی ناخۆش بوو، دوای ٧٤ تێکەڵ بووینەوە و دوای ١٠ ساڵی دیکەش جودا بینەوە بۆمان زۆر زۆر ناخۆش بوو.

**ئێوە بە هۆی ئەوەیکە لە زینداندا خۆڕاگری زۆرتان هەبوو، بە هۆی ئەوەیکە یەکێک لە دێرینترین زیندانییە سیاسییەکانی ئێران بوون نازناوی «ماندێلای کوردستان»تان پێ بەخشرا، چ هەستێکتان هەبوو لەو کاتەدا کە ئەو ناوەیان پێ بەخشین و ئەو ناوە گەورەیان لە جەنابت نا؟ لەوانەیە قارەمانییەتییەکانت لە سەرەوەی ماندێلایش بوویێت.**

خۆشحاڵ بووم، زۆر زۆر؛ بەڵام ئەمن زیاتر پێم خۆش بوو بڵێن عوسمان وەکوو مامە غەنی خۆڕاگر بووە یان وەک شەهید عەزیز یوسفی خۆڕاگر بووە تا نێلسۆن ماندێلا. نیلسۆن ماندێلایش ئینسانێکی زۆر گەورە بووە بەڕاستی خۆشحاڵ بووم کە ئەو ناوەم بە سەردا براوە ئێمەیش هەر هیواداریـن لانیکەم، ناتوانم بڵێم ببمە ڕەیس جمهووری ئافریقا یان ڕەیس جمهووری کوردستان، بەڵام لانیکەم بتوانین وەک پێشمەرگەیەکی وەفادار بە خەڵک و بە ڕێگای شەهیدان وەفادار بین.

**بەڵام دڵنیام لەوەیکە کاک عوسمان مستەفا پوور وەک ماندێلا ناوێکی گەورە دەبێت بۆ کۆی ئەو زیندانییانەی کە ئێستا لە زینداندان و چاوەڕێی ئازادی دەکەن، بەڵام کاک عوسمان هێندێکم باسی ئازادییەکەت بۆ بکە باسی هەستەکانت لە کاتی ئازادییەکەتدا بۆم بکە، زیندانییەک لە کاتی ئازادیدا چ جۆرە هەستێکی هەیە؟**

من بەڕاستی خوشحاڵ بووم؛ دوای ئەوەیکە چەندین ساڵ ئارەزووم بوو ئەو ڕۆژە بێت، ئەو ڕۆژە کە هات بەڕاستی خوشحاڵ بووم، ڕەفیقەکانم ماچ کرد و ماڵاواییم لێکردن و هاتمە دەرەوە، لە دەرەوە خەڵکێکی زۆر بە پێشوازیمەوە هاتن، هەڵبەت هەم لە سێڕای شنۆدا زۆر زۆر ڕێز و ئێحترامم بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بە تایبەت خەڵکی شنۆ و پیرانشاریش بۆ ئەوەیکە خەڵکی شنۆ هاتنە سێڕای شاروانی بە پیرمەوە و خەڵکی پیرانشاریش هاتنە سێڕای زەڕدیانێ.

**دەگەینە ئەو قۆناغەی کە جەنابت ئازاد کرای و هاتیتەوە زێدی خۆت و هاتیتەوە نێو باوەشی بنەماڵە، حوکمەکەشت ٢٨ ساڵ و هەشت مانگ کێشا و ئازاد بووی. دەتتوانی بمێنیتەوە، چی وایکرد کە جەنابت نەمایتەوە لە زێد و نیشتمانی خۆت؟**

من پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووم، ئەو ئامانجەی کە بە دوای کەوتوومە نەگەیشتووەتە ئامانج کە من بتوانم لەوێ بمێنمەوە، کەواتە ئەو ئامانجەی کە بە دوای کەوتووین و ئەو ڕێگایە و ڕێبازە کە بە دوای کەوتینە هەر لە جێگای خۆیەتی و ئێمەیش دەبێ بینەوە شاخ و کاری بۆ بکەین و لە هەوڵ و تێکۆشاندا بین بە دوای خەڵکەکە لەو بەدبەختی و چەرمەسەرییەی کە تێدایە ڕزگار بێت و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، ئێمەیش بینەوە ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لەوێدا تێکۆشانی خۆمان بکەین.

**ڕێکەوتی ٨ی جۆزەردان جەنابت گەڕایتەوە بنکەکان و سەنگەرەکانی پێشمەرگە، گەرچی زیندانیش یەکێک لەو سەنگەرانە بوو کە کاک عوسمان مستەفا پوورەکان زۆرترین بەرخۆدانیان دژ بە کۆماری پەت و سێدارە تێیدا کردووە، بەڵام ئەو هەستە کە هەیە لە کاتی پەیوەست بوونەوە و هاتنەوە نێو سەنگەر چ جۆرە هەستێک بوو؟**

دوای ٢٨ ساڵ دووربوون لە حیزبی دێموکرات، کە هاتم لەوێ ئەو هەموو کچ وکوڕە شۆڕشگێڕانەم بینی کە لە سەنگەری خۆڕاگریدان، منیش زۆر خۆشحاڵ بووم، لە نزیکەوە لە باوەشم گرتن و ماچم کردن.

**وەک ئاوات ئەگەر چاوی لێبکەین، گەورەترین ئاواتی کاک عوسمان مستەفا پوور لە ژیانیدا چییە؟**

ڕزگاری کوردستان و بچینە بەر دەرگای بنەماڵەی شەهیدان و بە بنەماڵەی شەهیدان بڵێین ئێمەیش کوڕەکانی ئێوەین کە شەهید بوونە و هاتووینە بەر دەرگای ئێوە دەستی ئێوە ماچ بکەین و هەر ماڵێک دەستە گوڵێکی پێ بدەین و بڵێین بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان، خوێنی کوڕەکانی ئێوە بە هەدەر نەڕۆیشتووە و ئێمە گەیشتووینەتە ئامانجەکان کە کوڕەکانی ئێوە لە سەری شەهید بوونە.

**وەکوو دوایین قسە لە وتووێژی ئەمڕۆدا و لە ماڵی خۆتدا ئێمە لە خزمەتتاندایان ڕوو لە بینەران و خەڵکی کوردستان چییە؟**

زۆر زۆر خۆشحاڵم کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانم، خۆشحاڵم کە لێرە لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندام و ئاواتم ئەوەیە هەرچی زووتر کوردستان ڕزگار بێت و ئەو کێشانەی کە هەنە، بتوانین چارەسەریان بکەین و لە نزیکەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک یەک حیزب بێت نەک وەک دوو حیزب و دابڕان، بەڕاستی خەڵکی کوردستانیش ئەمڕۆ ئەوەی دەوێت کە حیزبی دێموکرات یەک بێت و یەک بگرنەوە.
بە هیوای یەکگرتنەوە و یەکڕیزی و ئێمەیش خۆشحاڵین و ئێمەیش پشتمان بە ئێوە کاک عوسمانەکان لە سەنگەرەکانی بەرخودانـدا قورس و قایمترە، خۆشحاڵ بووین لە خزمەتتدا بووین و زۆر زۆر سپاس کە کاتت پێداین.
قوربانت چاوت ماچ دەکەم دەست و چاوی ئێوە خۆش بێت.



# «ناتوانم هەناسە بکێشم!




شەماڵ تەرغیبی

ڕێکەوتی ۲٥ی مانگی مەی ۲۰۲۰، هاووڵاتییەکی ڕەشپێست لە ئامریکا بەناوی «جۆرج فلۆید» لەلایەن مەئمورێکی پۆلیسی ئەم وڵاتەوە لە هەرێمی «مینێ سووتا» کوژرا. دوابەدوای ئەم ڕووداوە بەشی زۆری شار و هەرێمەکانی ئامریکا بوونە گۆڕەپانی ئێعتراز و ناڕەزایەتی دەربڕین کە تەنانەت لە هەندێک شوێندا توندوتیژی لێکەوتەوە و خەڵکی ناڕازی بە سووتاندنی بنکەکانی پۆلیس،نووسینگەی هەندێ لە کۆمپانیا بازرگانییەکان و هەندێ لە بنکە دەوڵەتییەکان ئەوپەڕی ئێعترازی خۆیان دەربڕی.

دوابەدوای ئەم ڕووداوە، کۆماری ئیسلامی ئێران بە فەرمی هاتە سەر هێڵ و جەواد زەریف ڕوو لە کاربەدەستانی ئامریکایی ڕایگەیاند: «هەندێ کەس گیانی ڕەشپێستەکانیان بۆ گرینگ نییە؛ بۆ ئەوانەی کە گیانی ڕەشپێستەکانیان بۆ گرینگە دەبێ بڵێم: کاتی ئەوە هاتووە کە دنیا دژ بە ڕەگەزپەرستی بوەستێتەوە. جیهانی دژ بە ڕەگەزپەرەستی!». وەکوو پێشنیاریش باسیان لەوە کردووە کە ڕۆژاوا و بەتایبەت ئامریکا دەتوانن ئێران لەبواری مافەکانی مرۆڤەوە بکەنە ئۆلگوو بۆ خۆیان!

مافی مرۆڤی ئێرانی – ئیسلامی یان مافی مرۆڤی ئامریکایی – ڕۆژاوایی؟

بۆ وڵامدانەوە بەم پرسیارە پێویستە سەرەتا باسێک بکرێت سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ! مافی مرۆڤ چییە؟ پێوەرەکانی مافی مرۆڤ چین و چۆناوچۆن دەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە؟

سادەترین پێناسەیەک کە بۆ چەمکی مافەکانی مرۆڤ کراوە بریتییە لە: «مافی مرۆڤ بنەڕەتیترین و سەرەتاییترین مافەکانن کە هەر تاکێک تەنیا لەبەر مرۆڤبوونی بەشێوەی خۆڕسک خاوەنیەتی و هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندییە کە دەکرێ ئاماژە بەمانە بکرێت: جیهانی و بێسنووربوون، یەکسانی، دوور لە هەڵاواردن، نەگوازراوەیی، پێکەوەلکاوبوون و لێکئالاوبوون. بەم پێیەش تەواوی تاکەکانی جیهان بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، دین، نەژاد، ڕەنگ، زمان و ... خاوەنی ئەم مافانەن و هیچ کەسێک لە هیچ شوێنێکی دنیا بۆی نییە خۆی بە سەرتر، باشتر و گرینگتر لەویتر ببینێت و هاوچەشنەکانی خۆی بچەوسێنێتەوە یان لەم مافانە بێبەشیان بکات.

بەم پێشەکییەوە دەمانهەوێ بچینە نێو ئەسڵی بابەتەکە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی هەر دوو وڵاتی ئێران و ئامریکا و شەڕە تویتێرییەکانی نێوان کاربەدەستانی ئەم دوو وڵاتە کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا وەک ئاماژەیان پێکرا، دنیای مەجازی تەنیوەتەوە.

گومان لەوەدا نییە کە لە ناخی بەرۆژترین دێموکراسییەکانی جیهان و پێشکەوتووترین وڵاتانی جیهانیشدا هەن کەس یان کەسانێک کە لە ناخەوە باوەڕیان بە مافەکانی مرۆڤ نییە و زیاتر وەک گاڵتەجاڕێک یان ئامرازێک بۆ پڕوپاگەندای سیاسی خۆیان کەڵکی لێوەردەگرن؛ تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە وەک ئارامترین وڵاتانی دنیا ناسراون کە گوایە دێموکراسی لە هەموو کون و قوژبنێکی ژیاندا بەرجەستە بووەتەوە و مەسەلەی ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤەکان مەسەلەیەکی ڕۆتینی نییە، حاڵەتی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەبینرێت.

**له ساڵانی پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و لە چوارچێوەی گەیشتن بەو ئامانجانەی کە خومەینی مەبەستی بوو، سپای پاسداران و کۆمیتە و دامەزراوە سەربازی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم دەستیان ئاوەڵا کرا تاکوو لەڕاستای سەپاندن و چەسپاندنی دەسەڵاتی نوێ هەر چەشنە جینایەتێک کە دەیانهەوێ ئەنجامی بدەن؛**

**ئەمەش بووە هۆی ئەوەیکە وەک بینیمان و لە مێژوودا نووسراوە کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە دەیەی ٦۰، هێرش بۆ سەر بزووتنەوە مافخوازانەکانی گەلانی بەلوچ، تورکمان، عەرەب و لەسەرووی هەمووان کورد دەستی پێ بکات.**

**کوردستان سەرەکیترین ئامانجی ڕێژیم بوو بۆ بۆ لەنێوبردن و پاکتاوی ڕەگەزی و لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا سەدان هاووڵاتی بێتاوانی کورد شەهید کران و هەزاران کەس لە سەربازە فریوخواردووەکانی دەستی خومەینیش بوونە قوربانی ئەم سیاسەتە چەپەڵە**

بۆ نموونە زۆر جاران لە وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکایی یان بەگشتی ئەو وڵاتانەی کە بە پێشکەوتوو ناسراون دەبینرێ کە تاکێک (ژن، پیاو، منداڵ، پیرەوێکی ئایینزایەکی دیار، پیرەوی باوەڕێکی سیاسی و ...) لەلایەن کەسانێکەوە کە بەپێچەوانەی ئەو تاکە بیر دەکەنەوە، دەکەوێتە بەر پەلامار و هێرش؛ ڕەنگە ئەو هێرشە تەنیا بەشێوەی زارەکیش بێت بەڵام لە ناخی خۆیدا جۆرێک لە شکاندنی کەرامەتی ئینسانە و لە خانەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا خۆی دەبینێتەوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حاڵەتی لەو چەشنە ناچێتە خانەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەشێوەی سیستماتیک و بەرنامەبۆدارێژراو! مەبەست لە پێشێلکاری سیستماتیک چییە؟ ئەوەی ڕوونە لە هەندێ لە وڵاتانی جیهاندا کە هێشتا کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای سەدەنێوەڕاستی و سواو یان هەندێک نەریتی دارزیو بوونیان هەیە کە ڕێگە بۆ کەسانی هەلپەرەست خۆش دەکات تاکوو وەک ئامرازێک بۆ گەیشتنیان بە ئامانجی کەسۆکی یان بۆ دامرکاندنەوەی هەستە سادیسمییەکانیان کەڵکی لێوەربگرن و سواری شەپۆلی هەستەکان ببن و ئەسپی خۆیان ئەو جۆرە کە دەیانهەوێ تاو بدەن تاکوو بگەنە نوختەیەک کە ئایدیۆلۆژیکەکەیانی پێ قایم بکەن! ئەمە پێناسەیەکی بەرچاوە بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی کە لەلایەن سیستمێک یان تاکێکی دیکتاتۆرەوە بەڕێوە دەچێ و بەداخەوە لە ئێستادا نموونەیان کەم نییە؛ ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، کۆرەی باکووری ژێر دەسەڵاتی کیم جونگ ئوون، سووریەی بەڵاڵێدراوی دەستی بنەماڵەی ئەسەد، ڤێنزوئێلا، کووبا و دەیان وڵاتی دیکەی لەو چەشنە لە ئێستەدا بوونیان هەیە کە لە شێوازی حوکمڕانییەکانیاندا تەنیا پرسێک کە گرینگی پێنادەن مەسەلەی مافەکانی مرۆڤە.

بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وەک نموونەیەکی بەرچاو و بەرهەست دەهێنینەوە؛ لە ساڵانی پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و لە چوارچێوەی گەیشتن بەو ئامانجانەی کە خومەینی مەبەستی بوو، سپای پاسداران و کۆمیتە و دامەزراوە سەربازی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم دەستیان ئاوەڵا کرا تاکوو لەڕاستای سەپاندن و چەسپاندنی دەسەڵاتی نوێ هەر چەشنە جینایەتێک کە دەیانهەوێ ئەنجامی بدەن؛ ئەمەش بووە هۆی ئەوەیکە وەک بینیمان و لە مێژوودا نووسراوە کوشتاری زیندانیانی سیاسی لە دەیەی ٦۰، هێرش بۆ سەر بزووتنەوە مافخوازانەکانی گەلانی بەلوچ، تورکمان، عەرەب و لەسەرووی هەمووان کورد دەستی پێ بکات. کوردستان سەرەکیترین ئامانجی ڕێژیم بوو بۆ لەنێوبردن و پاکتاوی ڕەگەزی و لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا سەدان هاووڵاتی بێتاوانی کورد شەهید کران و هەزاران کەس لە سەربازە فریوخواردووەکانی دەستی خومەینیش بوونە قوربانی ئەم سیاسەتە چەپەڵە؛ هەر لە نەورۆزی خوێناوی سنەوە بگرە تا دەگاتە جینایەتەکانی قارنێ و قەڵاتان و دواکوشتار و قەتڵوعامەکانی ڕێژیم لە کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا.

ئەمە ڕێچکەی سەرەکی سیاسەتەکانی ڕێژیم بووە و هەیە؛ بەچەشنێک کە لە ساڵانی ڕابردوودا ئەوپەڕی جینایەتکاربوونی خۆی سەلماند و لە خەزەڵوەری ۹۸دا چەند سەد کەس لە ناڕازییان بە گرانکردنی نرخی بێنزینی دایە بەر دەسرێژی گوللە و بێبەزەییانە کوشتاری خەزەڵوەری لە کارنامەی خۆیدا تۆمار کرد. ئەوەیکە جێگەی سەرنجە چەند مانگ دوای ئەم کارەساتە و لە ڕێکەوتی ۱۲ی جۆزەردانی ۹۹ سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەمنیەتی میللی مەجلیسی ڕێژیم واتە موجتەبا زولنوور بەوپەڕی ڕووهەڵماڵراوییەوە ڕایگەیاند: ئەوەیکە لە خەزەڵوەردا ڕووی دا ڕووداوێکی «سروشتی» بوو و «تەنیا» ۲۰۰ تا ۲۲٥ کەس تێیدا کوژران!

ئەمە ئەوپەڕی «قەبێحبوونی» سیستمێکی حوکمڕانی نیشان دەدات کە نەتەنیا ئامادە نییە ئامارێکی ڕاستەقینە لەسەر جینایەتەکانی بڵاو بکاتەوە بەڵکوو لەوپەڕی بێشەرمیدا بڵێ «تەنیا» ۲۰۰ کەس کوژران کە مێشکی هەندێکیان لە «۳ میتری»یەوە کراوەتە ئامانج! وەک بڵێی باس لە کەوتنە خوارەوەی چەند تاشەبەردێک لە شاخەوە بکات کە بەخۆشییەوە خەساری گیان و ماڵی نەبووە! یان چەند سەر ئاژەڵ لەنیو چوون کە هەڵگری ڤایرۆسێکی مەترسیدار بوون و ئەگەر وامان نەکردبایە ئەوا ئەگەری لەنیوبردنی ژیانی هاوچەشنەکانی خۆیان و بوونەوەرەکانی تریشی لێدەکەوتەوە!

ڕێژیمێک بە وەها عەقڵیەت و تێگەیشتنێکەوە ئێستە بووەتە داشداری داکۆکیکردن لە گیانی هاووڵاتییەکی ڕەشپێست و داوای مافی مرۆڤ بۆ وڵاتێکی تر دەکات و نوسخەیان بۆ دەپێچێتەوە.

لەولاتریشەوە ئەم بەناو نوێنەری ڕێژیم وتوویەتی: «نارەزایەتییەکان ئارام بوون بەڵام میدیاکان و دەوڵەتە بێگانەکان دەستێوەردانیان لە ڕووداوەکەدا کرد و کارێکیان کرد کە خەساری ماڵی زۆرمان پێگەیشت!» بەڵام ئەو پرسیارە لە خۆی ناکات کە بۆچی دەرزی لە چاوی خەڵکدا دەبینێ بەڵام سووژن لە چاوی خۆیدا نا؟!

یان کاتێک مەئمورەکانی شارەداری لە کرماشان هێرش دەکەنە سەر «عاسیە پەناهی» پیرەژنی ٦۱ ساڵەی کرماشانی و دەیکوژن و ماڵەکەی بەسەریدا دەڕووخێنن بۆچی پرسی مافەکانی مرۆڤ گرینگی نییە و وەها کردارێکی قێزەونی چەند مەئموورێک ناچێتە خانەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە بەڵام کەیسی «جۆرج فلۆید» دەبێ بە پێشێلکاری مافی مرۆڤ بەئەژمار بێت؟

ئەوەیکە ڕوونە و حاشای لێناکرێت ئەو ڕاستییەیە کە ڕێژیمی تاران نەک بۆ داکۆکیکردن و لەڕووی خەمخۆری بۆ مرۆڤێک بیهەوێ دژ بە پێشێلکارانی مافی مرۆڤ هەڵوێست بگرێ و مرۆڤایەتی ڕزگار بکات بەڵکوو ئەم کردارەی ڕێژیم لە چەند ڕەهەندەوە بە چەند ئامانجی نادیارەوە خوێندنەوەی بۆ دەکریت: یەکەم ڕێژیم لەڕێگەی دەزگا تەبلیغی و پروپاگەندایەکانییەوە لە هەوڵدایە کە بە «ڕەپاڵنان» و «دیترهاوێژی» ئەو ڕووداوە بکاتە کارەساتێکی جیهانی و ناڕاستەوخۆ ئەو زەینییەتە ساز بکات کە ئەگەر لە ئێراندا خەڵکانیکی ناڕازی دەکوژرێن یان کوژراون ئەوە ڕووداوێکی ئاساییە و لە هەموو جیهاندا حاڵەتی وا دێتە پیش تەنانەت لە ئامریکا!

دووهەم، هەوڵدان بۆ قێزەون پیشاندانی ئامریکا و سیستمی بەڕێوەبەریی ئەو وڵاتە لای بیروڕای گشتی لە ئاستی جیهانی و بەتایبەت لای خەڵکانی ئێران و ناساندنی وەک سیستمێکی فاشیستی دڵڕەقە کە بەزەیی بە هیچ کەسێکدا نایەتەوە.

سێهەم، پێداگری کردنەوە لەسەر دوژمنایەتی چەندین و چەند ساڵەی خۆی لەگەڵ ئامریکایە کە بە «شەیتانی گەورە» وەسفی کردووە و ساڵانێکە نانی لێ دەخوات.

چوارەم، بەگشتی لەو وڵاتانەدا کە «تێئۆری پیلانداڕێژی» بوونی هەیە (یەک لەوان ئێران) هەمیشە هەوڵ دەدرێت بێ گوێدان بە بەڵگە و داکیۆمینت پەرە بە هەندێ فەرز و سیناریۆی زەینی بدرێت و بە سازکردنی ئاوی لێڵ ماسی بگیردرێ.

هەر لەم ڕوانینەشەوە دەکرێ خوێندنەوە بۆ کوشتارەکان لە ساڵانی ڕابردوو لە ئێراندا بکرێ؛ کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی ئەم بیردۆزەوە (واتە ڕەپاڵدان) ڕووداوەکانی کوردستان و کوشتارەکان لە ناوچە عەرەبنشینەکانی ئێران دەخاتە ئەستۆی وڵاتانی بێگانە و حیزبە دژبەرەکانی ڕێژیم کە وەک ئەوان دەڵێن و وتوویانە سەرقاڵی سازکردنی بشێوی و ئاژاوە و نائەمن کردنی ئێرانن؛ کەواتە ئەوەیکە کاربەدەستانی ڕێژیم دەیکەن نەک داکۆکیکردن لە مافی پێشێلکراوی کەسێکی ئامریکایی بەڵکوو سەرپۆشدانانە لەسەر جینایەتەکانی ڕابردووی خۆی کە هەناسەی لە مرۆڤەکان بڕیوە و ناهێڵێ هەناسە بکێشن!

# تیرۆری بێدەنگ




**سۆران شەمسی**

کوشتنی ١٩ کەس لە کارمەندانی ناوچەی کنارەک بە هۆی لێدانی موشەک، جارێکی تر باسی گیانبەختکردنی ئاگریی خۆیی لە ناوەندی پاساوی کۆمەڵان «دای نا» ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە سەردەمی شەڕی هەشت ساڵە تا ئێستا، زۆربەی دۆسییەکان بەتایبەت بە ئاگری خۆیی لە هێڵی سووری نەنووسراوی مێژوونووسی ڕەسمی لە ئێران ئەژمار نەکراوە.

لە ٢٧ ی ڕەزبەری ١٣٥٩ ناوچەی مێهران لە کەنداو بووە ئامانجی فانتۆمێکی ئێرانی و نوقم بوو. لە دوای ئەم ڕووداوە کە بووە هۆی کوژرانی ٣١ کەس ناوچەیەکی تر بە ناوی تێران بۆ یارمەتی بۆ کارمەندەکانی مێهران بۆ ناوچەکە چوو، بەڵام تێرانیش بووە ئامانجی لێدانی فانتۆمێکی خۆیی و بووە هۆی لە کارکەوتنی، هەرچەندە ئەوی دیکەیان نوقم نەکرد.

لە ١٥ی گەلاوێژی ١٣٦٦ لە دوای هەڵمەتێکی هەستیار بۆ دەستنیشانکردن لە خاکی عێراق لە کاتی گەڕانەوە بۆ ئێران، لە ناوچەی چالاکی سەردەشت فڕۆکەیەکی ئەرتەش بووە ئامانجی لێدانی پەدافەندی خۆیی و کوژرا؛ هەرچەندە تا ساڵێک دوای ئەوە لایەنگرانی ڕاگەیاندنەکانی ئێران لە شێوە ئاگری خۆیی لە ئەم ڕووداوە بێ هەواڵ بوون، بەڵام حەسەن ڕوحانی کە لەو قۆناغەدا بەرپرسی پەدافەندی ئاسمانیی ئێرانی لە ئەستۆ بوو، لە ١٩ی بانەمەڕی ١٣٩٢ لە وەڵامی پرسیارێک سەبارەت بە چارەنووسی فڕۆکەوانەکە وتی: ئامانجگیریی تەیارەکە لەلایەن پەدافەندی ئاسمانییەوە نەبووە بەڵکوو لەلایەن سەربازێکی بەسیجی لە نزیک سنوور بوو کە پێی وابووە هێرشی ئاسمانی ڕووی داوە بە تۆپی عەرزی لێی داوە، زۆربەی فڕۆکەوانەکانی ئێرانیش، بە تایبەت لە سەرەتای شەڕ بوونەتە ئامانجی لێدانی خۆیی.

هێزەکانی سپا و بەسیج بە چەندین جار تەقەیان لە تەیارەی خۆیی ئەکرد، ئاگری خۆیی، بووە هۆی کوژرانی دەیان فڕۆکەوانی ئێرانی لە شەڕدا بەچەشنێک کە ئەوترێت لە شەش مانگی سەرەتای شەڕدا، ڕێژەی فڕۆکەوانەکان کە لە خاکی ئێران گیانی خۆیان لە دەست داوە، لە ڕێژەی هاوڕێبوارانیان کە لە خاکی عێراق کوژراون زیاتر بووە.

بە پێی ئامارەکانی بەر دەست لە کۆی ١٠٥ فڕۆکەوانی گیانبەختکردووی هێزی ئاسمانیی ئەرتەشی ئێران لە شەش مانگی سەرەتای شەڕی ئێران و عێراق واتە لە ٣١ بانەمەڕەوە هەتا ڕەشەمەی ١٣٥٩ ، ٦١ کەس بە هۆی لێدانی پەدافەندەوە لە خاکی ئێران بوونەتە ئامانج. تەنیا لە یەک مانگی سەرەتای شەڕ واتە تا کۆتایی مانگی ڕەزبەری ساڵی ٥٩ تا ڕادەیەک بەشێک لەناوچوونی هێزی ئاسمانیی ئەرتەشی ئێران بە هۆی لێدانی پەدافەند لە ناو خاکی خۆیی بووە، تەنیا لە ١٤ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٥٩ لە یەک ڕۆژدا ٣ دانە تەیارەی فانتۆم بە هۆی لێدانی هەڵەی پەدافەندی خۆیی بوونە ئامانج و شەش فڕۆکەوان کوژران کە زۆربەی ئەم هەڵانە لەلایەن سپاوە ڕوی داوە.

هۆکاری ئەم هەڵانە جگە لە نەبوونی فەرماندەیی یەکپارچە و نەبوونی هاوئاهەنگی ئەبێت بە فەزا پەرێشانیی وڵات دوای شۆڕشی ئایینی پێوەندی پێوە زانی بە شێوەیەک زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە بابەتی ئاگری پەدافەند قەراریان ئەگرت زۆربەیان هێزەکانی بەسیج یان سپای پاسداران بوون کە لە بارودۆخی ئاگر بەدەست لە هەبوونی قۆناغی سوور، بەبێ ڕەچاوی سیگناڵەکانی یاریکردن لەسەر ئەسکوپ بەس بە نێوەندگیری بینینی تەیارە لە ئاسمان هەڵساون بە لێدانی قورس و ڕێژەیەکی زۆری تەیارەی خۆییش بەو بۆنەیەوە بەر لێدان کەوتوون.

کەوتنە خوارەوەی تەیارەی بۆئینگ ٧٣٧ کە پەیوەست بوو بە کۆمپانیای تەیارەی ئۆکراینی کە ڕۆژی ١٨ ی بەفرانباری ٩٨ لە سەر ئاسمانی ئێران لە لایەن پەدافەندی ئاسمانیی TOR M١سپای پاسداران ئەنجام درا، ناتوانرێ تەنیا وەکوو یەک دیاردە پێچانداو بە خۆی سەیر بکرێت؛ ئەو ڕووداوە کە بووە هۆی کوژرانی ١٧٦ کەس، دەبێت لە ڕوانگەی ڕووداوی سیاسیی کۆمەڵایەتیی ئێران و بە شێوەی چەند لایەنە سەیر بکرێت تا بتوانین شێوەیەکی ڕوونتر بە دەست بهێنین.

جووڵانەوەی خەزەڵوەری ٩٨ ژمارەیەکی تا ڕادەیەک نزیک بە ١٥٠٠ کوژراو و هەزاران بریندار و دەستبەسەر، برینێکی قووڵ بە جەستەی کۆمەڵگاوە بە جێ هێشت و مەودای نێوان حکوومەت و نەتەوە جۆراوجۆرەکانی زیاتر لە هەر کاتێکی تر قووڵ و پڕ کێشە کرد، کوژرانی تیرۆریست قاسم سلێمانی، فەرماندەی هێزی تیرۆریستی سپای قودس لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە ئەو کاتەی بە حکوومەت بەخشی تا بە ناشتنی بە ڕواڵەت شکۆمەند کە بووە هۆی کوشتنی دەیان کەس، برینی جووڵەی خەزەڵوەر تا ڕادەیەک سارێژ بکات یان لانیکەم بە جۆرێکی پێچانداو بکات.

ڕێژیم کە ئەیزانی ئەو ڕۆحیەتە تێدەپەڕێت، هەر زوو لە هەوڵی تۆڵەدا بوو تا ئاگری ئەو گەرمیە دانەمرکێ و بیری هەموان لە کێشەی ناوخۆ بە دەرەکی جێگیر بمێنێتەوە. ئەو هەڵەشەیە ببێتە هۆی لێدانی ٢٢ موشەک لە سنووری ڕۆژاوای وڵات بە مەقەڕی ئەلئەسەد و ئەمریکاییەکان لە عێراق بوو، ئەگەرچی بە ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە لە ڕێگای چوار وڵاتەوە ئەنجام درا، هەر بەو هۆیەشەوە لە هێڵی سووری ئەمریکاییەکان تێنەپەڕی و تەنیا ١١ زەربەی لێ درا.

دوایین دایرەی ئەم لە ڕێگەبەدەرکردنی بیروڕای گشتی لە هەراو بگرەی ناوخۆ، کەوتنە خوارەوەی تەیارەی ئۆکراینی بە دوو موشەک TOR M١ لە نێوان ٣٠ چرکەدا بوو، لەگەڵ ئەوەی سپا ناچار بە وتنی ڕاستی بە لێدانی ئەو مووشەکانە بووە، بەڵام پرسیارێکی زۆر ئێستاش لە دەرەوەی ئەم ڕووداوە ماوەتەوە؛ لێدان لە چ بارودۆخێکدا ئەنجام دراوە؟ ئایا لێدان بە بەرنامە و پلان بووە یان لە نەزانین بووە؟ و پرسیاری سەرەکی ئەوەیە؛ بۆچی لە قۆناغی شەڕ ئاسمانی وڵات بە ڕووی تەیارەکانی موسافیربەری و غەیرەنیزامی کراوە بووە؟ بەپێی لێکۆڵینەوەی کارناسان، ئێران بە ٩ ناوچەی پەدافەندی ئاسمانی دابەش بووە، بەرپرسی هاوئاهەنگی چالاکییەکانی پەدافەندی ئاسمانی و سپا، لە ئەستۆی قەرارگای خاتەمولئەنبیایە، چەند ڕۆژ پێش کوشتنی تیرۆریست قاسم سلێمانی، ڕێژیم لە بەرانبەر تۆڵەکردنەوە، تۆڵەیەک کە بە پەشۆکاری، ناڕێکی و هەڵوەشاوەیی ئەنجام دراوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە وەکوو نموونە، ڕووداوی مەرگەساتی بووینگ ٧٣٧ ئۆکراینی، بە سزای فەرماندەکانی تاوانبار لە کەوتنەخوارەوەی تەیارەکە نەبوو، تەنانەت هاوکات بە زۆری ئەمنیەتی لەسەر بنەماڵەکان، بەشێک لە چالاکوانانی کۆمەڵایەتی تەنانەت دەستبەسەرکران.

گەورەترین زەربەیەک کە ڕێژیمی ئێران لەم ڕووداوە لێی ئەدرێت، لەدەستدانی متمانەیە، لەبەر ئەوەی بۆ دووهەمین جار لە ماوەی کەمتر لە شەش مانگ کە مووشەکی بە ئامانجی خۆیی لێ ئەدات و ڕێژەیەکی زۆر کوژراوی ئەبێت، ئەمە هەمان سیاسەتی درۆیە کە خەڵکانی ئێران لە ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی تەیارەی ئۆکراینی و لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو ئاگاداری ئەوە بوون.

وێستگە

## هاوسەرگیریی پێشوەختە و چەواشەکارییەکانی ڕێژیم



**نووسین: هێمۆ**

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان، بەهمەن موورادنیا پارێزگاری سنە لە کۆبوونەوەیەکدا باسی لەوە کرد کە لە هۆکارە سەرەکییەکانی زۆربوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە، بۆ هاوسەرگیریی پێشوەختەی کچان دەگەڕێتەوە کە لە خوێندنیش دادەبڕێن.

ئەم بەرپرسەی ڕێژیم باسی لەوە کردووە کە دەبێ لە کەسایەتییە ئایینییەکان، کەسانی جێگای متمانە و کەسایەتییە ناسراوەکانی زانکۆکان وەکوو کەسانێک کەڵک وەربگیردرێت تاکوو دیاردەی منداڵ هاوسەری لە کچاندا بنبڕ بکرێت.

ئەمە لەحاڵێکدایە کە خودی ڕێژیمی ئێران لە ڕێگای یاسا و شەرعەوە سەرەکیترین هۆکار بۆ زۆربوونەوەی ئەم دیاردەیە بە ئەژمار دێت و لە ڕاستیدا قسەکانی موورادنیا هیچ لە بابەتە ناگۆڕێت جگە لەوەی کە چەواشەکارییەکی ئاشکرا نیشان بدات.

هاوسەرگیریی پێشوەختە یەکێک لەو دیاردانەیە کە لە کۆمەڵگای ئێراندا بە زەقی دەبیندرێت و لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا کچ یان کوڕ پێش لە گەیشتن بە تەمەنی ١٨ ساڵ دەچنە نێو ژیانی هاوبەشەوە.

بەگوێرەی ماددەی ١ی کۆنوانسیۆنی مافی منداڵان، کەسانی خوارەوەی تەمەنی ١٨ ساڵ، وەک منداڵ پێناسە دەکرێن و هاوسەرگیریی ئەو کەسانە، بە هاوسەرگیریی پێشوەختە ناوزەد دەکرێت، چونکە کچ پێش لە گەیشتن بە تەمەنی ١٨ ساڵان، لە بواری فیزیکی، فیزیۆلۆژیکی و دەروونییەوە ئامادەی قەبووڵ کردنی بەرپرسایەتیی هاوسەرگیری و درووستکردنی منداڵ نییە و کوڕیش لەو تەمەنەدا ناتوانێ بەرپرسایەتیی ژیان و دابینکردنی بژێوی ژیان لە ئەستۆ بگرێت.

هاوسەرگیریی پێشوەختە یان منداڵ هاوسەری، بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەسەر سڵامەتی منداڵان کاریگەری هەیە و ئەتوانێ نەخۆشیگەلی فیزیکی و دەروونی بۆ هەر دوو ڕەگەز بە دوای خۆیدا بێنێت کە لەم بوارەدا کچان بەهۆی هەستیاربوونی باری فیزیۆلۆژیکی زۆرتر مەترسییان لە سەر دەبێت.

چالاکانی بواری منداڵان و ژنان ساڵانێکە لە هەوڵدان کە بە گۆڕینی یاساکان لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ڕێژیمی ئێراندا، لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری بۆ کچان، بگەیێننە ١٦ ساڵ و بۆ کوڕانیش ١٨ ساڵ و هەروەها بەگشتیش هاوسەرگیریی کچانی خوارەوەی تەمەنی ١٣ ساڵ قەدەغە بکەن.

ئەم گەڵاڵەیە کە بە گەڵاڵەی «منداڵ هاوسەری» ناسراوە، لە ساڵی ١٣٩٥ەوە، دەستی پێکرد؛ دواتر لە سەرماوەزی ١٣٩٦دا، کەوتە بەر دیدی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران و لە کۆتاییشدا سەرەڕای گۆڕینی ماددەی ١٠٤١ی یاسای مەدەنی، بەو شێوەیە کە هاوسەرگیریی کچانی خوارەوەی تەمەنی ١٣ ساڵ و کوڕانی خوارەوەی تەمەنی ١٦ ساڵ قەدەغە بکرێت و هەروەها هاوسەرگیریی کچانی نێوان تەمەنی ١٣ هەتا ١٦ ساڵ و کوڕانی نێوان تەمەنی ١٦ هەتا ١٨ ساڵ بە ئیزنی سەرپەرست بکرێت، لە لایەن کۆمیسیۆنی حقوقی و دادوەریی مەجلیسی ڕێژیمەوە ڕەت کرایەوە.

ئەو کچانەی کە لە تەمەنی خوارەوەدا هاوسەرگیری دەکەن زۆرتر دەکەونە بەر توندوتیژییە بنەماڵەییەکان و کەڵکئاوەژووی جنسیان لێدەکرێت و تەنانەت تووشی پێوەندیی سێکسیی زۆرەملێش لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە دەبن.

لە لایەکی دیکەشەوە، هاوسەرگیریی پێشوەختە، لە بواری دەروونییەوە، ئاسەواری نەرێنی بەتایبەت لە کچدا بەجێدەهێڵێت.

لە تەمەنی خوارەوەدا، کچ لە دنیای منداڵی دوور دەبێتەوە، پێوەندیی لەگەڵ بنەماڵەکەی و هاوڕێکانی دەپچڕێت، بەرپرسایەتییەکی قورس دەکەوێتە سەر شانی و کار و چالاکییەکانیشی تەنیا دەچێتە قاڵبی ماڵ و منداڵدارییەوە کە ئەمەش ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ نەخۆشییە دەروونییەکانی وەک خەمۆکی و سترێس.

ئەوەی کە بەرپرسێکی ڕێژیم سەرەکیترین هۆکاری جیابوونەوەی کچان پاش هاوسەرگیری دەگەڕێنێتەوە سەر دیاردەی منداڵ هاوسەری لە دوو ڕووەوە دەکرێ باسی لێ بکرێت. سەرەتا ئەوە خودی ڕێژیمە کە ئیزن بەم شێوازە لە هاوسەرگیری دەدات و هیچ بەربەستێکی یاسایی یان سزایەکی بۆ دانەناوە تاکوو بتوانێ ڕۆڵی پێشگیریکارانە بگێڕێ، لە لایەکی دیکەشەوە بە سەرنجدان بە ئاماری جیابوونەوە و ئاماری دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، دەردەکەوێ کە هۆکارە سەرەکییەکانی زۆربوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە زۆر زیاتر لەوەن کە تەنیا لە هاوسەرگیریی پێشوەختەی کچاندا و بە هۆی دابڕان لە خوێندن بەم هۆیەوە کورت بکرێتەوە.

کێشەگەلی وەک: بێکاری، نەبوونی داهاتی نەگۆڕ، نەبوونی کار و پیشەی گونجاو، نەبوونی دەرفەتی خوێندن بەتایبەت بۆ کچان، ئاسان بوونەوەی وەدەستخستنی ماددە هۆشبەرەکان و نەبوونی بنچینەی پەروەردەیی درووست لە کۆمەڵگا لە سەرەکیترین هۆکارەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختەن کە ڕەنگە زۆر کەسیش لە سەر ئەو بڕوایە بن کە هەژاری و بێدەرەتانییە کە وەک ئەکتەری سەرەکی ڕۆڵ ئەگێڕێ، بنەماڵەیەکی هەژار ناتوانێ تێچووی خوێندن و پێگەیاندنی منداڵەکەی دابین بکات، هەر بۆیە لە جیاتی ناچارکردنی کچەکەی بە لەشفرۆشی و سواڵکەری و زۆر کاری دیکە، هاوسەرگیری بە باشترین ڕێگەچارە بۆ ڕزگارکردنی ژیانی کچەکەی لە نەهامەتی دەزانێت .

منداڵ هاوسەری کۆمەڵێک ئاسەواری فیزیکی و دەروونیی خراپی بەدواوە دەبێت کە ئەویش جیا لە جیابوونەوە دیاردەگەلێکی دیکەی وەک: خەمۆکی و تەنانەت خۆکوژی بەدوای خۆیدا دێنێت و لە ئاکامدا جگە لە دووپاتبوونەوەی سووڕی هەژاریی فەرهەنگی و ئابووریی هیچ دەسکەوتێکی ئەرێنیی بەدواوە نابێت.

کەوایە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران باشترە لە جیاتی باس کردن لەو کێشانەی کە ڕوون و ئاشکرا لە کۆمەڵگادا هەن، بیر لە چارەسەرێکی گونجاو بکەنەوە چونکە چەواشەکارییەکان جیا لە قووڵکردنەوەی کێشەکان هیچی بەدواوە نابێت.

# بۆچی ڕێژیمی ئاخوندی پێشوازی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکات؟

سندووس

هەر لە سەرووبەندی دەنگۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شاری «ووهان»ی وڵاتی «چین» و مەترسییەکانیی، زۆر زوو بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە، بەشی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان هاتوچۆی زەوی و ئاسمانی خۆیان لەگەڵ چین ڕاگرت و هەوڵیان دا نەهێڵن ئەو پەتایە لە وڵاتی ئەواندا بڵاو ببێتەوە و گیانی هاووڵاتیانیان بکەوێتە مەترسییەوە.

پرسیارێک کە دێتە ئاراوە ئەوەیە:

ئەی ڕێژیمی ئاخوندیی بۆچی لە ڕێگەی فڕۆکەی «ماهان ئێر»ەوە نەک هەر هاتوچۆی ڕانەگرت، بگرە ئەو تەلەبانەی «حوزەی علمیەی قم» کە لە بەڕەچەڵەک چینی بوون و لە چوارچێوەی ڕێکخراوی پاشڤەخوازی «جامعە المصطفی»دا ڕێکخراون، سەفەر و هاتوچۆیان بۆ چین چەندقات کرا؟

ڕێژیمی ئاخوندیی چ پیلان و بەرنامەیەکی لە بن سەردایە لە هێنان و بڵاوکردنەوەی ئەو پەتایەدا و بۆچی تا ئێستا نەیهێشتووە ڕادەی درووستی قوربانیانی ڕابگەیەندرێ و بۆچی دەیهەوێ بە دزی و دوور لە ڕای گشتی جیهانی ئەم پەتایە بڵاوبکاتەوە و بەگشتی کۆمەڵانی خەڵک تێوەگلێنێ و فارس وتەنی «همەگیر»ی بکات و هیچ هاوکارییەکی نێودەوڵەتیش قەبوول ناکات و وەری ناگرێ؟

ئەو سیستمە گەندەڵ و ئاژاوەگێڕە لە ماوەی تەمەنی خۆیدا سەلماندوویەتی کە بۆ دەربازبوون لە قەیرانێک، لە هەموو قۆناغەکاندا قەیرانی قووڵتری خوڵقاندووە و بە هیچ شێوەیەک ژیانی تاک و کۆمەڵگای ئێرانی بەلاوە گرینگ نەبووە و هەموو شتێکی کردووە بە پردەبازی دەربازبوونی خۆی و سیستمە گەندەڵەکەی.

بەبڕوای من کۆماری ئاخوندی لە بڵاوکردنەوە و تەنەوەپێدانی پەتای کۆرۆنا، لە هەموو پارێزگاکانی ئێراندا چەندین مەبەستی سەرەکی هەبووە. دەنا زۆر هاسان بە بێ تێچوویەکی زۆر دەیتوانی هەر لە کاتی پەیدابوونی نیشانەکانی ئەم پەتایە لە شاری قۆم، ئەم شارە قەرەنتینە بکات و نەهێڵێ وەک ئاوری ناو پووشی بە چوار قولینچکی وڵاتدا بڵاو ببێتەوە و وەکوو هەڕەشە، بۆ وڵاتانی تر هەناردەی بکات.

بەپێی هەواڵی باوەڕپێکراو لە ڕۆژی ٢١ی بەفرانباری ساڵی ڕابردووەوە، نیزام زانیویە کە ئەم پەتایە گەیشتووەتە شاری «قۆم» و بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە ئەوەیە کە «مجتبی خامنەای» کوڕی ڕێبەری کۆماری ئاخوندی کە لە جێگەی باوکی لە «حوزەی علمیە« دەرسی «خارج فقە«ی وتووەتەوە، نەیانهێشتووە بێتە ئەو شارە و لە ڕاستیدا بەبێ ئەوەیکە لە هیچ شوێنێک باسی کرابێ، پێشگیری لە حازربوونی لە کلاسەکانی دەرسیدا کراوە.

خاڵی دووهەم بۆ سەلماندنی ئەوەیکە ڕێژیم دەیزانی و بە ئەنقەست شاردوویەتەوە ئەوەیە کە بۆ ڕێپێوانی ٢٢ی ڕێبەندان قاپەلێس و چڵکاوخۆرەکانی ڕێژیم دەبرێنە ڕێپێوان و دروشمی نەمان و فەوتانی ئەم و ئەویان پێ دەوترێتەوە. «ئیسماعیل قائانی» جێگرەوەی قاسم سولەیمانی بۆ سپای قودس، لە فەزایەکی گشتیدا دەردەکەوێ و دەبینرێ کە هەموو دەموچاوی داپۆشیوە. ئەوکات باوەڕ وابوو کە لەبەر هۆکاری تەناهیی ئەم کارەی کردووە کە دواتر دەرکەوت فەرماندەی تازەی سوپای قودس ئاگای لە هەبوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەبووە و بۆ خۆپارێزی لە بن شاڵی دەموچاوی، دەمامکیشی لێداوە.

بەڵام مەبەستەکانی کۆماری ئیسلامی لە بڵاوکردنەوەی ئەم پەتایە و ئەو بێدەنگییەی لەو ماوە زەمانییەدا ڕەچاوی کردووە دەتوانن ئەمانە بن:

١ . سەرەکیترین مەبەستی ڕێژیم لە بڵاوەپێکردنی ئەو پەتایە ئەوەیە کە بە بێدەنگی، جەماوەرێکی زۆر تێوەگلێنێ و بە سازکردنی قەیرانێکی لە ڕادەبەدەر گەورەی مرۆیی، لە ڕێگەی «مظلوم نمایی» و ڕای گشتییەوە گوشار بخەنە سەر ئامریکا تا بەڵکوو گەمارۆکانیان لەسەر لابەرێ و بۆ جارێکی تر دەستیان وەپوڵ و پارەی نەوت و فرۆشی کانگا ژێرزەوییەکانی تر ڕابگا و هەم خزمەتی مەرامە چەپەڵ و پاشڤەخوازەکانی خۆیانی پێبکەن و هەم لە ڕێگەی دابینکردنی پێداویستی ماڵیی گرووپە تیرۆریستییەکانی وەک حەشدی شەعبی، ڕێژیمی بەشار ئەسەد، جیهادی ئیسلامی و حەماسی فەلەستین، ئەنساڕوڵای یەمەن و حیزبوڵای لوبنان و ئەلقاعیدە و تالیبان و تەنانەت داعشیش، ئاژاوەی زیاتری لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا پێ بنێنەوە و هەمیش بتوانن دەرووی دزی و گەندەڵی و ئیختلاسی زیاتر، بۆ خۆیان بکەنەوە. دەمێکە کۆماری ئاخوندی لە ڕێگەی چین و وەزارەتخانەی کاروباری دەرەوەی ئەم وڵاتە و هێندێک میدیای جیهانیی بێ مێزەر و مەندیل و قۆڵەچۆماغەکانی خۆی لە فەزای مەجازیدا کەوتوونەتە جموجۆڵەوە و پەیامی سەرەکیشیان ئەوەیە کە ئامریکا گەر دەیهەوێ ئێران بتوانێ ڤایرۆسی کۆرۆنا بنەبڕ بکات، دەبێ گەمارۆکانی لەسەر لابەرێ.

دیارە نیشانە ڕەفتارییەکانی کۆماری ئیسلامی ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئەوان لە بیری ژیان و سڵامەتی ژیانی کۆمەڵانی خەڵک دانێن، ئەوان یارمەتی و هاوکاری جیهانیان بە مەبەستی هەوڵدان بۆ بنەبڕکردنی ئەو پەتایەیان ناوێ و بگرە ئەوەی وڵاتی فەڕانسە لە چوارچێوەی کەلوپەلی سەرەتایی بۆی ناردبوون، بە بێ چووکەترین دەستکاری کردنێک، سەریان لە بنکەکانی حەشدی شەعبی و حیزبوڵای لوبنان وەدەرخست و بۆی ناردوون. ئەوان هیچکام لەو شتانەیان کە ببنە هۆی پاکپارێزی کۆمەڵگا بەلاوە گرینگ نییە، بەڵکوو پوڵ و پارەیان پێویستە، چوونکە بە گەمارۆکان، ڕێگەی دزی و ئاژاوەیان لێ بەربەست کراوە. دەنا تا ئێستا هەم «ترامپ» و هەم «پۆمپیئۆ» و هەم «برایان هوک» و چەندین کاربەدەستی تر، بە دەیان جار ئەوەیان پاتە کردۆتەوە کە:

یەکەم، گەمارۆ لەسەر دەوا و دەرمان و شتومەکی پزیشکی دانەنراوە و دووهەم ئامادەی هاوکاری ئێرانن بۆ خەبات لە دژی ئەم پەتایە. دیارە تیمی مافیایی ئاخوندی چەند ڕۆژ پێش ئێستا تەنانەت پێشیان بە هاوکاریی ڕێکخراوی «دکتۆرانی بێ سنوور»یش گرت کە بڕیار بوو نەخۆشخانەی «صحرایی» لە نیزیک ئیسفەهان بە مەبەستی هاوکاری خەڵکانی ئێران چێ بکەن و پاساوی خوڕافی و بێ بنەمای زانستیشیان بۆ ئەم کارەی خۆیان دەهێنایەوە کە گۆیا ئەوان بەمەبەستی هاوکاری نایەن و بە پشت بەستن بە قسەکانی خامنەیی، ئەوەیان کاوێژ دەکردەوە کە گۆیا دێن تا بەڵکوو ڕادەی تێوەگلاوی جەماوەر و چۆنییەتی کارتێکردنی ئەم ڤایرۆسەیان لە سەر تاکی ئێرانی بۆ دەرکەوێ و «ژێن»ی ئێرانیان لە لابراتۆرەکانیاندا تاقی بکەنەوە و پیلانی دژایەتییەکی تری بۆ دابرێژن!!

لە بابەت سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە کۆماری ئاخوندی پێویستی بە پارەیە، نەک هاوکاری مرۆڤدۆستانە، وتەکانی حەسەن ڕووحانی، جەواد زەریف و بەرپرسی بانکی ناوەندی واتە ناسر هیممەتی، ئەم ڕاستییە دەردەخەن.

ڕووحانی ڕاستەوخۆ لە کۆبوونەوەی دەوڵەتەکەیدا دەڵێ: هاوکاری ئێوەمان پێویست نییە، ڕێگەی فرۆشی نەوت و ئاڵوێری بازرگانیمان پێ بدەن؛ یان جەواد زەریف دەڵێ: ئەگەر ڕاست دەکەن گەمارۆکان لابەرن و هیممەتیش داوای وامی پێنج میلیارد دۆلاری بێ سوود، لە سندووقی نێونەتەوەیی دراو دەکات و ... هتد.

٢ . قەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو قەیرانانەی بەرهەمی سیاسەتی چەوت و پڕ لە هەڵەی کۆماری ئاخوندییە، وەک گرانی، ئاوسانی دراویی، هەڵکشانی لە ڕادەبەدەری نرخی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، بێکاری، دزی و گەندەڵی سەرانی ڕێژیم و تەنانەت پێکانی فڕۆکە موسافیرهەڵگرە ئۆکراینییەکە و ئەو هەموو شەهیدە هەڵکەوتەیەی - کە هەموویان بە گشتی گەیشتبوونە ئاستی تەقینەوەی جەماوەری - ئەگەر بە شێوەی کاتیش بێ، لەبیر کۆمەڵانی خەڵک بەرێتەوە و ئێستا خەڵک لە بیری خۆپاراستن و ئاگامبێن وتەنی ژیانی ڕووتی خۆیاندا بن تا هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو سیستمە داخراو و تۆتالیتێرەی ئاخوندە کۆنەپەرەستەکان.

٣ . بە باوەڕی من بە بیانووی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، کۆماری ئاخوندی بەشێکی زۆر لە زیندانیانی سیاسی لە ناودەبات و دواجار بە پاساوی ئەم پەتایە خۆی لە وڵامدانەوە بە ڕای گشتی دەدزێتەوە و پێش بە نارەزایەتی کۆمەڵانی خەڵک و ڕێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ دەگرێ، هەر بۆیە پێویستە هەر لە ئێستاوە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان و پارێزەرانی مافی مرۆڤ، لە فێڵ و تەڵەکانی ئەم ڕێژیمە کۆنەپەرستە ئاگادار بکرێنەوە و ڕێگە نەدرێ ڕێژیم بەم کارە هەڵسێ.

ئەو خاڵانەی سەروو «مشتێ بوون لە هەشتێ» بۆ وڵامدانەوە بە پرسیاری: بۆچی کۆماری ئاخوندی پێشوازی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکات؟



# ڕانت و پرسی دەوڵەتی ڕانتی

ئاژوان مەریوان

ڕەنگە پرسیارێک بێتە ئاراوە کە بۆچی وڵاتگەلێک کە نەوت هەناردە دەکەن یان پشکی سەرەکیی دابینکردنی داهاتیان لە ڕێگەی نەوتەوەیە، لە ڕیزی وڵاتگەلی پێشکەوتوودا نین؟

وێدەچێت کە لە زۆربەی وڵاتگەلی نەوتی هەرچەندە نرخی نەوت هەڵدەکشێت، ئاستی خۆشگوزەرانیی ژیانی خەڵک دادەکشێت و کێشە و ئاڵۆزیی سیاسیی نێوخۆیی ئەو وڵاتە زێدەتر دەبێت. لەم وڵاتگەلەدا «ڕانت» دەبێتە هۆی ئەوەی کە چینی لێهاتوو و نوخبەی کۆمەڵگە لەدوای سەرمایەگوزاری و بەرهەمهێنان نەکەون، ئاستی بەرهەمهێنان دادەبەزێت، بێکاری پەرە دەستێنێت و سیستمی دابەشکردنی داهات ناکارامە دەبێت. لەو حاڵەتەدا دۆخێک دێتە ئاراوە کە خەڵکانێک دەبنە خاوەنی داهاتێکی زۆر کە لە ڕێگەی کارەوە بەدەست نەهاتووە و ئەم ناعەداڵەتی و گەندەڵییە کۆی سیستمەکانی ئەو وڵاتە لێک هەڵدەپسێنێت و بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی ناڕازی پێک دەهێنێت.

لە وڵاتگەلی پێشکەوتوودا، دەوڵەت ڕۆڵی کارفەرمایەک دەگێڕێت، کارفەرمایەک کە بە وەرگرتنی باج (ماڵیات) لە خەڵک پارە دەستێنێت و تەناهی دەپارێزێت و وڵات بەڕێوە دەبات، بە پێچەوانەشەوە خەڵکیش چاوەڕوانی و خواستی خۆیان لە دەوڵەت دەبێت و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی دەکەن، خودی ئەم مێکانیزمە دەبێتە هۆی پێشکەوتن و گەشەی دیموکراسی لەو وڵاتەدا.

لە وڵاتگەلی نەوتی، پاڵپشتی سەرەکیی داهاتی دەوڵەت، نەوتە و هەر ئەوە دەبێتە هۆی کەمتر بایەخدان بە وەرگرتنی باج لە هاووڵاتیان؛ هەر بەم هۆیەوە پێویستیی دەوڵەت بە هاووڵاتییان کەمتر دەبێت و بەپێچەوانەوە هاووڵاتیان بە دەوڵەت گرێدراو دەبن کە ئەم ڕەوتە ڕێگەی دیموکراسی خاو دەکات و بەرەو بونبەستی دەبات.

پێناسەی ڕانت:

ڕانت دەستەواژەیەکە کە لە زانستی ئابوورییەوە هاتووەتە نێو جیهانی سیاسەت و ئابووریی سیاسی. بەگشتی ڕانت لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بە داهاتگەلێک ئاماژە دەکات کە بەبێ ماندووبوون و زەحمەتی فیزیکی و هزری وەدەست هاتوون، واتە لە ڕێگەی کار و چالاکیی بەرهەمهێنانەوە نییە.

داهاتێک کە دەوڵەتێک لە فرۆشی سەرچاوە کانزانییە ژێرزەوییەکان و نەوت لە دەرەوەی وڵاتەکەیدا وەدەستی دەهێنێت و ڕاستەوخۆ دەخرێتە خەزانەی دەوڵەتەوە کە هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ بەرهەمهێنان و چالاکیی ئابووریی نێوخۆیی وڵاتەوە نییە، لە ئابووریدا بەم داهاتگەلە دەڵێن سەرەکیترین سەرچاوەکانی ڕانت. نموونەی بەرچاوی ئەم داهاتگەلە دەکرێت بە نەوت، گاز، ئۆرانیۆم و گوگرد و... .

بە واتایەکی ڕوونتر ڕانت ئیمتیازێکی پاوانکراوە کە بە دوور لە هەر شێوە ڕکەبەرایەتی و ململانێی ئابووری نەسیبی گرووپ یا کەسانێکی تایبەت دەبێت.

سیستمی ڕانتی کە ڕەهەندێکی ئابووریی دەسەڵاتی نادیموکراتیکە، قازانج و ئیمتیازی خاوەن ڕانت نە لەلایەن ڕکەبەرەکانییەوە دەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە و نە لەلایەن کڕیاران لە بازاڕدا؛ لەم سیستمە ئابوورییەدا کەمینەیەکی تایبەت لە سەرچاوە و قازانجە ئابوورییەکان بەهرەوەر دەبن و زۆرینەی هاووڵاتیان بێبەش.

تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی ڕانتی:

لە ڕوانگەی ئابووریناسانەوە سێ تایبەتمەندی بۆ دەوڵەتی ڕانتی پێناسە کراوە؛

یەکەم: دەوڵەتی ڕانتی بە دەوڵەتێک دەوترێت کە زۆرینەی داهاتی وڵاتەکەی لە ڕێگەی ڕانتەوە دابین کرابێت، واتە لە ڕێگەی فرۆشتنی یەک یا چەند ماددە و سەرچاوەی کانزایی و نەوتەوە بەدەست هێنرابێت.

دووەم: ئەم داهاتە دەبێ لە دەرەوەی وڵاتەکەوە دابین کرابێت، واتە فرۆشتنی سەرچاوەکان بە دەرەوەی وڵات.

سێیەم: دەوڵەتی ڕانتی پشکی سەرەکیی ئەم داهاتگەلە وەربگرێت و بڕواتە خەزێنەیەوە.

وڵاتگەلێک کە ئابوورییان لەسەر دوو بنەمای نەوت و ئابووریی دەوڵەتییەوە بەڕێوە دەچێت زۆرترین تایبەتمەندیی بە ڕانتی بوونیان تێدایە، لە بەر ئەو هۆکارەی کە ماڵکییەتی ئەو سەرچاوە سروشتیگەلە بەگشتی ڕوون نییە.

تیۆریی دەوڵەتی ڕانتی هەوڵێکە بۆ تەبینی ئەم پرسە کە بۆچی وڵاتگەلێک کە ئاستێکی بەرچاو لە داهاتیان لە وڵاتگەلی دیکەوە دابین دەکرێت، دەوڵەت مەیلی بەرەو سەربەخۆبوون لە هاووڵاتییان و ڕۆیشتن بەرەو ڕێڕەوی خودمێحوەریی هەیە. هەروەها دەوڵەت و ئابووریی ڕانتی، هزر و ڕەفتاری ڕانتی پێک دەهێنێت کە لە درێژماوەدا ئابووریی وڵات بەرەو دارمان دەکشێنێت.

دەوڵەتی ڕانتی بایەخێکی ئەوتۆ بە داهاتی باج و بەشداریی هاووڵاتیان لە پرۆسەی بەرهەمهێنان نادات و وەکوو دەسەڵاتێکی ملهوڕ لە ئاستێکی باڵادا لە هەموو بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وڵاتەکەیدا دەستێوەردان دەکات.

دەوڵەتی بەرهەمهێنەر بۆ دابینکردنی داهاتەکانی لە وەرگرتنی باج لەسەر ئابووریی نێوخۆیی خۆی کەڵک وەردەگرێت و ناچار دەبێت ڕەچاوی هەڵوێست و بڕیارەکانی هاووڵاتییانی لە پرۆسەی سیاسیدا بکات و بەم شێوە پرۆسەی دیموکراسی لە وڵاتدا بەرەو پێش بڕوات، لەبەر ئەوەی هاووڵاتییان بە دانی باجی قورس پاڵپشتیی دەوڵەتەکەیان دەکەن.

ڕەنگە وەها وێنا بکرێت کە دەوڵەتی ڕانتی بە خەرجکردنی داهاتی ڕانت لە پرۆژەگەلی مەزنی ئاوەدانکردنەوە و ژێرخانی وەکوو بەنداو و ڕێگەوبان بەبێ کەڵک وەرگرتن لە باجی هاووڵاتیان ڕێگەی گەیشتن بە ئاسۆی گەشەی ئابووری و دەوڵەتی پێشکەوتوو خێراتر بپێوێت؛ بەڵام ئەزموون نیشانی داوە کە لە کردەوەدا هیچ کام لە وڵاتانی ڕانتی لەم ڕێگەیەدا سەرکەوتوو نەبوونە و بوونەتە جێگەی سەرسووڕمانی خەڵکەکەیان.

ئابووریناسان وەڵامێک کە بەم کێشەیەیان داوەتەوە، پێیان وایە کە ڕانت، وەکوو مشەخۆر، پیرۆزترین بنەما لە هزری کۆمەڵایەتی کە «کاری سەختە» لە بنج و بنەوایەوە لەنێو دەبات و کۆمەڵگەیەکی مەعاشخۆر، بەرهەمنەهێنەر و چاو لەدەستی دەوڵەت پێک دەهێنێت.

زۆرینەی سیستمی ئابووریی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا لەسەر مۆدێلی دەوڵەتی ڕانتی دامەزراون؛ بەتایبەت بە ئاماژەدان بەو پێناسەگەلەی سەرەوە، وڵاتی ئێران هەموو پێناسەکانی دەوڵەتی ڕانتیی تێدا بەدی دەکرێت، بەپێی ئەزموون لە سروشتی وڵاتانی مۆدێلی ڕانتیدا دەرفەتی گۆڕان و ڕیفۆرمی سیاسی پێک نایەت و لە ئاکامدا لە ڕێگەی شۆڕشەوە تووشی گۆڕانکاریی سیاسی و بنچینەیی دەبن.

هەندێک لەو وڵاتانەی کە لەسەر بنەمای مۆدێلی ڕانتین، بە حوکمی گۆڕانکاریی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، گۆڕینی ئۆلگووی بەکاربردن، تەوژمی گۆلۆبالیزاسیۆن، چوونە سەرەوەی هەژماری دانیشتووانی، پێشکەوتنی کەرەستەکانی پێوەندی و تێکنۆلۆژیا، هەندێک گۆڕانکاریی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییان پێک هێناوە وەکوو، کردنەوەی دەروازەی سەرمایەگوزاری بەرەو وڵاتانی دەرەوە، چکۆلەکردنەوەی دەوڵەت، وەرگرتنی باج، لابردنی سووبسیدەکان، دەرچوون لە ئابووریی تاکبەرهەمی و گرینگیدان بە بەرهەمی نێوخۆیی توانراوە بەرەو شکڵێکی نوێ لە سیستمی ئابووری بڕۆن کە بە قۆناخی دوایی و کۆتایی لە دەوڵەتی ڕانتی ناودێر دەکرێت؛ بۆ نموونە دەکرێت ئاماژە بە وڵاتانی ئیمارات و قەتەر بکەین.

بەڵام لە وڵاتگەلێکدا کە نەتوانراوە ئەم چەشنە گۆڕانکارییە پێک بهێنن و لە سیستمی ڕانتی بترازێن و ئەم وڵاتگەلە چیتر توانایی دابینکردنی بژێویی ژیانی هاووڵاتییان و داواکارییەکانیان نامێنێت، پەنا دەبەنە بەر ڕێگەگەلێک وەکوو هەوڵدان بۆ دابینکردنی بژێویی ژیانی هاووڵاتیانیان بە کەڵک وەرگرتن لە داهاتی بەشێکی دیکەی هاووڵاتیانیان و چیتر ئابووریی ڕانتی دابینی داهاتیان ناکات و بە چارەنووسی شۆڕش و گۆڕانی بنچینەیی سیاسییەوە تووش دەبن و هیچ دەرفەت و ڕێگایەکی ڕیفۆرمی ئابووری و سیاسی لەو وڵاتگەلەدا بوونی نامێنێت، ئەم وڵاتگەلە چیتر نە تونای دابینکردنی داهاتی خۆیان دەبێت و نە دەتوانن بگەڕێنەوە لەسەر شکڵی سەرەتایی مۆدێلی ڕانتیان و دەبنە دەوڵەتی مشەخۆر و تێکڕووخاو و شۆڕشێکی بنچینەیی چارەنووسیان یەکلایی دەکاتەوە.

# کێ تاوانباری سەرەکییە؟

ئاسۆ مێنبەری

کچێکی ١٣ ساڵان بە دەستی باوکی کوژرا
باوکێک بە ناوی ناموسەوە کچەکەی خۆی کوشت
ڕۆمینا بە تاوانی خۆشویستن کوژرا
باوکی ڕۆمینا پێش لە کوشتنی سەبارەت بە یاساکان پرسیاری کردبوو
ئەمانە تەنیا چەند سەردێڕێک لە سەدان سەردێڕی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە مەرگی ڕۆمینای ١٣ ساڵانن.

١ی جۆزەردانی ٩٩ بوو کە هەواڵی کوژرانی کچێکی مێرمنداڵ لە تاڵش بە دەستی باوکی و لە کاتی خەودا، بوو بە پڕ بینەرترین هەواڵی نێو سوشیاڵ میدیا و ماڵپەڕە جۆراوجۆرەکان.

کوشتنێک کە بە ناوی قەتڵی ناموسییەوە ساڵانێکی زۆرە کە کۆمەڵگای ئێرانی گرتووەتەوە و هەموو ساڵێک ڕووداوێکی لەو چەشنە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تووشی ئازارێکی قووڵ دەکات.

بەڵام ئەی بۆ کۆتایی پێ نایەت؟ بۆ هیچ کەس ئەزموون وەرناگرێت و هەست بەوە ناکات کە مافی کوشتن و ئەستاندنی گیانی هیچ بوونەوەرێکی نییە ؟ کێ تاوانباری سەرەکییە؟

کوشتنی ژنان بە ناوی ناموسەوە یەکێک لە دڵتەزێنترین توندوتیژی و کردەوەکانی بەرانبەر بە ژنان بەئەژمار دێت، لە ڕاستیدا ئەو ژنانەی کە لە لایەن پیاوانەوە و بە ناوی قەتڵی ناموسییەوە دەکوژرێن، تەنیا بە بیانووی لەکەدارکردنی شەرافەتی بنەماڵەکانیان سزا دەدرێن.

بەڵام ئایا کەسێک هەیە کە بتوانێ ناموس و شەرافەت پێناسە بکات؟

لە هۆکارە سەرەکییەکانی قەتڵە ناموسییەکان لە ئێراندا ئەمانەن:

پێشگرتنی بنەماڵەکان لە هاوسەرگیریی کچەکانیان لەگەڵ کەسێک کە بەدڵی ئەوان نییە کە لە ئاکامدا سەرکێشیی کچەکە قەتڵێکی ناموسیی لێ دەبێتەوە قوربانی بوونی ژنان و کچان بەهۆی دەستدرێژیی جنسی کە لەم حاڵەتەدا بنەماڵەکان جیا لە ڕێنوێنی و ئاگاداربوون لە دۆخی دەروونیی کچەکەیان دەست دەبەن بۆ کوشتنی جیابوونەوە کە لە زۆر حاڵەتدا بنەماڵەکان ئەمە بە شکاندنی تابۆ دەبینین و لە سەر ئەو بڕوا هەڵەیە کە کچ بە جلی سپییەوە دەچێتە ماڵی مێرد و بە کەفەنی سپییەوە دێتە دەرەوە، دەست بۆ کوشتنی کچەکانیان دەبەن یان پیاوانێک کە لە بەرانبەر تێکچوونی ژیانیان لە گەڵ هاوسەرەکانیان و جیابوونەوە ڕێگە چارەی کڕینەوەی ئابڕووی خۆیان ـ کە لە لایەن کۆمەڵگاوە ـ پێناسە کراوە قەتڵی ناموسی ئەنجام دەدەن؛ هەروەها پێوەندیی ناشەرعی و نایاسایی لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەر کە لەم حاڵەتەشدا زۆربەی جارەکان لە ڕووی شک و گومان و بە گوێدان بە قسە و قسەلۆک، پیاوانی بنەماڵە بە بێ هیچ ڕەوتێکی یاسایی و مرۆیی، لە دادگاییەکی عەشیرەتیدا ژنان بە مردن مەحکووم دەکەن و قەتڵی ناموسی ڕوو دەدات

بەڵام ئایا تاکوو ئێستا هیچ پیاوێک لەو کۆمەڵگا نەریتییەدا تووشی تاوان نەبووە؟

ئایا پیاوانیش بە هەمان شێوە بە قەتڵ و کوشتن لە لایەن ژنان یان پیاوانەوە مەحکووم کراون؟

لە ڕاستیدا لایەنی بەرانبەری هەموو ئەم حاڵەتانە، پیاوێکی لێیە، بەڵام کێ مافی بەو پیاوە داوە کە ژن بە تاوانبار بناسێت و بە بێ ئەوەی هیچ لێپرسینەوە و سزایەک دواتر چاوەڕێی بکات، ڕێژەی ژنانی قوربانیی پیاوسالاری لە کۆمەڵگادا بەرز دەکاتەوە.



**باوکی ڕۆمینا کچەکەی خۆی کوشت تاکوو پێش بەو ئابڕووچوونە بگرێت کە خەڵک لە دەوروبەرەوە پێناسەیان بۆ کردووە، ئەو باوکە لە کۆمەڵگایەکدا پەروەردە بووە کە کوشتن لە سەر ناموس بە باشترین کار و بە شیاوترین کردەوە بۆ پێشگرتن لە سەرشۆڕیی خۆی دەزانێ، کەوابوو باوکی ڕۆمینا پێش لەوەی کە تاوانبار بێت، قوربانییەکی گەورەی کۆمەڵگایە**

**کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک تەنیا لەم حاڵەتەدا بەڵکوو سەبارەت بە هەموو تاوان و کێشەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران تاوانباری یەکەمە، چونکە بە پیادەکردنی یاسای نادرووست و دوور لە مرۆڤایەتی، دەرفەتی خولقاندنی تاوانی زیاد کردووە و هەر لە ڕێگەی ئیدئۆلۆژییەکەیەوە ڕەوایی بە کارە هەڵەکانی خۆی دەدات**

**پاش مەرگی ڕۆمینا، ڕۆژنامەی «جام جەم»، لە بلاوکردنەوەی وێنەی دوای مەرگیشیدا دەستی لە سانسۆر هەڵنەگرت، ئەمە کۆماری ئیسلامی بوو کە بە شاردنەوەی قژەکانی کچێکی تەمەن ١٣ ساڵان و درێژکردنەوەی مانتۆکەی و درێژکردنەوەی گۆرەوییەکانی**
**لە جیاتی زووم کردن لە سەر بنەڕەتی کێشەکە بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن ئیدئۆلۆژییەکەی خۆی ڕزگار بکات و ڕەواییەکی درۆیی پێ ببەخشێ**

ساڵانە نزیک بە ٥٠٠٠ ژن لە سەرتاسەری جیهاندا بەناوی شەرەف، ئابڕوو و ناموسەوە دەکوژرێن.

سندووقی جەمعییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندووە کە لە ١٠ قەتڵدا، یەکیان بەناوی قەتڵی ناموسیەوە ئەنجام دەدرێت.

بەردەوامیی دیاردەی قەتڵە ناموسییەکان لە ڕاستیدا بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

ئەگەر سەرنجێکی کۆمەڵگا بدەین دەبینین کە لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاردا کە دەسەڵات بە پێی یاسا و عورف هەموو شتێکی بۆ ژنان بە بقە وەسف کردووە، بەداخەوە ڕووداني حاڵەتگەلێکی لەو چەشنە زۆر ئاسایی دەبێتەوە، تا ڕادەیەک کە زۆربەی کاتەکان تەنانەت خودی ژنانیش بە کاریگەری وەرگرتن لە بیرۆکەی پیاوسالاری و سەپاندنی باوەڕە هەڵەکان بە سەریاندا، پشتیوانی لەو کردەوەیە دەکەن و تەنانەت لە جیاتی پێداگری لە سەر مافی ژنان و پشتیوانی لە ئەوان بە لایەنگری لە بکوژ و تاوانبارەکە، بە کەسێکی «بەغیرەت « ناوی دەبەن. هەربۆیە لە گرینگترین هەنگاوەکان کە دەبێ هەڵبگیردرێت گۆڕینی ڕوانینی بیری گشتیی کۆمەڵگا بۆ تاوانێکی لەو چەشنەیە.

لە ماوەی ڕابردوودا کوژرانی ڕۆمینا لە سۆشیاڵ میدیادا کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە، خەڵک بە نووسینی بابەت و بیروڕای خۆیان لە دوو بەرەی جیاوازدا بەرانبەر بە یەک وەستانەوە، هەندێک کەس وەکوو باوکی ڕۆمینا پشتیوانییەکان لەم کردەوەیە کرد کە بەداخەوە ئەمە ترسی دووبارەبوونەوەی ڕووداوی لەو چەشنەی زیاتر کردەوە و زۆربەی خەڵکیش بە پێی ڕوانینی خۆیان ڕەخنەیان لەم کردەوەیە گرت.

ڕەنگە زۆر کەس تاوانباری سەرەکیی ئەم بابەتەیان باوکی ڕۆمینا زانیبێت و زۆر کەسیش خۆشەویستەکەی ڕۆمینایان بەتاوانبار ناسیبێت، هەندێ کەسیش خودی ئەم کچە، بەڵام لە ڕاستیدا تاوانبارە سەرەکییەکە کێ بوو؟ خەسارناسییەکی بابەتەکە ئەوە دەردەخات کە لەم نێوانەدا هەموو تاکەکان بە جۆرێ لە جۆرەکان تاوانبار بوون.

هیچ شک و گومانێک لە نامرۆڤانەبوونی کردەوەکەی باوکی ئەم کچەدا نییە، بەڵام باوکی ڕۆمینا کچەکەی خۆی کوشت تاکوو پێش بەو ئابڕووچوونە بگرێت کە خەڵک لە دەوروبەرەوە پێناسەیان بۆ کردووە، ئەو باوکە لە کۆمەڵگایەکدا پەروەردە بووە کە کوشتن لە سەر ناموس بە باشترین کار و بە شیاوترین کردەوە بۆ پێشگرتن لە سەرشۆڕیی خۆی دەزانێ، کەوابوو باوکی ڕۆمینا پێش لەوەی کە تاوانبار بێت، قوربانییەکی گەورەی کۆمەڵگایە.

هیچ کام لە تاکەکانی کۆمەڵگا لە کاتی مەحکوومکردنی باوکی ڕۆمینادا بیریان لەوە نەکردەوە کە ئەو باوکە لە ژێر چ جۆرە گوشارێکدا بووە، لە لایەکەوە کۆمەڵگا بەرەو کردەوەیەک هانی دەدات کە ڕەنگە لە کاتی ئەنجامدانیشیدا بە ڕێژەی ١٠ لەسەد خۆی لەگەڵی نەبووبێت، لە لایەکی دیکەشەوە دەبا بڕیاری لە سەر ئەوە بدایە کە خۆشویستنی کچەکەی زیاتر گرینگە یان نا ئەو قسانەی کە لە داهاتوودا سەبارەت بە خۆی و بنەماڵەکەی دەکرێت؟ کەوابوو لە ڕاستیدا بکوژی سەرەکیی ڕۆمینا کۆمێنتەکانی خەڵک بوون نەک باوکی!

لە لایەکی دیکەوە باس لە کوڕێک دەکرێت کە بە وتەی زۆر کەس ڕۆمینای هەڵخەڵەتاندووە، بەڵام ئایا بەڕاستی وابوو؟ ئایا ئەو کوڕەش بە جۆرێک لە جۆرەکان قوربانی بێ مێهریی کۆمەڵگا بەرانبەر بە خۆی نەبوو؟ ئایا ئەو کەسە کە زیاتر لە ١٦ ساڵ جیاوازی تەمەنی لەگەڵ ڕۆمینا هەبوو، ئەگەر باری گوزەران و دەرفەتی پێگەیشتن و پەروەردەی باشی هەبوایە، دیسانەوە ئەو ڕۆڵەی لە ژیانی ئەو کچەدا دەگێڕا؟

زۆربەمان لە دوورەوە داوەریی بابەتەکەمان کرد بە بێ ئەوەی بیر لەو کۆمەڵگایە بکەینەوە کە ژینگەی ژیانی ڕۆمینا و ئەکتەرەکانی نێو داستانی ژیانی بوو، کوڕێک لە تەمەنی ٣٠ ساڵاندا بەهۆی دەیان کیشەی وەک بێکاری، نەبوونی پاڵپشتی ماڵی بۆ خوێندن و کار کردن، نەبوونی باری خۆشبژێوی و هەبوونی دەیان دیاردەی دزێوی وەک خووگری بە ماددە هۆشبەرەکان و دزی و ... ڕوو لە کچێک دەکات کە زیاتر لە ١٦ ساڵ لە خۆی بچووکترە، ئایا ئەمە بەڕاستی تاوانی ئەوە یان نا ئەویش نموونەی هەزاران هەزاری لاوی بێ داهاتووی کۆمەڵگایە کە گوشاری دەروونی بەرەو لای هەر کردەوەیەک پاڵی پێوە دەنێت؟

بەڵام گرینگتر لە هەمووی ڕۆمینا بوو. کچێکی ١٣ ساڵان کە لە تەمەنی پێگەیشتنی فیزیکی و عاتفیدا بوو، ئاڵۆزی لە هەستەکان و بڕیارەکان تایبەتمەندیی تەمەنەکەی بوو، هەزاران ئاواتی لە دڵدا بوو، ڕۆمینا پێش لەوەی کە بە دەستی بێ مێهریی بنەماڵە و بە داسی تیژی باوک و بە هەڵخەڵەتاندنی خۆشەویستەکەی گیانی لە دەست بدات، بە دەستی کۆمەڵگایەک کوژرا کە هیچ بنچینەیەکی پەروەردەیی ڕێکوپێکی بۆ ئەو و بۆ هاوتەمەنەکانی پێ نەبوو. ڕۆمینا وەک هەزارانی کچی دیکە قوربانی قەزاوەتی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە بوو کە ڕەنگە ئێمەش بەشێک لەو کۆمەڵگایە بین.

کچێکی تازەلاو کە لە چرکەدا هەستەکانی گۆڕانیان بەسەردا دێت، لە زۆر شت دڵگران دەبێت و زۆر جار بڕیاری بەپەلە و نادرووست دەدات. با وا بیر بکەینەوە کە ڕۆمینا لە دۆخێکی باشدا ژیانی کردبا و ژیانێکی ئیدەئاڵی هەبایە، دەرفەتی پەروەردەی باشی هەبایە و لە جیاتی هەندێ شتی لاوەکی خوێندن وەکوو ئەولەوییەت جێگای گرتبایە ، بە دڵنیاییەوە هیچ کات چارەنووسی وەها تاڵی نەدەبوو.

ڕۆمینا و ڕۆمیناکان گیانیان لە دەست دا بەڵام بڵێی لە داهاتودا بە سەدان ڕۆمینای دیکە تووشی ئەم ڕووداوە نەبن؟

جیا لە هەموو هۆکارەکان، ئەوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە تاوانباری سەرەکییە.

ڕێژیمێك کە لە یاساکانی خۆیدا ڕێگە بە دووبارەبوونەوەی ئەم فەرهەنگە نادرووست و ناشیرینە دەدات.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە پەسەندکردنی یاسا دژە مرۆییەکانی خۆی لەمێژە داسێکی تیژی لە گەڕووی خەڵکانی ئێران ناوە، لە مێژە کە لە خەودا دەیانکوژێت و کەسیش وەک تاوانبار ناوی لێ نابات.

لە ماددەی ٦٣٠ی یاسای سزای ئیسلامیدا هاتووە:

ئەگەر پیاوێک هاوسەرەکی خۆی لەگەڵ کەسێکی دیکە لە جێگادا ببینێت و بیانکوژێت، سزا نادرێت. ئەگەر لە بنەماڵەیەکیشدا کچی بنەماڵەکە بە دەستی باوک یان براکەی بکوژرێت تەنیا سزایەک کە وەری دەگرێت ٦ مانگ زیندانی بوونە. لە ماددەی ٢٢٠یشدا هاتووە: ئەگەر باوک یان باپیر، منداڵەکەی خۆی بکوژێت، قساس ناکرێت و تەنیا بە دانی دیە و سزای تەعزیری مەحکووم دەکرێت.

کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک تەنیا لەم حاڵەتەدا بەڵکوو سەبارەت بە هەموو تاوان و کێشەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران تاوانباری یەکەمە، چونکە بە پیادەکردنی یاسای نادرووست و دوور لە مرۆڤایەتی، دەرفەتی خولقاندنی تاوانی زیاد کردووە و هەر لە ڕێگەی ئیدئۆلۆژییەکەیەوە ڕەوایی بە کارە هەڵەکانی خۆی دەدات.

پاش مەرگی ڕۆمینا، ڕۆژنامەی «جام جەم»، لە بلاوکردنەوەی وێنەی دوای مەرگیشیدا دەستی لە سانسۆر هەڵنەگرت، ئەمە کۆماری ئیسلامی بوو کە بە شاردنەوەی قژەکانی کچێکی تەمەن ١٣ ساڵان و درێژکردنەوەی مانتۆکەی و درێژکردنەوەی گۆرەوییەکانی لە جیاتی زووم کردن لە سەر بنەڕەتی کێشەکە بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن ئیدئۆلۆژییەکەی خۆی ڕزگار بکات و ڕەواییەکی درۆیی پێ ببەخشێ.

ئەمانە نموونەی ڕوون و بەرچاوی ئەم کەتوارەن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بکوژیی ڕۆمیناکانی ئێمەیە، کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە لە ڕێگەی یاساوە ئیزن بە مرۆڤ دەدات کە مرۆڤکوژ بێت، ئیزن بە تاکەکان دەدات کە کەرامەتی مرۆیی ژێر پێ بخەن و بە دڵخوازی خۆیان و لە پێناو ئیدئۆلۆژیی ئەم دەسەڵاتە نگریسەدا، ئەوەی تاوان و جینایەت هەیە بیخولقێنن.

با دەرس وەربگرین و چیدیکە کچەکانمان نەکەین بە قوربانی بیرتەسکی خۆمان و ژیان و سەرکەوتنیان بۆ مسۆگەر بکەین.

# لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە

## دیمانەیەک لەگەڵ «هەڵکەوت ئازادی‌نیا»، پێشمەرگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

دیمانە: کوردستان



پارێزەرانی نیشتمان ئەو توێژە گیان لەسەر دەستەی نیشتمانن کە خۆنەویستانە و تەنیا لە پێناو ئازادی و ئاوەدانی نیشتمانەکەیان ئامادە بوون خۆیان بکەنە قۆچی قوربانی گەل و وەفاداری و ئەمەگناسییان بە کوردستان و خوێنی بەناحەقڕژاوی ڕۆڵەکانی ئەم خاکە بسەلمێنن. چەکی داکۆکی لە کەرامەتی نەتەوەکەیان لە شان کردووە و ئامادە نەبوون چەکی زۆردار بەسەر خۆیانەوە قبووڵ بکەن. یەکێک لەو خورتە گیانبازانە پێشمەرگەی کوردستان «هەڵکەوت ئازادی‌نیا»یە کە دەبێتە میوانی ئەمجارەی «لە زاری پارێزەرانەوە».

**- بەر لەوەی بێیتە ڕیزی شۆڕشەوە، هەست و بیر و باوەڕت سەبارەت بە کوردستان و پێشمەرگە چۆن بوو؟**

بەڕاستی هەستێکی زۆر شۆڕشگێڕانە و بەهێز و باوەڕێکی زۆرم بە کودستان و پێشمەرگە هەیە، هەر لە منداڵییەوە پێمخۆشبووە تاکێک بم لە کوردستان کە ببم بە پێشمەرگە و لەم ڕێبازە پیرۆزەدا بەشدار بم و بەگوێرەی توانایيەکانی خۆم خزمەت بکەم.

**. هەرکەسێک کۆمەڵێک ئاوات و ئامانجی هەیە لە ژیانیدا، بۆچی ئەم ڕێبازەت هەڵبژارد لەحاڵێکدا کە دەزانیت ڕەنگە لەم پێناوەشدا گیانت لە دەست بدەیت؟**

ڕاستە کە هەر کەسێک کۆمەڵێک ئاوات و ئامانجی هەیە بەڵام لە پێناو ئەم ڕێبازەدا گیانم کە هیچ بەڵکوو بە نرخترین شتەکانیشم لە پێناو ئەو ڕێبازە و کورد و کوردستان دادەنێم؛ ئەوە گەورەترین ئاواتی ژیانی من بووە و هەیە.

**- ئێستا کە خۆت پێشمەرگەیت، چ هەستێکت هەیە و هەستت بۆ کوردستان چۆنە؟**

ئێستا کە خۆم پیشمەرگەم بێگومان زیاتر هەست بە بەشخوراوی و داگیرکراوی کوردستان دەکەم؛ ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ ئەو کاتەی کە لە ڕۆژهەڵات بووم چونکە بە ڕاستی ئەو شتانەی کە لێرە فێری بووم لە ڕۆژهەڵات نەمدەزانی.

**- هەر کام لەم وشانە (نیشتمان، پێشمەرگە، شۆڕش و خەبات، نەتەوە و ڕاسان) لە ڕوانگەی خۆتەوە پێناسە بکە:**

نیشتمان ماڵ و موڵکی منە و بێگومان هەر کەسێک لە ماڵ وموڵکی خۆی پارێزگاری دەکات منیش لە پێناوی نیشتمان هەموو سەروماڵم دادەنێم و شان بە شانی کچان و کوڕانی نیشتمانپەروەر لەم ڕێگایەدا خەبات دەکەم.

پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە زوڵم و زۆری پێ قەبووڵ ناکرێت و پارێزگاری لە گەل و نیشتمانەکەی دەکات و چەکی شەرەفی لە شانە دژ بە دوژمنان.

ئێمە شۆڕش و خەبات دەکەین لە پێناو ئامانجی دوارۆژمان کە ئازادی و سەربەستییە.

نەتەوە، ئەو کۆمەڵە مرۆڤەن کە لە دەوری یەک کۆبوونەتەوە کە زمان، خاک، مێژوو، کولتوور و فەرهەنگی هاوبەشیان پێکهێناوە.

ڕاسان ڕاپەڕینێک بوو کە بە ڕاستی هەستی شۆڕش و شۆڕشگێڕی لە نێو دڵی خەڵکدا زیندوو کردەوە.

**- گەورەترین ئاواتی ژیانت چییە و بۆچی ئەو ئاواتە، گەورەترین ئاواتی ژیانتە؟**

گەورەترین ئاواتی ژیانم ئازادی ڕۆژهەڵات و سەربەخۆیی کوردە چون ئەو ئاواتە بە تەنیا هی من نییە بەڵکوو ئاواتی هەموو خەڵکی کوردە بە تایبەت پێشمەرگە.

**- بە بۆچوونی تۆ، چ شتێک دەتوانێت واتا بە ژیانی مرۆڤی کورد ببەخشێت؟**

بە بۆچوونی من سەربەخۆیی کورد و ڕووخانی کۆماری ئیسلامی واتایەکی بەنرخ و بە ژیانی مرۆڤی کورد دەبەخشیت.

**- وەک پێشمەرگەیەک، چ قسەیەکت بۆ هاووڵاتییانت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە؟**

وەک پێشمەرگەیەک بە تایبەت لەو بارودۆخەی ئێستادا بە هاوڵاتیانی ڕۆژهەڵات دەڵێم: دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاوەستن چۆن بەرەبەرەی کۆتایی هاتن بەم حکوومەتە دیکتاتۆرەیە هیوادارم کە لە ناڕەزایەتی دەربڕینەکاندا بەشدار بن و هەموو تێکڕا دەنگی نەخێریان هەبێت بۆ ڕێژیم. پەیامێکی دیکەم هەیە بۆ گەنجانی ڕۆژهەڵات کوڕ و کچان کە پۆل بە پۆل پەیوەست بن بە ڕیزی شۆڕەسوارانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە .

**- وەک شۆڕشگێڕێک، چ وتەیەکت بۆ هاوسەنگەر و هاوڕێ پێشمەرگەکانت هەیە؟**

پێیان دەڵێم کە ئەو هەستە شۆڕشگێڕانەی کە ئێستا هەتانە زیاتر و زیاتر بێت تا بتوانین دوژمنانی کورد و کوردستان بە چۆکدا بێنین و نەهێڵین مافمان بخورێ و نەچەوسینەوە چونکە ناوی خۆمان بە خۆمانەوەیە، یەکەم کوردین پاشان پێشمەرگەین کە حکوومەتی ئیسلامی ئێران لێمان ترساوە.

**. وەک نیشتمانپەروەرێک، چ پەیامێکت بۆ خۆفرۆشان و خائینانی خاک و گەل هەیە؟**

لێرەوە پێیان دەڵێم کە ئەو چەکەی دژ بە کوردستان و کوردتان هەڵگرتووە داینێن و هاوشانی کوردە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بن؛ بەسە خۆفرۆشی، بەسە خائێنی، چون هەتاکوو کوردێک مابێت کوردستانیش هەر هەیە و هەستی شۆڕش لە نێو دڵی خەڵکدا هەر زیندووە، نامرێ و ئێوە قەت سەرناکەون.

**- ئەگەر کوردستان ئازاد بکرێت و بگەڕێیتەوە کوردستان، چ بەرنامەیەکت بۆ ژیانت هەیە؟**

ئەگەر کوردستان ئازاد بێت و بگەڕێینەوە ڕۆژهەڵات هەر پێشمەرگەم و پێشمەرگە دەمێنمەوە منیش هاوشانی هاوڕێ و هاوڕێبازەکانم تا ڕۆژێک کە هەم، پارێزگاری لە کورد و کوردستان و گەل و نیشتمان دەکەم.بگەن.

## تاهیر مەحموودی:

# ئەوەی بۆ ڕێژیم گرینگ نییە مەسەلەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و مافی مرۆڤ و پێوانە نێونەتەوەییەکانییەتی



دیمانە: ڕەحمان سەلیمی

دۆخی نالەباری زیندانییە سیاسیەکان و بەتایبەتی زیندانیانی سیاسیی کورد، هەروەها نارۆونیی چارەنووسیان نیگەرانییەکی زۆری لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران پێکهیناوە. زیاتر لە ۳ حەوتوویە بەسەر ناڕوونیی چارەنووسی «هیدایەت عەبدوڵڵاپوور»، زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئێعدام لە گرتووخانەی ورمێ، تێدەپەڕێت. لەو پەیوەندییەدا، ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک داوایان لە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران کردووە هەرچی زووتر چارەنووس و شوێنی ڕاگیرانی «هیدایەت عەبدوڵڵاپوور»، ڕوون بکاتەوە. هەروەها، ٦ کەس لە نوێنەرانی پارلمانی ئورووپا و دیپلۆماتەکانی بێلژیک، لە نامەیەکدا بۆ باڵوێزخانەی ڕێژیمی ئێران لە بروکسێل، خوازیاری ڕوونبوونەوەی بارودۆخی «هیدایەت عەبدوڵڵاپوور»، زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئێعدام بوون. هەتا ئێستا بەدواداچوونەکانی بنەماڵەی ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە، و هەروەها داواکاریی کەسایەتییە سیاسییە ئورووپاییەکان بۆ ئاگاداربوون لە چارەنووس و شوێنی ڕاگیران و ڕوونبوونەوەی بارودۆخی «هیدایەت عەبدوڵڵاپوور» بێ ئاکام ماوەتەوە. ئەم بابەتەمان لەگەڵ بەڕێز «تاهیر مەحموودی» بەرپرسی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خستووەتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشن.

**ئامانجی ڕێژیمی ئێران لە بێ سەروشوێنکردنی «هیدایت عەبدووڵڵاپوور» و زیندانیانی سیاسی دیکە چییە؟**

ئامانجی ڕێژیمی ئێران لە بێ سەروشوێنکردنی «هیدایت عەبدووڵڵاپوور» و زۆرێک لەو زیندانییانەی کە چارەنووسی وەک ئەویان هەبووە یان لە داهاتوودا دەیانبێ، ئەویە کە نیشان بدات هێزێکە کە کەس مافی لێپرسینەوەی نییە. بەو کارە دڵەڕاوکێ لە نێو زیندانییەکان دروست دەکات و بە خەڵکی کوردستان و هێزە بیانییەکان دەڵێ ڕێژیمی سەرەڕۆ و دیکتاتۆر ئەوەی مەبەستی بێ ئەنجامی دەدا. ئەو کاری ڕێژیم بە هەموو پێوانە نێونەتەوەییەکان مەحکوومە و ناکرێ کەسێک کە بە دەستی کەلەبچەکراو ڕەفتارێکی ئاوا نامرۆڤانەی بەرامبەر ئەنجام بدەی، ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ترسی ڕێژیم لە ڕۆڵەکانی کورد تا ئەو ئاستەیە کە هەموو شتێکی بە نهێنی بمێنێتەو

**- ئایا لە ئێران هیچ ڕێگایەکی یاسایی بۆ ئاگادار بوون لە چارەنووسی ئەو زیندانیانەی کە بێسەروشوێنن بوونی هەیە؟**

هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمەوە ئەو ڕێگایە بەستراوە و ئەوەی کاری پێ نەکرێت یاسا و سەرووەری یاسایە، هەموومان لە بیرمانە کە بە ناو حاکمی شەرع لە کوردستان چۆن جێگای قازی و دادگا و هەموو یاسایەکی گرتبووە و ئێستاش بە شکڵ و شێوازی تر بەردەوامە. کاتێک زیندانی مافی بەرگریکردنی لە خۆی نییە ، مافی گرتنی پارێزەری نییە، ئەگەر پارێزەریش بگرێت گوێی لێ ناگرێت و دادگایەکی ئاشکرا بوونی نییە ڕوونە کە لە چوارچێوەی دامودەزگا سەرکوتکەرەکاندا کارەکانیان دابەش کردووە و بە ناو هێندێ ئۆرگان بوونیان هەیە، بەڵام ئامانجەکە سەرکوت و تۆقاندنە و هیچی تر.

**- گوشاری ناوەندەکانی مافی مرۆیی و داواکارییەکانی کەسایەتیی و ئەندامانی پارلمانی ئورووپا هەتا چەند کاریگەری لەسەر چارەنووسی ئەو زیندانییە سیاسییانە دادەنێت؟**

ئەو گوشارانەی کە بەهۆی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە ئێران دێنە گۆڕێ و دژکردەوەیهەندێک لە کەسایەتییە سیاسییە بیانییەکانی لێدەکەوێتەوە بەگشتی باشن و هەوڵ و ماندووبوونیان جێگای ڕێز و پێزانینە؛

بێگومان ئەگەر ئێستاش ڕێژیم بە سەرەڕۆیی خۆی مل نەدات و وڵامێک بە داوای ڕەوایان نەداتەوە لە داهاتوودا کە ڕێژیم دەسەڵاتی جەهەننەمی تێکەوە دەپێچێت تەئییدی باش لە ڕەوتی بە دواداچوونی دۆسیە ئەمنییەتی و سیاسییەکان و سەرجەم ئەو پێشێلکارییانە هەیە کە بە ئاشکرا و لە بەرچاوی بیروڕای گشتی بە پێچەوانەی هەموو ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکان کار دەکات.

نابێ لە بیرمان بچێت ئەوەی بۆ ڕێژیم گرینگ نییە مەسەلەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و مافی مرۆڤ و پێوانە نێو نەتەوەییەکانییەتی.

**- ڕێژیمی ئێران هەتا چەندە گوێ بە قسە و داواکارییەکانی ناوەندە مافی مرۆییەکان دەدات؟**

لە پرسیاری پێشوو عەرزم کردن، ئەگەر مل بەو داوایانە بدات، بە شێوەیەک کە وڵاتانی پێبەند بە یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان کاردەکەن ئەویش ئاوا کار بکا، بێگومان شتێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی نامێنێ، فەلسەفەی ڕێژیم لە سەرەتاوە ڕوونە؛

ئەساسەن باوەڕێکی بە مەسەلەی مافی مرۆڤ نییە وهەموو کار و کردەوەکانیان لە چوارچێوەی یاساکانی تایبەت بە ڕێژیم دەبینن و لەوێشدا شتێک بە ناوی مافی مرۆڤ بوونی نییە و دەقە ئاسمانی و ئایینییەکان و فتوای ڕێبەرانی ڕێژیم لە سەرەوەی هەموو یاساکانە؛ بۆ ئەم مەبەستەش جینایەتەکانی ٤٠ ساڵی ڕابردوو ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەییش لەگەڵ ئەوەی ساڵ نییە ڕێژیم مەحکووم نەکەن بەڵام لێبڕاوانە بڕیارێک بۆ هەوسارکردنی نادرێ.

**-بێدەنگی خەڵکی ئێران بەگشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی، بەنیسبەت بێ سەروشوێنکردن و ئێعدامی زیندانیانی سیاسی هەتا چەندە دەستی ڕێژیمی ئاوەڵە کردووە کە هەر درێژە بەو دۆخە بدا؟**

بێگومان ئەو بێ دەنگییە ، ڕێژیمی زۆر چاوقایمتر کردووە و هەر ئەوەشە کە لە هیچ سەرکوت و لە هیچ کارێکی دڕندانە نەک درێغ ناکات بەڵکوو شانازیشی پێوە دەکا. قبووڵکردنی ئەو زوڵمە کە ڕێژیمی وا لێ کردووە پێی وایە بە چاوترسێن کردن و بێ دەنگی خەڵک دەتوانێت بە هەموو هەدەفەکانی بگات، خەڵکی ئێران و کوردستانیش تا ئەو کاتەی بە یەکگرتوویی، یەکدەنگی و نەترسانە ڕووبەڕووی ئەو ڕێژیمە ملهوڕە نەبنەوە بێگومان دەبێ هەر شاهیدی مەرگی ئازیزانیان بن.

# ١ی جۆزەردان، ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا عەباس کەمەندی

## عەباس کەمەندی، هونەرمەندی حەوت هونەر



«عەباس کەمەندی»، ساڵی ١٩٥٢ی زایینی (١٣٣١ی هەتاوی) لە گەڕەکی جەورواوای شاری سنە لەدایک بووە. کەمەندی جیا لە هونەری مۆسیقا، شارەزاییەکی زۆری لە بواری وێنەکێشان، شانۆ، سینەما و ئەدەبیاتی کوردی و بەتایبەت ئەدەبی زارەکی و فەرهەنگ و گۆرانیی هەوراماندا هەبووە و لەم بوارەدا بە دەیان توێژینەوەی ئەنجام داوە. ماوەی ٣٥ ساڵ لە ڕادیۆی شاری سنە کاری کردووە و بە دەیان چیرۆک و بەیتی کوردیی لە ڕادیۆ بە شێوەی شانۆی دەنگی دەرهێناوە. «عەباس کەمەندی» هونەرمەندێکی فرە بەرهەمە و خاوەن ڕێچکە و دەنگ و لەحنی تایبەت بە خۆیە و پاش خۆی ئەم ئەلبۆمە گۆرانییانەی لێ بەجێ ماوە کە وەک سەرتۆپی گۆرانیی ڕەسەنی کوردی دێنە ئەژمار: «گەلاوێژ، هەورامان، پرشنگ، کیژی کورد (٢٠١٢)». «کەمەندی» لە بواری نووسینی ئەدەبیات، فۆلکلۆر، فەرهەنگ و مێژووی کورددا زیاتر لە ٦ هەزار لاپەڕە لێکۆڵینەوەی کردووە و لە کتێبخانەی فەرهەنگی لە تارانە.

بەرهەمەکانی هونەرمەند عەباس کەمەندی: «نووسینی ٤ ڕۆمان، نووسینی سیناریۆی ٣٠ فیلمی درێژ و کورت. نووسینی ٢ کتێبی شێعری بە فارسی و کوردی و کێشانی نزیکەی ١٠٠ تابلۆی هونەری و خاوەنی ٦٠ گۆرانییە و...». کەمەندی پاش تەمەنێک خزمەت بە بواری هونەر، مۆسیقا و هونەری ڕەسەنی کوردی، لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١ی جۆزەردانی ١٣٩٣ی هەتاوی، لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا، بەهۆی ڕاوەستانی دڵەوە کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی ئاساوڵە (بەهەشتی محەممەدی) بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردرا.



کیژی لادێ
عەباس کەمەندی

کیژی لادێ هام بە تاسەی
پەلکەڕەش سەرشانەکەت
هام بە تاسەی دەم بەیانی
بۆی تەنووری نانەکەت
هام بە تاسەی بۆنی مێخەک
تۆی تورەنجی شاڵەکەت
ڕەنگی سوخمە و سینەپۆش و
بازنە و خرخاڵەکەت
سەرەدەمێکە دوور لە باڵات
وام لە شارانا ئەژیم
ژین چ ژینێ چاوەکانم
گیرۆدەی ئاخر شەڕیم
جار بە جارێ دێتە بیرم
ژینی ڕابردووم لە دێ
سێبەری دار و تەلان و
خەیزەلانی دەوری ڕێ
خوڕ خوڕی فرمێسکی حەسرەت
جا لە چاوم دێتە خوار
بۆ خۆم و بۆ بەختی سەرگەردانم
ئەگریم زاری زار
دڵتەنگم بۆ لێوی ئاڵ و
دوو دییە شەرمینەکەت
بۆ دەم ئێوارانی حەوش و
سۆزی مەڕدۆشینەکەت
کیژی لادێ سەختە دووریت
تاڵە ڕەنجی ڕۆژگار
ناحەزە دووری وڵات و
ناخۆشە ژینم لە شار
کیژی لادێ وەختە جەرگم
پڕ بە دڵ بێ بە کەواو
هێنده تینووی ئاوی کێوم
پڕ بە تاسەی کانیاو

# یەکەمین ژمارەی گۆڤاری «گڕوگاڵی نوێ» لە مەهاباد بڵاو بووەوە




ژمارەی یەکەمی گۆڤاری «گڕوگاڵی نوێ» کە ١٦ لاپەڕەی ڕەنگی لەخۆ دەگرێت، لە مەهاباد بڵاو بوویەوە.

ژمارەی یەکەمی ئەم گۆڤارە بەخۆڕایی دەکەوێتە بەردەستی منداڵان.

ئەم گۆڤارە لەلایەن دوکتور»ئیسماعیل مستەفازادە»وە سەرپەرستی دەکرێت.

دوکتور «ئیسماعیل مستەفازادە» لەم بارەوە وتوویەتی: «ئەدەبیاتی منداڵان لەم ساڵانەدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە پەروەردەکردن و خولقاندنی بیری نوێ لە منداڵاندا؛ بەڵام هەر لە چەندایەتی و چۆنایەتی لەبیر کراوە.

ئەم بەشە لە ئەدەبیات و وێژەی کوردی گەشەی باشی نەکردووە و پێویستە زیاتر ئاوڕی لێ بدرێتەوە».

ناوبراو تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی منداڵانی بەم چەشنە خستووەتە ڕوو:

«زمانەکەی ڕوون و پاراو بێت؛

لە چوارچێوەی ئاکار و ڕەوشت دەرنەچێت؛ بۆ پێشکەوتن و نوێکردنەوە بێت؛

شیاو بێت و لە ئەدەبی منداڵاندا بگونجێت و لەم ئەدەبە دانەبڕێت؛

بایەخی عاتفی و سۆزداری و جوانیناسیی هەبێت؛

بایەخی عەقڵانی و لۆژیکیی هەبێت و جوانی و ڕازاوەیی تێدا بێت».

دوکتور «ئیسماعیل مستەفازادە» هەروەها وتی: «پێویستە بەرهەمی منداڵان لەگەڵ فەرهەنگی کۆمەڵگا، زەین، زمان و تەمەنی منداڵان، هاوئاهەنگ بێت.

گۆڤاری گڕوگاڵی نوێش بە بەردەوامی دەیهەوێت ئەم کارە بکات».

# کورد و فۆلکلۆر

# کورد لە بواری فۆلکلۆرەوە خاوەن پاشخان و خەرمانێکی بەپێز و دەوڵەمەندە



فۆلکلۆر بە بەشێک لە کولتووری هەر نەتەوەیەک دەڵێن کە بەشێک لە فەرهەنگی ئەو نەتەوەیەیە. فۆلکلۆر، وشەیەکی لێکدراوە لە دوو وشەی «فۆلک + لۆر»ی ئینگلیزییەوە هاتووە کە یەکەمیان مانای «خەڵک» یان «گەل» دەگرێتەوە و دووەمیان مانای «چیرۆک، ژیری، هونەر و زانست» دەگرێتەوە، واتە سامان یان کەلەپووری خەڵک. بەم پێیە فۆلکلۆر بە هەموو ئەو سامان و کەلەپوورە کۆنانە دەڵێن کە بە درێژایی مێژوو دەستکرد و بەرهەمی خەڵک بوون و ماونەتەوە، وەک: «پاشماوەکانی جلوبەرگی میللیی کۆن و ئێستا و گەلێک چەشنی پیشەسازی و نەخش و نیگار و جۆری خواردەمەنی و گەلێک شتی تر کە شەقڵی تایبەتی کۆنی نەتەوەیەک لە بەرهەمێکی دەستکرد یان بەرهەمی بیردا بهێڵێتەوە.

هەندێک جار لەنێو فۆلکلۆردا بەشی بیر یان بەشی ئەدەب جیا دەکەنەوە و پێی دەڵێن «بەرهەمی سەرزاریی خەڵک»، ئەو بەرهەمەش ئەوەیە کە بەسەر زارەوەیە، دەماودەم و پشتاوپشت ، کوڕ لە باوکەوە، منداڵ لە دایکەوە دەیبیستێت و دەمێنێتەوە، لەبەر ئەمە ئەدەبی فۆلکلۆر بە بەرهەمی تاکە کەسێک دانانرێت، بەڵکوو دەدرێتە پاڵ هەموو نەتەوە، بەرهەمێکە کە هەموو گەل خوڵقاندوویەتی. بەرهەمی فۆلکلۆری شێوەیەکی سادەی وای هەیە کە هەموو گەل تێی بگات.

بەرهەمی فۆلکلۆر ئێجگار زۆر لەنێو خەڵکدا بڵاوە؛ تا کاتی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و شارەزابوونی خەڵک و ڕاهێنانیان لەگەڵ ئەدەبیاتی نووسراودا، کەم کەس هەیە شتێک لە فۆلکلۆری گەلەکەی خۆی نەزانێت و لەبەری نەبێت و بە وتن و گێڕانەوە دەرینەبڕێت.

ئەدەبیاتی فۆلکلۆر لەنێو هەر نەتەوەیەکدا چەند بەش و جۆری هەیە و ئەم بەش و جۆرانە ڕەنگە هەندێکیان لە فۆلکلۆری هەموو نەتەوەدا یان لە فۆلکلۆری چەند نەتەوەدا یەک بن و ڕەنگە هەندێکیان جیا بن، لەبەر ئەمە هەر نەتەوەیەک دەتوانێت چەشنەکانی بەرهەمی ئەدەبی فۆلکلۆری خۆی دەستنیشان بکات.

مامۆستا «شەریف فەلاح»، نووسەر و وەرگێڕی کورد، لە وڵامی پرسیاری: «فۆلکلۆر چ ڕۆڵێکی لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا هەیە؟»، دەڵێت:

فۆلکلۆر و بەگشتی ئەدەبی زارەکی پاژێکی ئێجگار گرنگ و بنەچە و هەوێنی ئەندێشە و ئایدیای هاوبەشی هەر نەتەوەیەکە کە پاراستنی ئەم گەنجینە و سامانە گەلەرییە، دەبێتە کۆڵەکەیەکی گرنگ بۆ هەرمانی نەتەوە. نەتەوەی کوردیش لەمبارەوە، خاوەن پاشخان و خەرمانێکی بەپێز و دەوڵەمەندە و هەرکام لە لق و بەشە جیاکانی ئەدەبی زارەکیی کورد بۆ خۆیان تژین لە ئەندێشە و تێڕوانینی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئۆلیی نەتەوەکەمان. من لەو باوەڕەدام یەک لەو بوارانەی کە کورد دەبێ زۆر بە جیدی و بنەڕەتی و بە پلان و بابەتیانە ئاوڕی لێ بداتەوە و توێژینەوەی هەمەلایەنی لەسەر بکات، فۆلکلۆرە، چونکە سەرلەبەری مێژووی کۆن و هاوچەرخی ڕامیاریمان یان لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان، یان لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە نووسراوە، داگیرکەران ئامانجدار و پیلانگێڕانە بۆ تواندنەوەمان شێواندوویانە و بەلاڕێیاندا بردووە، یان دەستیان بەسەردا گرتووە و بەناوی خۆیانەوە تۆماریان کردووە. لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆژهەڵاتناسە مێژوونووسەکانیش لەپێناو بەرژەوەندیی وڵاتی خۆیان، یان هەندێجاریش لەپێناو پاراستنی پێوەندیی سیاسی و بەرژەوەندیی ئابووریی وڵاتی خۆیان دەستکاریی مێژوومانیان کردووە.

هەرچەند مینۆرسکی و چەند توێژەرێکی دیکەی ئەورووپی کە لە فۆلکلۆری کوردیان کۆڵیوەتەوە، بە ئەمانەتەوە کاریان کردووە. کەواتە تاقە بوار و پاژێکی کورد کە دوژمنی داگیرکەر دەستکاریی نەکردووە و وەک خۆی ماوەتە و لەڕاستیدا ئاوێنەی باڵانوێنی گەوهەری نەتەوەیە، هەمان فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکییە، چونکە خەون و خەیاڵ و سەرلەبەری جیهانبینیی مرۆڤی کوردی تێدایە. بۆیە گەر بێت و لە سۆنگەی ئەم گەنجینە سەربەمۆرەوە و لە ناخ و کاکڵەی ئەم پاشخانە هەرمان و زیندووەی فۆلکلۆرەوە بۆ پرۆسەی نەتەوەسازی بڕوانین، بێگومان بنیاتی قۆناغێکی گرنگ دادەنێین. وەلێ ئەم ئامانجە نایەتە بەرهەم، ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی و مێتۆدیک و هەمەلایەن توێژینەوەی کۆمەڵناسانە، دەروونناسانە و فەرهەنگی لە لقە جۆربەجۆرەکانی فۆلکلۆر نەکەین. تەنیا پاراستن و ڕزگارکردنیان لە فەوتان بەس نییە، بەڵکوو بە شەنوکەو و شرۆڤەکردنیان دەبینە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو گەنجە سەربەمۆرە. ئەگەر بە چاوێکی ئەمڕۆیی و لە دووتوێی دەقی هاوچەرخ (ڕۆمان، چیرۆک و سینەما و شانۆ و شێوەکاری و...)دا ئاوڕ لە فۆلکلۆر بدەینەوە و دیسان دایان بڕێژینەوە، ئەوکات دەتوانین بێژین، هەنگاوێکی ئەرێنی و باشمان بۆ پێناسەی گەوهەری خۆمان بەدەستی هەڵگرتووە. لە زۆرێک لە وڵاتان، فۆلکلۆر و ئەدەبی گەلەری وەک لقێک لە خوێندنگە و زانکۆکان دەخوێندرێ. هەرکام لە بەیتە ئەڤینداری، حیماسی، مێژوویی و تراژیکەکانی کورد سەرچاوەی چەندین سووژەی سینەمایی و شانۆیین کە سینەماکارانی کورد دەتوانین بە ئەندێشەی ئەمڕۆییەوە کاریان لەسەر بکەن و ئەگەر دڵسۆزی ڕاستەقینە هەبێت، دەتوانن ببنە هەوێنی فیلمەکانی هالیوود. یان لە ڕەهەندی مۆسیقییەوە کارکردن لەسەر بەیتەکان و دارشتنەوەیان لە چوارچێوەی ئۆپێرا، دەبنە مۆڵکی هاوچەرخ بۆ نەتەوەکەمان. هەرکام لە لقەکانی فۆلکلۆر، یان بەیت و باو و مۆسیقای ڕەسەن، هەڵگری دەیان سووژەی توێژەوەی زانستین لە بواری جیاجیادا، هەرچەند لەمبارانەوە کار کراوە، بەڵام لە ئاستی پێویستدا نین و بە ئەرشیڤکردن و ڕێکخستن و پۆلێنکردنیان ئەرکی دەوڵەت و دامەزراوەی فەرهەنگی و نیشتمانییە.

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No : 775 · 4 June 2020

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

telegram.me/PDKImedia

# ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەرانی ڕۆژنامە.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی جۆزەردانی ساڵی ٩٩ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن کە بریتییە لە حاڵەتەکانی دەستبەسەرکردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### گواستنەوەی هاووڵاتییان بۆ زیندان:

ڕۆژی یەکشەممە ٤ی جۆزەردان، «سۆهەیلا حیجاب»، چالاکی مەدەنیی کرماشانی، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی ڕەوانەی زیندانی قەرچەکی وەرامین کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٧ی جۆزەردان، «کەژوان ئازادیان» خوێندکاری زانکۆی پەیام نووری مەریوان و چالاکی ژینگەیی خەڵکی گوندی «یەنگیجە»ی مەریوان بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکی ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «حوسێن عەبدوڵڵازادە» تەمەن ٢٦ ساڵ و خەڵکی شاری شنۆ، پاش تەواوبوونی قۆناغی لێپرسینەوەکەی، ڕەوانەی زیندانی ناوەندیی ورمێ کرا.

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان :

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، لاوێکی کورد بە ناوی «یووسف (فەرزاد) ئیبراهیمزادە» کوڕی «محەممەدخالید» خەڵکی گوندی «کانی ڕەش»ـی شنۆ، لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە لە تەورێز دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٣١ی بانەمەڕ، لاوێکی کورد بە ناوی «شەهاب ئاجی» کوڕی «حوسێن»، تەمەن ٢٣ ساڵ و خەڵکی گوندی «گەرگول» و دانیشتووی نەغەدە، پاش بانگهێشتکردنی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ، دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ١ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئیسلام ئەنباخوون» خەڵکی گوندی «کوڕانە»ی ناوچەی تەرگەوەڕی ورمێ، لەلایەن هێزە لیباس شەخسییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

بەرپرسی پۆلیسی ئاگایی هێزە ئینتزامییەکانی پارێزگای ئیلام باسی لە دەسبەسەریی دوو کەس کە بەڕێوەبەرانی پەیجی «ئینیستاگرام» لە شاری ئیلام بوون، کرد.

لە سەرەتای مانگی ڕەمەزانەوە، ٦ چالاکی ئایینی بە ناوەکانی «پەیمان و محەممەدعەلی ئێران پەنا، فوئاد زارعی، ڕەزا تەلیوار، مامۆستا محەممەد سۆهەیب عەلیمۆرادی و سەید محەممەد حوسێنی»، لە قوتابخانەی ئایینیی مزگەوتی «ئیبراهیم خەلیلوڵڵا» لە گەڕەکی «کانی کوزڵە»ی سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراون.

ڕۆژی پێنجشەممە ٨ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «شارام مستەفاپوور» خەڵکی گوندی «ماوانە»ی ناوچەی تەرگەوەڕی ورمێ کرایە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە نیزامییەکان پاش بریندارکردنی ئەو هاووڵاتییە کوردە، ناوبراویان دەسبەسەر کردووە.

ڕۆژی یەکشەممە ١١ی جۆزەردان، چالاکێکی کورد بە ناوی «سەعید ئیقباڵی» خەڵکی کرماشان، پاش سەردانی لە لقی ١ی جێبەجێکردنی تاوانە کەیفەرییەکانی دادسەرای ئەمنییەتیی تاران، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی ٥ ساڵ زیندانییەکەی ڕەوانەی بەندی دابڕگەی زیندانی ئێڤین کرا.

ڕۆژی یەکشەممە ١١ی جۆزەردان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عومەر خاکزاد» کوڕی «حاسڵ»، خەڵکی گوندی «شێلم جاڕان»ی شاری پیرانشار لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

### داسەپاندنی حوکمی زیندان بە سەر هاووڵاتییان:

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئیرەج سۆفی محەممەد» کوڕی «ئیبراهیم» و خەڵکی مەهاباد، لەلایەن لقی ٢ی دادگای ئینقلابی ورمێ بە سەرۆکایەتیی «شێخلوو»، بە ١٥ ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، حوکمی ٥ ساڵ زیندانیی تەعزیری هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سدیق سەیفی» خەڵکی شاری دیواندەرە لە دادگای پێداچوونەوەی سنە، پشتڕاست کرایەوە.

لقی ٢ی دادگای ئینقلابی شاری کرماشان، چوار چالاکی فەرهەنگیی کوردی بە ناوەکانی «شەهریار تەهماسبی و ئەردەشیر مووسەوی خەڵکی کرماشان، مستەفا باقری ئاشنا خەڵکی کەنگاوەر و ئەرسەلان هیدایەتی خەڵکی قوروە»، هەر کامەیانی بە ٩ مانگ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرد.

لقی ٢٦ی دادگای ئینقلابی تاران، حوکمی ٥ ساڵ زیندانیی تەعزیری و دوو ساڵ قەدەغەکردن لە ئەندامیەتی لە گرووپە سیاسییەکانی بۆ «سەکینە پەروانە» هاووڵاتیی کوردی خەڵکی خۆراسان بڕییەوە.

ڕۆژی پێنجشەممە ٨ی جۆزەردان، لاوێکی کورد بە ناوی «ئالان بەنگین» تەمەن ٢١ ساڵ و خەڵکی گوندی «کانی ڕەش»ـی شاری شنۆ، لەلایەن دادسەرای نیزامیی شاری تەورێزەوە بە ٥ مانگ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا.

لقی یەکی دادگای ئینقلابی کرماشان، حوکمی ٥ ساڵ زیندانیی تەعزیری بۆ «ڕەسووڵ کەریمی»، یەکێک لە دەسبەسەرکراوانی ناڕەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ٩٨، بڕییەوە.

### کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:

ڕۆژی پێنجشەممە ١ی جۆزەردان، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی جێگیر لە پایگای «بێتووش» ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری ئەو شارەیان دایە بەر دەسڕێژی گوللە. لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی «مەنسوور ئیسماعیلی» تەمەن ٣٠ ساڵ خەڵکی گوندی «باغی» و «بەختیار حەسەننژاد» تەمەن ٣٢ ساڵ خەڵکی گوندی «شەڵماش»ی شاری سەردەشت پێکران.

ڕۆژی چوارشەممە ٣١ی بانەمەڕ، هێزەکانی ئەرتەشی تورکیە لە بەرزاییەکانی «خەجێ خاتوون» دەستڕێژییان لە ژمارەیەک کاسبکاری کورد کرد و لە ئاکامدا، کاسبکارێکی کورد بە ناوی «قادر یادسار» تەمەن ٢٢ ساڵ خەڵکی گوندی «دێم قشڵاق»ـی شاری ماکۆ، گیانی لەدەست دا و سێ کاسبکاری دیکە لەو ڕووداوەدا پێکران.

ڕۆژی یەکشەممە ٤ی جۆزەردان، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران ژمارەیەک لە کۆڵبەرانیان لە سنووری سۆما و برادۆستی ورمێ کردە ئامانج و بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئەرسەلان ئەحمەدی» کوڕی «حاکم» گیانی لەدەست دا و هەروەها دوو کۆڵبەری دیکە بە ناوەکانی «توران و ڕەدوان ئەحمەدی» کوڕی «عەبدولخالق»، بەسەختی لەو ڕووداوەدا پێکران.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٦ی جۆزەردان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «فیاد ئەحمەدی» کوڕی سادق خەڵکی گوندی «کوران»ی ناوچەی سۆما و برادۆست، بە تەقەی هێزەکانی ئەرتەشی تورکیە لە سنووری ورمێ پێکرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٨ی جۆزەردان، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە نزیک گوندی «کەرکوش»ـی بەخشی «سەفاییە»ی شاری خۆی، لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە دەسڕێژییان لێ کرا و لە ئەنجامی تەقەی ئەو هێزانەدا، «موحسێن دروێش زادە و ئیبراهیم جوردیزەج» گیانیان لەدەست دا.

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ٨ی جۆزەردان، سێ کاسبکاری کورد لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە بەرزاییەکانی سنووری پیرانشار، بەسەختی بریندار بوون. شوناسی ئەو سێ کاسبکارە، «کامیل قادری، کەماڵ گەوهەری تەمەن ٢٣ ساڵ و ڕەسووڵ چەپلەک» و خەڵکی پیرانشار ڕاگەیەندراوە.

ڕۆژی هەینی ١٠ی جۆزەردان، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری «چۆمان»ـی بانە کەوتنە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران و لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «عەلی خدرزادە» خەڵکی گوندی «کۆڵکەڕەشی سەرێ»ـی شاری سەردەشت بریندار بوو.

### گیان لە دەستدان و بریندار بوونی کرێکاران:

چەند ڕۆژ پێش، کرێکارێکی کوردی خەڵکی سەقز، لە تاران تووشی ڕووداوی کار بوو و بەو هۆیەوە گیانی لەدەست دا. شوناسی ئەو کرێکارە کوردە، «محەممەد فەیزپوور» خەڵکی سەقز ڕاگەیەندراوە.

### بێبەریکردنی زیندانیانی سیاسیی لە مافی مۆرەخەسی:

دوو زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی ئەردەبێڵ بە ناوەکانی «حەسەن جووجەگەڵوانی» کوڕی «ئەحمەد» و «واحید بێهبەهانی»، لە ماوەی زیندانیکرانیان هەتا ئێستا، لە مافی مۆرەخەسی وەرگرتن بێبەشن.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، بەرپرسانی زیندانی ئەردەبێڵ بە شێوەی بەردەوام داخوازیی مۆرەخەسیی ئەو دوو زیندانییە سیاسییە کوردە ڕەت دەکەنەوە.

### خۆکوژی ژنان و پیاوان:

ڕۆژی شەممە ٣ی جۆزەردان، کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ بە ناوی «موفیدە حەسەن نژاد» کچی «حەسەن»، خەڵکی گوندی «قەبەغلوو»ی شاری سەقز، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی یەکشەممە ٤ی جۆزەردان، لاوێک بە ناوی «محەممەد گەڕاڤەند» کوڕی «عەباسعەلی»، تەمەن ١٨ ساڵ و خەڵکی گوندی «شێخماخۆ»ی شاری دەڕەشاری پارێزگای ئیلام، لە ڕێگای خۆسووتاندنەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی دووشەممە، لاوێک بە ناوی «حاسڵ ئاڵتوون» کوڕی «جەلال»، تەمەن ١٩ ساڵ و خەڵکی پیرانشار، بەهۆی کێشەی خەمۆکییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی دووشەممە ٥ی جۆزەردان، کچێکی لاو خەڵکی گوندی «سیاقوڵی سەرێ»سەر بە شاری مەهاباد بەهۆی کێشەی بنەماڵەییەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

### بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئیتلاعاتییەکان:

ڕۆژی چوارشەممە ٣١ی بانەمەڕ، چالاکێکی کۆمەڵایەتیی خەڵکی سنە بە ناوی «سامان قادرنژاد»، لەلایەن ستادی خەبەری ئیتلاعاتی شاری سنەوە بانگهێشت و لێپرسینەوەی لێکرا.

هەروەها مامۆستا «حوسێن عەلیمورادی»، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئایینیی مزگەوتی «ئیبراهیم خەلیلوڵڵا» لە سەرەتای مانگی ڕەمەزاندا بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە کراوە و لەلایەن مەئموورانی ئەو ناوەندە ئیتلاعاتییە لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا.

لقی ٥ی دادوەریی لێکۆڵینەوەی دادسەرای گشتی و ئینقلابی سەقز، هەڵگرتنی بڕیاری داواکردنی «منع تعقیب»ی بۆ «مەحموود ساڵحی و عوسمان ئیسماعیلی» لە چالاکانی کرێکاری ئەو شارە دەر کرد.

پۆلیسی ئەمنییەتیی سەقز بە تۆمەتی «تێکدانی نەزم و ئاسایشی گشتی و تێکدانی بیروڕای گشتی»، سکاڵای لەسەر ئەو دوو چالاکە کرێکارییە تۆمار کردووە.

ڕۆژی چوارشەممە ٧ی جۆزەردان، سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «خوسرەو فەرەهمەند، محەممەد پەروازە کوڕی ڕەشید و محەممەد ئەفرا کوڕی ئەحمەد» خەڵکی گوندی «نێ»ی مەریوان بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوان کران.

### لە ساڵی ٧٠ هەتا ٩٨، ٥٢ زیندانیی سیاسی لە زیندانی ناوەندیی ورمێ ئێعدام کراون

بەرپرسانی زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ لە ساڵی ٧٠ هەتا ٩٨، حوکمی ئێعدامکردنی ٥٢ زیندانیی سیاسییان جێبەجێ کردووە.

عوسمان مستەفاپوور؛ زیندانیی سیاسیی کورد لە وتووێژێکدا لەگەڵ ئاژانسی کوردپا لەو بارەیەوە ڕایگەیاند: «لە ماوەی زیندانیبوونی مندا لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ، ٥٢ زیندانیی سیاسی ئێعدام کراون».

ئەو زیندانییە سیاسییە هەروەها دەڵێت: «ئەو زیندانییە سیاسییانە بە تۆمەتی «ئەندامبوون لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپوزیسیۆنی حکوومەتی ئێران و پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتە دوژمنکارەکان لەلایەن دادگای ئینقلابی ورمێ بە ئێعدام مەحکووم کرابوون».

عوسمان مستەفاپوور لەو وتووێژێکدا، لەگەڵ کوردپا ڕایگەیاند: «زیندانییانی سیاسی لە دادگای ئینقلابی ورمێ لە دادگایەکی چەند خولەکیدا، بە ئێعدام مەحکووم و لە کۆی ئەو ٥٢ زیندانییە سیاسییە، ٣٣ زیندانیی سیاسی بە تۆمەتی هاوکاری و ئەندامبوون لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئێعدام کراون».

مانگی بانەمەڕی ئەمساڵ، عوسمان مستەفاپوور»، زیندانیی سیاسیی کورد، بەهۆی گوشاری ئیدارەی ئیتلاعاتی پیرانشار، زێدی خۆی بەجێ هێشت.

«عوسمان مستەفاپوور»، پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی لە ناوچەی «تەرگەوەڕ»ی ورمێ دەسبەسەر کرا و دواتر بە تۆمەتی «ئەندامبوونی لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران» بە ٢٥ ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا.

کۆتاییەکانی ساڵی ٩٢ی هەتاوی پاش ٢٣ ساڵ دەسبەسەری، لقی یەکی دادگای ئینقلابی ورمێ بە سەرۆکایەتیی دادوەر «چابۆک»، حوکمی زیندانیی «عوسمان مستەفاپوور»ی بۆ ٣٥ ساڵ زیندانیی تەعزیری گۆڕی.

دەزگای دادوەریی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، حوکمی ١٠ ساڵ زیندانیی بۆ ئەو هاووڵاتییە کوردە بەهۆی شەڕکردن لەگەڵ سپای پاسداران بڕییەوە.

ڕۆژی پێنجشەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ٩٨، «عوسمان مستەفاپوور» و «محەممەد نەزەری»، پاش ٥٣ ساڵ زیندانی، لە گرتنگەی ناوەندیی شاری ورمێ ئازاد کران.

عوسمان مستەفاپوور ناوی زیندانییانی سیاسیی ئێعدام کراو لە ساڵی ٧٠ هەتا ٩٨، بۆ ئاژانسی کوردپا ئاشکرا کرد کە بەم چەشنەیە:

ئەحمەد ڕەسووڵی، مەلاجاسم دڵنشین، ئەیووب جەهانگیری، ئەبووبەکر خدری، سەلام قاسمی، شەهابدین یارمحەممەدی، عەوەز، ڕەحیم، محەممەدئەمین، سەنار، حوسێن قولیزادە، خالید بایەزیدی، مەدەنی ئیمامی، ڕەشید بابەکری، سەید ئیبراهیم تاهێری، عەبدوڵڵا ئەمینی، سەید کەریم ڕاج، ئەحمەد خدری، مەجید سڵدوزی، ڕەحمان ڕەجەبی، سەید جەمال قورەیشی، خالید شەوقی، حەمزە قادری، ئەنوور جەوانمەردی، جەلیل زیوەیی، قادر شەهامەت، کەریم عەبدوڵڵاپوور، کازم میرزایی، حەسەن سوڵتە، عومەر سوڵتە، حوسێن تورک زبان، پەرویز تورک زبان، مەنسوور ئاروەند، سەلیم سابیرنیا، مستەفا قادری، ئیسماعیل محەممەدی، عەلی ئەفشار، ڕزگار ئەفشار، محەممەد عەبدوڵڵاهی، حەسەن حیکمەت جەمیل، حوسێن خدری، حەبیب گوڵپەریپوور، سیروان نژاوی، بێهروز ئاڵخانی، محەممەد پەنجوێنی، ئەرسەلان چەمچەماڵی، ڕەسووڵ باوەند، خدر مەحموودی، مێهدی قاسمزادە، یووسف عەزیز فەتاح، مەحموود زەڵفەقاری و زاهیر مستەفا.